# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٢٨٨)- (١١)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١

## #جەماوەر_گرەوەکەی_بردەوە

## بڕیاری گەل
## شکۆی هەرێمی کوردستانی
## گێڕایەوە بۆ دەستێکی ئەمین







www.gulan-media.com

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان



بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone







بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

## پ.د. شێرزاد نەجار



### ئایا ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانیانەی ئەنجام دران، بنیاتنانەوەی دەوڵەتێکی کارایان لە عێراق لێ دەکەوێتەوە؟

## دکتۆر محمد شوکری



### وەبەرهێنان.. بەرفراوانبوون و گەشەکردن

## پرۆفیسۆر دکتۆر جەوهەرفەتاح سەعید:



### سیاسەتی حکومەت ئەوەیە زۆرترین قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگا حکوومییەکان وەربگیرێن

## رامی نوری:



### بەقەزابوونی عەنکاوە پێگەی کوردستان بۆ پێکەوەژیانی ئایینی و ئاشتەوایی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز دەکات





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
ئارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -رووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری

***Web: www.gulanmedia.com***



پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بووەتە ناسنامەی کوردستان لە سەر ئاستی جیهان



لە پرۆسەی خوێندن قەرەبووکردنەوەی وانە لە دەستچووەکان بە پێویست دەزانرێت

پریڤە ڕزگار:

ئەگەر گرنگی بە یاریزانەکانی خۆمان بدەین پێویستمان بە یاریزانی بیانی نابێت



وێبکەمێک روخساری بەکارهێنەرەکەی دەناسێ



ئایا دەتوانیت ڤاکسینی کۆرۆنا وەربگریت ئەگەر نەخۆشیی ڕۆماتۆیدیی جومگەکانت هەبێت ؟



چیمەن رەحمانی :

تەکنۆلۆژیا بۆ هونەر چەکێکی دوو لایەنەیە لە یەک کاتدا سوود و زیانیشی هەیە





### هەڵمەتێکی هەڵبژاردنی هێمن و ئاست بەرز
### سەرکەوتنێکی گەورە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان

# بڕیاری گەل
# شکۆی هەرێمی کوردستانی
# گێڕایەوە بۆ دەستێکی ئەمین



لە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئاستی چوار هەفتەی بانگەشەی گەرمی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، وەرچەرخانێکی گەورەی دروست کرد و، زۆر بە هێمنی و بە ئاستێکی بەرزی بڕوا بەخۆبوون هەڵمەتەکانی درێژە پێدا و هەم کۆتایی بە سەردەمی جنێو و تەشهیر هێنا، هەم کۆتاییشی بەو ژینگە ناتەندروستە هێنا بەوەی «دژی پارتی بە، بۆ ئەوەی دەنگ کۆبکەیتەوە»، بەمەش ژینگەیەکی تەندروستی بۆ سەقامگیریی پرۆسەی سیاسی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە کوردستان دروست کردەوە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە گەلی کوردستان لە سەر سندوقەکانی دەنگدان سوپرایزی سەرکەوتنێکی گەورە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان تۆمار بکەن.

ئەم سەرکەوتنە گەورەیە کە بەپێی ئاکامە بەراییەکانی سندوقەکانی دەنگدان دەگاتە ڕێژەی «٥٠+١» کۆی دەنگدەرانی گەلی کوردستان بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گەلی کوردستان متمانەیەکی گەورەی بە پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەرەکەی مسعود بارزانی هەیە و، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە پارێزەری ڕاستەقینەی گەل و خاکی هەرێمی کوردستان، تەنیا پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەوجا ئەم پاراستنە ڕۆژانێك پێویستی بە داستانەکانی «پردێ و سحیلا و مەحموودیە» بووبێت لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، یان ڕۆژانێك پێوستی بە خەباتی پەرلەمانی و داکۆکیکردن لەسەر مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان بووبێت لەناو تەلاری ئەنجومەنی

نوێنەرانی عێراقدا، ئەوا ئەو ئەرکەش هەر ئەو پەرلەمانتارانە ئەنجامیان داوە کە کاندیدی پارتی و بارزانی بوون و بە دەنگی گەلی کوردستان نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستانیان کردووە.
بۆ ئێستای پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا کە «عێراق» وەك دەوڵەت لە دووڕیانی بەرەو «بونیادنانەوەی دەوڵەت و، پاشاگەردانی و نادەوڵەتی»دایە، ئەم متمانەیەی گەلی کوردستان بۆ سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان، نەخشە ڕێگەیەکی تازە بۆ «بەشداری و هاوسەنگی»ی گەلی کوردستان لە ناو پرۆسەی سیاسیی داهاتووی عێراق دروست دەکاتەوە و، زەمینە و ژینگەیەکی تەندروست دێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکان و نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بە یەکڕیزی لە چوارچێوەی ئەو نەخشە ڕێگە تازەیەدا خۆیان لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ببیننەوە و، داکۆکی لە مافە دەستوورییەکانی خۆیان بکەن و، وەك تەواوی سەرکردەی هێزە سیاسییەکانی عێراقیش «بە سوننە و شیعە»وە ئەو قەناعەتەیان لا دروست بووە، کاتێك بارزانی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان دەکات و، وشەی کۆتایی دەبێتە بڕیاری سەرۆك بارزانی بۆ شێوازی بەشداریی گەلی کوردستان لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەوا زۆر بە ڕاشکاوی ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە «سەرۆك مسعود بارزانی ئەو ڕابەرەیە بڕوایەکی گەورەی بە چارەسەری ئاشتییانەی تەواوی کێشەکانی عێراق و کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە، بەڵام هەرگیز لەسەر مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان سازش ناکات.
گەلی کوردستان بە دووبارە پێدانەوەی ئەم متمانە گەورەیە بە پارتی دیموکراتی کوردستان، جارێکی دیکە بۆ تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراقیان دووپات کردەوە، کە قسە و بڕیاری کۆتایی بۆ بەشداریی گەلی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی داهاتووی عێراقدا هەر لای سەرۆك بارزانی-یە و هەر سەرۆك بارزانی ئەو دەستە ئەمینەیە کە لەسەر بنەمای بەرنامەی داهاتووی هاوپەیمانیی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بڕیار دەدات، نەك لە سەر ناوی ئەو کەسەی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی داهاتووی حکومەتی عێراق ڕادەسپێردرێت.
کاریگەریی ئەم متمانە گەورەیەی گەلی کوردستان کە جارێکی دیکە دایەوە بە پارتی دیموکراتی کوردستان، هێز و لایەنە سیاسییەکانی عێراق بە گشتی و، هیز و لایەنە سیاسییەکانی شیعەی بەتایبەتی خستووەتە بەردەم دووڕیانێکی زۆر چارەنووسساز، ئەویش ئەوەیە: یان دەبێت لە سەر ئەو نەخشە ڕیگەیە پرۆسەی سیاسیی عێراق ڕێك بخرێتەوە کە پێش زیاتر لە ١٠ ساڵ سەرۆك مسعود بارزانی بە ناوی «ڕێککەوتنی هەولێر بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق» ئیمزای لەسەر کردووە و، ئەو ڕێککەوتنە داوای ئەوە دەکات کە کۆی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە چوارچێوەی دەستووری عێراق ڕێك بخرێتەوە و دەستوور وەك یەك پاکێج جێبەجێ بکرێت و بە ئینتقائییانە مامەڵە لەگەڵ دەستوورەکە نەکرێت، یان ئەوەیە وەك بینیمان دوای پێشێلکردنی «ڕێککەوتنی هەولێر» عێراق بەرەو چ کارەسات و شکستێك هەنگاوی هەڵگرت و، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، نەیانتوانیوە ئەو شکستە ڕاست بکەنەوە، ئەم شکستەی دەوڵەتی عێراق لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ددانی پێدا نراوە، هەر بۆیە لە ئێستادا ڕێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی تیرۆریستانی داعش، هەموو هیوای خۆیان لە سەر ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە دارشتووە و، داوا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کراوە، شەرعییەتی ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە پەسەند بکات، ئەمە مانای ئەوەیە هەوڵەکان بۆ دووبارە بونیادنانەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و جێبەجێکردنی دەستووری ٢٠٠٥ وەك یەك پاکێج و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، دەچێتە ئاستێکی نێودەوڵەتی و، پشتیوانیی نێودەوڵەتی بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵدەگرێت کە سەرۆك بارزانی لە «ڕێککەوتنی هەولێر ٢٠١١» نەخشەی ئەو دەوڵەتە فیدراڵییەی تێدا دارشتووە.
ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت: دەنگدانی گەلی کوردستان بە پارتی و بارزانی، پشتیوانییەکی گەورەی بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان دروست

کردەوە و، گەلی کوردستان سەلماندیان متمانەیان بەو ڕێبەرەیە کە بڕوای بە ئاشتییە و سازش لەسەر مافەکانی گەلی کوردستانیش ناکات.

لایەنی دەسەڵاتدار و ئەو لایەنەی کە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق ڕادەسپێردرێت، یەکێك لەو لایەنە شیعەیانە دەبێت کە پێش ڕاسپاردنی بۆ پێکهینانی حکومەت دەبێت هاوپەیمانییەکی گەورە لە ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق پێکبهێنێت، ئاشکراشە پێکهێنانی هاوپەیمانیی گەورەش «بۆ پێکهێنانی حکومەت» وەك لە دوای ساڵی



٢٠٠٣وە هەر بەو جۆرە کە بێ ڕەزامەندیی بارزانی دروست نابێت، ئەوا ئەمجارە ڕازامەندیی بارزانی دەبێتە دوایین دەرفەت بۆ حوکمڕانیی شیعە لە عێراقدا و ئەگەر ئەو بەرنامەیەی بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق دایدەڕێژن و ئەو بەڵێنانەی بۆ جێبەجێکردنی دەستوور وەك یەك پاکێج ئیمزای لەسەر دەکەن.

کەرنەڤاڵی سەرکەوتنی گەلی کوردستان و ئەو متمانە گەورەیەی بە پارتی دیموکراتی کوردستانیان بەخشی، لەوە گەورەترە، پشکی گەلی کوردستان لە تەواوی پرۆسەی سیاسیی عێراقدا (سەرۆك کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان) چەند دەبێت و، چ پۆستێك بە نوێنەرانی گەلی کوردستان دەدرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە مەرجی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ بەشداریی گەلی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی داهاتووی عێراقدا مەرجدارە بەوەی بەرنامەی داهاتووی هاوپەیمانیی کوتلەی گەورە بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق لەسەر بنەمای دەستوور و دووبارە گێڕانەوەی دەوڵەتی عێراق بێت بۆ چوارچێوەی ئەو دەستوورەی ٨٠٪ی گەلی عێراق دەنگی پێ داوە و ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش پشتگیریی جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە دەکات، لەگەڵ ئەوەی زۆر لە شرۆڤەوانان و چاودێرانی سیاسی لەو بڕوایەدا نین، ئاستی سەرکردە سیاسییەکانی ئێستای شیعە گەیشتبێتە ئاستی کامڵبوونی ئەو دەوڵەتمەدارییەی بە ئاستی کێشەکانی دەوڵەتی عێراق بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکان بکەنەوە و عێراق وەك دەوڵەت لە هەڵدێری شکست بگێڕنەوە، بەڵام هەموو لە سەر ئەو ڕایە هاودەنگن، کە لۆژیك و لێهاتوویی بارزانی وەك دەوڵەتمەدارێکی سەرکەوتوو، ئەو ئیرادەیەی هەیە کە هەرێمی کوردستان لە ناو شکستی دەوڵەتی عێراقدا بپارێزێت.

جارێکی دیکە پیرۆزە ئەم سەرکەوتنەی گەلی کوردستان، ڕاستە گەلی کوردستان متمانەیەکی گەورەی بە پارتی دیموکراتی کوردستان داوە، بەڵام ئەم متمانەیە تەنیا سەرکەوتن نییە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو سەرکەوتنە بۆ تەواوی گەلی کوردستان و گێڕانەوەی شکۆی قەوارەی هەرێمی کوردستانە بۆ دەستە ئەمینەکە کە ئەویش ڕابەرایەتیی «سەرۆك مسعود بارزانی»یە.


PS 6166

# ئایا ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانیانەی ئەنجام دران، بنیاتنانەوەی دەوڵەتێکی کارایان لە عێراق لێ دەکەوێتەوە؟



پ.د. شێرزاد نەجار
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

**(ئەگەر میللەتێک لە خواوەند هەبوایە بە ڕێگای دیموکراسی حوکمڕانیی خۆی دەکرد، ئەم جۆرە حوکمڕانییە کە گەیشتووەتە پلەی کامڵبوون بۆ ئادەمیزاد دەست نادات.)**

**جان جاک ڕۆسۆ**

**دیموکراسیی نوێ بریتییە لە حوکمڕانیی کەمینەیەکی هەڵبژاردە لەمیانی پرۆسەی هەڵبژاردندا**

## ● ١- لە پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و هەڵبژاردندا

لە سەردەمی نوێدا چەمکی نوێی دیموکراسی کە «دیموکراسیی نوێنەرایەتی»یە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەسەڵات لە دەوڵەتدا پشت بە پرەنسیپە سیاسییەکان دەبەستێت بۆ هاووڵاتیان، واتا بە ڕای میللەت، بە تایبەتی ڕای زۆرینە، دواتر ئەمە بەندە بە مەسەلەی لێپرسینەوەی حوکمڕانان لەلایەن حوکمڕانیکراوەکانەوە، ئەم چەمکانە لە چوارچێوەی تیۆرە جیاجیاکانی دیموکراسی و جیاواز لە ئاراستەی هەڵسەنگاندندا دەرکەوتن، بەڵام ئەم هەموو چەمکە جیاوازانەی دیموکراسی کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردن میکانیزمێکی جەوهەری بەدەستهێنانی دیموکراسییە، هەروەها ئەرکی جەوهەریی هەڵبژاردن بریتییە لە هێنانەئارای ناو بە ناوی دەستەبژێرێکی حوکمڕانی هەڵبژێردراو لەلایەن میللەتەوە، کە دەکەوێتە ژێر لێپرسینەوە و چاودێریی میللەتەوە.

هەڵبژاردن میکانیزمێکە بۆ ئەوەی بژاردە تاکییەکان بگۆڕێت بۆ بڕیارە بەکۆمەڵەکان. کەواتە هەڵبژاردن پرۆسەیەکی دیموکراسییە بۆ هەڵبژاردنی حوکمڕانان لەلایەن حوکمکراوانەوە، ئەم دۆخەش بەرجەستەکردنی بیرۆکەی «دیموکراسیی نوێنەرایەتی»یە، کە لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە ئامادەکردنی (دەستەبژێرێك) کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو حوکم دەکەن، هەروەها ئەم دۆخە گوزارشتە لە مافی سیاسیی هاووڵاتی و وەدیهێنانی ئێرادەی ئازادیی تاکە کە لەسەر یەکسانی بنیات نراوە.

تێبینی ئەوە دەکرێت کە لە سایەی سەرکەوتنی دیموکراسییە تازەکاندا، پرۆسەی هەڵبژاردن زیاتر کارا بووە و ڕۆڵ و ئەرکی گرنگ و پێویستی هەیە بۆ بنیاتنانی سیستەمی دیموکراسی کە گوزارشتکردنە لە ڕای میللەت. کەواتە هەڵبژاردن، هەروەك فەقیهی فەرەنسی (دۆڤرجێە) دووپاتی دەکاتەوە بریتییە لە (بناغەیەکی چەسپاوی دیموکراسی بۆ هەڵبژاردنی حوکمڕانان).

بە ڕای بیرمەند (هنتنگتن) هەڵبژاردن بریتییە لەو ڕێگایەی کە دیموکراسی کاری پێ دەکات، جا بۆ ئەوەی هەڵبژاردن کاریگەریی هەبێت، کارەکە دەخوازێت کەسانێکی شایستە لە پرۆسەی هەڵبژاردن دابنرێن، تاکو ببنە دەستەبژێرێکی حوکمڕانی بەتوانا و کارامە. چونکە هەڵبژاردن هەروەك (ماکس ڤایبەر) دووپاتی دەکاتەوە لەپێناو هەڵبژاردنی سەرکردەگەلێکی سیاسییە. ئەمەش بە واتای ئەوەی کە دیموکراسیی نوێ بریتییە لە حوکمڕانیی کەمینەیەکی هەڵبژاردە لەمیانی پرۆسەی هەڵبژاردندا، هەروەها ڕۆڵی جەماوەر تایبەتە بە هەڵبژاردن لەنێو ئەو ناوانەی بەربژێرن و لەلایەن حزبە ڕکابەرەکانەوە دەخرێنە ڕوو، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە دەنگدەران بە بڕیارەکانی تاکەکەسییان ڕای خۆیان لەسەر بەربژێران دەدەن.

لێرەدا مەسەلەیەکی گرنگ لە فیکری سیاسی دەورووژێنرێت کە بریتییە لە: چۆن دەکرێت بێ هیچ ساختەکارییەك بژاردە تاکییەکان بگۆڕدرێن (بۆ نموونە: بژاردەی دەنگدەران)، بۆ بڕیاری بەکۆمەڵی هاوکاری ( بۆ نموونە: ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆمار)؟

ئەم پرۆسەی گۆڕینە لە بژاردە تاکە کەسییەکانەوە بۆ بڕیارە بەکۆمەڵەکان، ڕەشبینیی پێوە دیاردەبێت، چونکە تیۆری ئابووریی دیموکراسی دەری خستووە کە ئامانج لە گۆڕینی ئیرادە و بژاردە تاکە کەسییەکان زەحمەتە بێتە دی، ئەم زەحمەتییەش لەو گریمانەدایە کە دەڵێت: لە سیاسەتدا دەرفەتی کەم هەیە بۆ بیناتنانی زۆرینەیەکی جێگیر و بەردەوام و پەرەپێدان و جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی چەسپاو و یەکترگری سیاسی، چونکە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان زۆرو فراوانن ئەوانەشی کە مافی دەنگدانیان هەیە لە ڕووی ئەو ئاراستەوەی کە پێویستە دەنگیان بدەن، یەککگرتوو نین.

(هەڵبژاردنی عەقڵانی ) دەری دەخات کە ڕێکارەکانی دیموکراسی و پرۆسەی دەنگدان پرەنسیپەکانی ئیرادەی زۆرینە پێشێل دەکەن کە ڕوون و بەردەوام و ساختە نین، پرۆفیسۆر (ریکەر Riker) ئەم بابەتەی بەم شێوەیە ڕوون کردووەتەوە:

ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بە کۆمەڵگەوە و لەسەر بنەمای زۆرینە وەرگیراون، ناکرێ لە ڕووی لۆژیکەوە یەکگیر بن، یان وەك ئەنجامی شتێکی گەورە وەربگیرێت وەك کۆمەڵگە، یان گەل. کێشە گەورەکەی دیموکراسی بریتییە لە بوونی ئەگەری دەستکاریکردنی ئەنجامەکانی بڕیارگەلی زۆرینە، لەسەر ئەو شێوەیەی کە جیاوازە بچووکەکان لە پەیکەربەندی و بەڕێوەچوون و ناوەڕۆکی ڕێکارەکانی وەرگرتنی بڕیار ئەنجامگەلی جیاوازیان لێ دەکەوێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بەو واتایە نییە کە دیموکراسی بێ بەهایە، بەڵکو ئەو بەهایە لە پاراستنی مافەکاندا لە میانی دەنگداندا دەردەکەوێت، وێڕای ئەمەش، ئەنجامەکانی دەنگدان دەری دەخەن کە زۆرینە زۆرجار زۆرینەی ناجێگیرە و دواجار (زۆرینەی جووڵاو) مان بۆ پەیدا دەبێت.

زۆرینە بە گشتی کێشەیەکی دیکە دێنێتە ئاراوە کە ئەو کێشەیە(ئەلێکسی دی تۆکفیل١٨٠٥-١٨٥٩ A.de Tocqueville ) لە کتێبەکەیدا (دیموکراسی لە ئەمریکا ١٨٥٦) باسی دەکات و بە (زاڵبوونی زۆرینە) ناوی بردووە، ئەمەش لە سەردەمێکی کۆنەوە بیروبۆچوونی لایەنگرانی دیموکراسی خەریک کردووە. کەواتە، لە سایەی هەلومەرجێکی دیاریکراودا دیموکراسی دەتوانێت بۆ سیستەمێك بگۆڕێت کە کەمینە کۆنترۆڵی زۆرینە بکات.

تێبینی ئەوە دەکرێت کە زۆرینە بە تایبەتیش زۆرینەی سادە دەبێتە بناغەیەك بۆ وەرگرتنی بڕیار کە لە دۆخی نموونەیی دوورە، پیادەکردنی ئەم بناغەیە (بناغەی زۆرینەی سادە) دەبێتە هۆی خوڵقاندنی دۆخێك کە پێی دەگوترێت «زۆرینەی ناوبەناو» دواتر بۆ دەسەڵاتی کەمینە.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشەوە: دەتوانرێت چی بەرامبەر ئەم واقیعە بکرێت؟

پرۆفیسۆری ئەڵمانی (مانفرید شمدت) دەڵێت: نابێت هیچ نەکرێت، چونکە ئەو شتە خۆی لە خۆیدا سەرکێشییە، بە شێوەیەك نابێت دەستبەرداری پرۆسەی دیموکراسی بین (پرۆسەی دەنگدانی دیموکراسی)، بۆیە چارەسەرێکی مامناوەندی هەیە بۆ ئەم مەسەلەیە، ئەویش (فراوانکاری لە پرەنسیپی زۆرینە) لە میانی چارەسەرکردنی ململانێیەکان لە ڕێی وتووێژی دیموکراسی، یان کێبڕکێی دیموکراسی، یان بەکارهێنانی ڕێگایەکی تازەی پرۆسەی دەنگدان وەك ڕێکخستنی گرووپەکانی پلەبەندی، کە ڕێگە بە دەنگدەران دەدات کە گوزارشت لە بژاردەی تەواوی خۆیان بکەن و، لە بژاردەکان قوتاریان دەکەن کە پەیوەستن بە ڕێکەوت و دەنگدان و ڤیتۆ و دەنگدانی مەرجدار بە پێدانی باج.

تیۆری ئابووریی دیموکراسی لە هەڵبژاردنە عەقڵانییەکاندا ڕاسپاردەی لایەنە باشەکانی لیبراڵییەت و دامەزراوەکان دەکات، (بۆ نموونە: کۆتوبەندی قەبارە و ئاستی بڕیارە بەکۆمەڵەکان وەك کۆتکردنی توندی قەبارە و ئاستی دەسەڵاتەکانی حکومەت، دڵنیایی بە نەگۆڕینی مافە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتی).

هەروەها پێدانی ماف بە هاووڵاتیان کە دەستپێشخەری بکەن لە پێشنیازکردنی دەرکردنی بڕیارەکان، هەروەها پێدانی ماف بە هاووڵاتیان لە ڕاپرسیی میللی لە سەر هەموو یاساکان، یان هەندێکیان).

دیموکراسی وەك چەمك ناکرێ تەنیا (دەسەڵاتی زۆرینە) دیاری بکات، چونکە لە لایەك چەمکی زۆرینە فرەواتایە، لە لایەکی دیکەوە دەرکردنی بڕیار بە شێوەی دیموکراسی دەکرێت، یان لە ڕێگەی کۆدەنگی، یان لە ڕێگەی چارەسەری مامناوەند دەبێت، هەروەها دیموکراسیی زۆرینە دەکرێ ببێتە (دیموکراسیی ئازاد)، ئەویش بە لێککەوت لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیکە، وەك: مافی کەمینەکان، واتا مافی ئۆپۆزسیۆن، مافە بنەڕەتییە جێگیرەکان، دادگا دەستوورییەکان کە دەتوانن دەسەڵاتی یاسادانان لە سنووری خۆی بوەستێنێت کە پشت بە پرەنسیپی زۆرینەی دیموکراسی دەبەستێت، جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وەك هاوسەنگییەك لە نێوان دەسەڵاتەکاندا، بۆیە پرەنسیپی زۆرینە بووەتە مەرجێکی پێویست بۆ جێبەجێکردنی دیموکراسی و ئەرکی یاسادانان و جێبەجێکردنی دەوڵەت، هەروەها بووە بە ئامرازێکی هونەریی ئەو ڕێکارانەی دەبنە هۆی بنیاتنانی ڕای یەکگرتوو لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەك کە بەرژەوەندییە دژ بەیەکەکانی تێدایە.

کەواتە پرەنسیپی زۆرینە بریتییە لە بناغەیەکی بنەڕەتیی بنیاتنانی بڕیارە بەکۆمەڵەکان و بۆیە هەندێ بیرمەند پێیان وایە دیموکراسی لە ڕێی بنکەی زۆرینەوە پێناسە دەکرێت، لەوانەش (جوزێف شومپیتەر J. Schum-peter)، (برایس Bryce) ئەم بیرۆکەیە جارێکی دیکە لەلایەن (یونیس Jones)خرایەوە ڕوو.

خاوەنانی تیۆری دەستەبژێر پشتگیریی گرتنەبەری پرەنسیپی زۆرینە ناکەن، دواجار ئەوان لە بیروبۆچوونی خۆیاندا لەگەڵ ئەو پرەنسیپە ناگونجێن، هەروەها خاوەنانی ئەو ئاراستەیە کە پشتگیریی یەکسانیی هاووڵاتیان و یەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان ناکەن، ئەوان پرەنسیپی زۆرینە ڕەت دەکەنەوە وەك بناغەیەك بۆ دەرکردنی بڕیار.

تیۆری ڕەخنەگرانەی دیموکراسی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕێسای زۆرینە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی داواکاریی یەکسانی و ئەم حاڵەتەش کێشەی زۆرینە بەرجەستە دەکات و دواجار ڕەخنەی سەرەکی ئاراستە دەکات.

پرۆفیسۆر (گۆگنبێرگەر) وەك ڕەخنەگرێکی ڕێسای زۆرینە دەڵێت: ئێمە لەمێژە دوو کۆمەڵگەمان هەیە کە پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، تەنیا لە سنورێکی کەمدا نەبێت، لە زۆر حاڵەتیشدا بە هەمان زمان قسە ناکەن، واقیعیش بە پێوانەگەلی جیاواز دەپێون و لێکی دەدەنەوە بەپێی پۆلێنکاریی جیاواز کە لە بۆچوون و ئاوات و داخوازییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

ڕەخنەگرانی ڕێسای زۆرینە پێشنیار دەکەن کار بە پێوانەی فەیلەسووف (کانت ١٧٢٤-١٨٠٤) بکەن، سەبارەت بە (کاری ڕەوشتخوازی Kategorische Imper-tive)، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕەهەندەکانی ئاینده فراوان بن، لێرەدا پرۆفیسۆر (گۆگنبێرگەر) دەڵێت: لەسەر ئەم نەوەیە پێویستە شتە جێگیرەکان کە ناگۆڕێن و لەسەریان ڕاهاتووە بۆ نەوەی داهاتوو بەجێ نەهێڵێت.

**لە سیاسەتدا دەرفەتی کەم هەیە بۆ بیناتنانی زۆرینەیەکی جێگیر و بەردەوام و پەرەپێدان و جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی چەسپاو و یەکترگری سیاسی**

**دیموکراسیی زۆرینە دەکرێ ببێتە (دیموکراسیی ئازاد)، ئەویش بە لێککەوت لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیکە، وەک: مافی کەمینەکان، واتا مافی ئۆپۆزسیۆن، مافە بنەڕەتییە جێگیرەکان، دادگا دەستوورییەکان کە دەتوانن دەسەڵاتی یاسادانان لە سنووری خۆی بوەستێنێت کە پشت بە پرەنسیپی زۆرینەی دیموکراسی دەبەستێت**

**تیۆری ڕەخنەگرانەی دیموکراسی جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕێسای زۆرینە دەبێتە هۆی سنووردارکردنی داواکاریی یەکسانی و ئەم حاڵەتەش کێشەی زۆرینە بەرجەستە دەکات و دواجار ڕەخنەی سەرەکی ئاراستە دەکات**

**دەوڵەتانی لاواز- شکستخواردوو ڕووبەڕووی کێشەی (شکستی پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت) دەبێتەوە، دواجار دەبێتە سەرچاوەی زۆربەی کێشە پڕ مەترسیدارەکانی جیهان، عێراقیش وەک دەوڵەت لەم دۆخە بەدەر نییە**

## ● ٢- بنیادنانەوەی دەوڵەتی کارا لە عێراق

دەوڵەتانی لاواز- شکستخواردوو ڕووبەڕووی کێشەی (شکستی پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت) دەبێتەوە، دواجار دەبێتە سەرچاوەی زۆربەی کێشە پڕ مەترسیدارەکانی جیهان، عێراقیش وەك دەوڵەت لەم دۆخە بەدەر نییە، کەواتە بارودۆخی عێراق مایەی نیگەرانیی زۆرە، و زادەی چەندین فاکتەرە، بۆیە ئەم پرسیارە دێتەئاراوە: ئایا پرۆسەی هەڵبژاردن دەتوانێت بەشدار بێت لە چارەسەرکردنی ئەم دۆخە مەترسیدارە؟

زۆر لە توێژینەوەکان کە لەم بارەوە پێشکەش کراون، عێراق بەوە وەسف دەکەن کە: دەوڵەتێکی لەرزۆك و شکستخواردوو و لاواز و زەلیل و قووڵە، هەر یەك لەو زاراوانە بەڵگە و پاساوی خۆی هەیە، دەپرسین: چۆن دەتوانرێت دەوڵەتێکی کاراو بەهێز دروست بکرێت لە چوارچێوەی ئەم دۆخە ئاڵۆز و سەختە؟ ئایا لە بنەڕەتدا عێراق تا ئێستا خەون بەوەوە دەبینێت کە ببێتە دەوڵەت؟ چ شێوە دەوڵەتێك؟

جەوهەری دەوڵەت پەیوەستە بە هێزی دەوڵەت، کە فاکتەرێکی گرنگە بۆ زەمانەت و پتەوکردنی دیموکراسی و سەروەریی یاسا و گەشەی ئابووری.

بە گشتی دەوڵەت بۆ ئەوە دامەزراوە کە ئەرکی بنەڕەتی و سەرەکی ئەنجام بدات: مسۆگەرکردنی پاراستنی هاووڵاتیان و پارێزگاریکردن لە یەکدی، دواتر بەرگری لێ کردنیان دژی دوژمنانی دەرەکی (ئەمەش ئەرستۆ کە لە ٣٢٢ی پێش زایین کۆچی دوایی کردووە، لە کتێبەکەیدا (سیاسەت) دەستنیشانی کردووە).

بە ڕای زانای ناوداری کۆمەڵناسی (ماکس ڤێبەر Max Weber) لە توێژینەوە گرنگەکەیدا (سیاسەت وەك پیشە Politik als Beruf) دەڵێت: ئەرکی دەوڵەت بریتییە لە پاراستنی هاووڵاتیان و ئەرکەکەشی لەوەدایە ڕێگە لە تۆڵەسەندنەوەی تاکەکەسی بگرێت، دەوڵەت بە تەنیا مافی چارەسەرکردنی کێشەو ململانێیەکانی هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی قۆرخکردنی هێزی شەرعییەوە، بەرگریش لە هاووڵاتیان دەکات، بەڵام کاتێك دەوڵەت توندوتیژی دژی هاووڵاتییەکانی دەگرێتە بەر، ئەوا ڕێگە بۆ دیاردەیەکی مەترسیدار لە ژیانی دەوڵەت خۆش دەکات، ئەویش دیاردەی لادانی سیستەمی سیاسییە لە ئەرکەکانی، بەمەش دەوڵەت دەبێتە بکەرێکی دوژمنکاری actor، دژی ئەوانەی کە پێویستە بیانپارێزێت، دواتر لەناوبردنیان دەبێتە ئامانجی ئەو دەوڵەتە، بۆیە لێرەدا پەیوەندییەکی زۆر مەترسیدار لە نێوان توندوتیژی و سیاسەت دروست دەبێت، ئەم دیاردەیەش (دیاردەی لەناوبردنی هاووڵاتیان لەلایەن دەوڵەتەوە)ی لێ دەکەوێتەوە، بە واتای شکستی سیاسەت و کودەتای ڕیشەیی نەرێنی لە ئەرکە جەوهەرییەکانی دەوڵەت.

زۆر لە دەوڵەتە تازە پێگەیشتووەکانی جیهان (ئەو دەوڵەتانەی کە زۆر بەهێز نین، بەڵکو دەوڵەتانی زۆر لاوازن)، هەوڵ دەدەن دەست بە پرۆسەی بنیادنانی دەوڵەت بکەن لە ڕێگەی جیاکردنەوەی چاکسازیی ئیداری و دامەزراوەیی لە چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵگەیی. ئەم ئاراستەیە بە واتای کارکردنە بۆ دروستکردنی دامەزراوەگەلی بەهێز کە بتوانێت چاکسازییەکان جێبەجێ بکەن، بە ڕای بیرمەند (فۆکۆیاما) تەرکیزەکە زیاتر لەسەر ئەو کێشانەیە کە دەوڵەتانی لاواز (شکستخواردوو) پێوەی دەناڵێنن، ئەوانەی زۆر پێویستیان بە پرۆسەی بنیادنانەوەی دەوڵەت هەیە، کە ئەمانە دەگرێتەوە:

## ● کێشەی هەڵکشانی ڕۆڵی دەوڵەت:

فۆکۆیاما ئاماژە بۆ سەدەی بیستەم دەکات کە زێدەبوونێکی زۆری ڕۆڵ و قەبارەی چالاکییەکان و ئەرکەکانی دەوڵەتی تێدا بووە (چ لە دەوڵەتانی سیستەمە تۆتالیتارەکان، یان سیستەمە دەسەڵاتخوازەکان، یان سیستەمە دیموکراسییەکان)، لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی لێهاتوویی حکومەتەکان و بێ توانایی دەوڵەت لە بەجێهێنانی ئەرکە بنەڕەتییەکانی، بۆیە بەکاربردنی هەندێ حکومەت لە بەرهەمی پوختەی ناوخۆیی گەیشتووەتە زیاتر لە ٥٠٪ و لە سوید گەیشتە ڕێژەی ٧٠٪، بەڵام لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا پێویستی بەوە دەکرد کە ڕۆڵی دەوڵەت کەم بکرێتەوە و بە تایبەتیش کە ئەم ڕۆڵە بەرەو هەڵاوسان و هەڵکشان دەچوو لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو، بۆیە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان (وەك بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نێودەوڵەتی) هەوڵیان دا، کۆمەڵێك ڕێکار بگرنە بەر بۆ دانانی سنوورێك بۆ دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابووریدا.

فۆکۆیاما پێی وایە کە کەرتە گشتییەکان لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو بوونەتە بەربەستی ڕاستەقینە لە بەردەم پرۆسەی بنیاتنانی دامەزراوەیی دەوڵەت، بۆیە داوای کرد کە دەست بە پرۆسەی چاکسازی بکرێت لە ڕێی نموونەی لیبراڵی و کەمکردنەوەی ڕۆڵی دەوڵەت.

لەم چوارچێوەیەدا دەپرسین: چۆن دەکرێت دۆخی عێراق لەبەر ڕۆشنایی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١ دیراسە بکرێت؟

سەرەتا دەکرێت ساڵی ٢٠٠٣ ببێتە خاڵی گۆڕانکاریی یەکلاکەرەوە لە مێژووی هاوچەرخی عێراق و سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتێك لە جۆرێکی تازە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە سرووشتی نەبوو، بەڵکو بە زەبری دەستوەردانی سەربازیی دەرەکیی ڕاستەوخۆ هاتە ئاراوە، کە ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکەی بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا برد. بەو شێوەیەی کە دەوڵەت لە دەوڵەتێکی سادەی یەکگرتووەوە بۆ دەوڵەتێکی ئاوێتەی فیدراڵی گۆڕا، هەروەها سیستەمی حوکمڕانی لە سیستەمی

سەرۆکایەتییەوە بۆ سیستەمی پەرلەمانی گۆڕا، بواری تازە درا بە گەل تاکو بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بکات، کە خۆی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و بەناو ئازاد و شەفاف بینییەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێوانەیانەدا تا ئێستا پێنج هەڵبژاردن ئەنجام دراون- لە نێویاندا هەڵبژاردنەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی- و بۆ پەرلەمان. لە هەمان کاتیشدا دەستوورێکی تازە بۆ عێراق دەرچوو و لە ئۆکتۆبەی ٢٠٠٥ ڕاپرسیی میللی بۆ کرا.

ئەم هەموو دەرهاویشتانە دەری دەخەن کە گۆڕانکاریگەلێکی پەیکەربەندی لە دەوڵەتی عێراقدا هاتووەتەدی، ئاماژەشە بۆ ئەوەی کە پرۆسەیەکی تازە بۆ بنیاتنانی دەوڵەت هەیە کە بریتییە لە پرۆسەی بنیاتنانەوەی دەوڵەت.ئەم پرۆسەیە بەردەوامە و پرسیارێکیش سەرهەڵدەدات، ئایا ئەو هەڵبژاردنانەی لە ١٠ی ئەم مانگەدا ئەنجام دران، ئەنجامی یەکلاکەرەوەی بەدوادا دێت لە دانانی دوادەستکاریی پرۆسەی بنیاتنانەوەی دەوڵەت لە عێراق، یان عێراق تا ئێستا پێویستی بە دەرفەتگەلی تازە دەبێت بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆسەیە؟

پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت، یان باشتر وایە بڵێین پرۆسەی بیاتنانەوەی دەوڵەت پرۆسەیەکی ئاسان نییە، بەڵکو قورستر و ئاڵۆزترین پرۆسەیە کە لەنێو دەوڵەتدا ئەنجام دەدرێت، چونکە بە تەواوی هەموو دەوڵەت دەگرێتەوەو لە بنەڕەتەوە دەیگۆڕێت.

ئەم پرۆسەیە لە جەوهەردا ئەمانە دەگرێتەوە:

### ● پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لە ناوەوە

زۆر لە دەوڵەتانی تازەپێگەیشتووی جیهان هەوڵ دەدەن دەست بە پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لە ناوەوە بکەن لە ڕێگەی جیاکردنەوەی چاکسازیی ئیداری و دامەزراوەیی لە چاکسازیی سیاسی و کۆمەڵگەیی، بەڵام، هەروەك فۆکۆیاما پێی وایە هیچ کۆمەڵە پیادەکردنێکی نموونەیی لە ئارادا نین تا لە دیزاینکردنی دامەزراوەکان پشتیان پێ ببەسترێت.

### ● میکانیزمی بنیاتنانی دەوڵەت

فۆکۆیاما پێی وایە کە شکستهێنان لە بەدیهێنانی چاکسازیی دامەزراوەیی و بنیاتنانی دەوڵەت بۆ گرتنەبەری مۆدێلی لیبراڵیی ڕۆژئاوا ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو ڕێکارانەی کە پەیڕەو کراون، هەروەها تێنەگەیشتن بۆ دوورخستنەوەی پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت، وێڕای پێویستی ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی کولتووریی ئەو دەوڵەتانەی بنیات دەنرێن.

پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت لای فۆکۆیاما دوو ڕەهەندی بنەڕەتی هەیە:

١- هێزی دەوڵەت (State Strength) لە کاراکردنی حوکمی یاسا و مافی قۆرخکردنی شەرعییەتی بەکارهێنانی هێز و جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی. لێرەدا مەبەست لە هێز شێوەی کاریگەریی دەسەڵاتی دامەزراوەیی دەوڵەتە، کە لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە جیاوازە، پشت بە ئیدارەی شەفافی حکومەت دەبەستێت، گەندەڵیی نزم، جێبەجێکردنی یاسا، لێپرسینەوە.

٢- ئاست و قەبارەو چوارچێوەی تواناو چالاکییەکانی دەوڵەت(State Scope) کە بریتییە لە فراوانبوونی چالاکی و ئەرکەکانی حکومەت. چوارچێوەکە پشت بە سرووشتی ئەو ئەرکانە دەبەستێت کە دەوڵەت هەوڵ دەدات ئەنجامیان بدات، یەکەم، لانی کەمی پرۆسەکان، وەك یاسا و سیستەم، ئیدارەدانی گشتیی ئابووری، تەندروستیی گشتی، دووەم، ئەرکە مامناوەندییەکان، وەك پاراستنی ژینگە و ڕێکخستنی قەڵاچۆکردنی قۆرخکاری، پەروەردە، سێیەم، ئەرکە چالاکەکان، وەك سیاسەتە پیشەسازییەکان و دابەشکردنەوەی سامان، چەند ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتان بە ئەرکە چالاکەکان نزیك ببنەوە، چوارچێوەکەی فراوانتر دەبێت.

لەسەر ئەو بنەمایەی سەرەوە، فۆکۆیاما مشتومڕ دەکات لەسەر چۆنێتیی کەمکردنەوەی ئاستی قەبارەو چالاکییەکانی دەوڵەت بەرانبەر زیادبوونی هێزەکەی و لەپێناو فراوانکردنی ڕووبەری دیموکراسی. لە کاتێکدا کە ئاستی دەوڵەت کەم دەکرێتەوە لە هەندێك بواردا بۆ بەرژەوەندیی زیادبوونی ڕۆڵی کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، پێویستە ئەمە هاوکات بێت لەگەڵ زیادبوونی تواناکەی و ڕۆڵی لە بوارەکانی دیکەدا لە میانی حوکمی یاسا و توانای لە سەر نەخشەکێشانی سیاسەتە گشتییەکان.

لە کاتێکدا کێشەکە لە زۆر لە دەوڵەتانی گەشەسەندووی جیهاندا بریتییە لە هاوشێوەنەبوون و هاوکات نەبوون لەو دوو ڕەهەندەدا، چونکە فۆکس دەخرێتە سەر کەمکردنەوەی ئاستی دەوڵەت بێ ئەوەی زیادبوونی هێزەکەی لەگەڵیدا هاوکات بێت.

بەپشتبەستن بەو دوو پێوەرە بنەڕەتییە (هێزو چوارچێوە)، فۆکۆیاما دەوڵەتانی جیهان بۆ چوار کۆمەڵە پۆلێن دەکات:

- ● دەوڵەتانی پێشکەوتوو کە ئاست و قەبارە و چالاکییەکانی دەوڵەتیان تێدا سنووردارە، بەڵام هێزو توانایان بەرزە.
- ● ئەو دەوڵەتانەی کە ئاست و قەبارە و چالاکییەکانی دەوڵەتیان تێدا فراوانە، هێزی دامەزراوەکانیان زۆرە.
- ● ئەو دەوڵەتانەی کە ئاست و قەبارەو چالاکییەکانی دەوڵەتیان تێدا سنووردارە، بەڵام هێزی دامەزراوەکانیان لاوازە.

**پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت، یان پرۆسەی بیاتنانەوەی دەوڵەت پرۆسەیەکی ئاسان نییە، بەڵکو قورستر و ئاڵۆزترین پرۆسەیە کە لەنێو دەوڵەتدا ئەنجام دەدرێت، چونکە بە تەواوی هەموو دەوڵەت دەگرێتەوەو لە بنەڕەتەوە دەیگۆڕێت**

**ئەو دەستەبژێرەی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق هاتنە سەر حوکم، دەستەبژێری یەکگرتوو و تەبا نەبووە لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بۆ بەرژەوەندیی گشتی و هاوبەش**

● ئەو دەوڵەتانەی کە ئاست و قەبارەو چالاکییەکانی دەوڵەتیان تێدا فراوانە، بەڵام هێزی دامەزراوەکانیان لاوازە.

دوا شوێن ئەو شوێنە خراپەیە کە دەکرێت دەوڵەتی تێدا بێت، ئەویش ئەو شوێنەیە کە دەوڵەتانی دواکەوتوو و تازەپێگەیشتووانی تێدا پۆلێن دەکرێت، (عێراقیش لە چوارچێوەی ئەو پۆلێنکردنەدایە)، پرسیارەکە ئەوەیە: ئەو دەوڵەتانە پێویستە لە کام شوێن، یان کۆمەڵەدا بن لە چوارچێوەی پرۆسەی بنیاتنانی دەوڵەت؟ ئایا دەبێت هەوڵ بدەن بچنە کۆمەڵەی دووەمەوە کە خەسڵەتەکانیان بریتییە لە: ئاست و قەبارەی چالاکییە گشتگیرەکانی دەوڵەت و، ئایا هێزی گەورەی دامەزراوەییان هەیە، یان پێویستە هەوڵ بدەن بگەنە کۆمەڵەی سێیەم کە خەسڵەتەکانیان بریتییە لە ئاست و قەبارە سنووردارەکانی دەوڵەت و هێزی دامەزراوەییان لاوازە؟

ڕایەکە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم وا بوو کە پێگەی دەوڵەت لە گرووپی سێیەمدایە، چونکە دامەزراوە و تواناکانی دەوڵەت ڕووەو گرنگیدانە بە کاروباری تایبەتی خۆی، دواجار ڕووەو کەمکرنەوەی ئاستی دەوڵەتە بە خێرایی پێویست لە میانی سیاسەتەکەیەوە لە پشتیوانیکردنی بەتایبەتیکردن و کەمکردنەوەی پاڵپشتیی حکومەت.

**عێراق ئەگەر ڕۆڵ بە عەقڵانییەت نەدات لە سیاسەتدا، ئەوا دووچاری دۆخێک دەبێتەوە وەک دۆخی بەسۆماڵبوونی عێراق، بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو**

### ● ٣- دۆخی عێراق. پرسیارێکی کراوە...!!

زۆر لە توێژەرە بیانییەکانی چەندین بیرۆکەیان سەبارەت بە عێراق خستووەتە ڕوو، وەك (کۆتایی عێراق وەك دەوڵەت) لەوانە: گالبرێس (کۆتایی عێراق)، فولەر (ئایا عێراق تا ساڵی ٢٠١٠ بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە)، ستانسفیلد (ئایندەی عێراق: دیکتاتۆری، دیموکراسی، یان دابەشکردن)، یان بەپێی بۆچوونی ڕافائیل فایت عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووە، یان بەپێی بۆچوونی هەندێ توێژەری عێراقی کە عێراق دەوڵەتێکە لەلایەن کۆمەڵێك دزەوە ( Kleptocracy ) حوکمڕانی دەکرێت، یان دەوڵەتێکی قووڵە. بەڵام تا ئێستا ئەو هیواو ئومێدانە نەهاتوونەتە دی، چونکە بارودۆخی عێراق دوای ٢٠٠٣ شێوازێکی پێچەوانەی گرتەبەر، وەك ئەوەی کە توێژەران بیریان لێ دەکردەوە، تەنانەت عێراق، بە پێی پرۆفیسۆر عامر حەسەن فەیاز تا ئێستاش خەونی دەوڵەت دەبینێت، بۆیە وەك فۆکۆیاما دەڵێت: تا ئێستا عێراق پرسیارێکی کراوەیە.

ئەوەی لە عێراق ڕوودەدات ئەوەیە کە: ململانێ و ناکۆکییەکان جۆری جیاوازی توندوتیژین، چ توندوتیژی باش، یان خراپ بێت، لەم دۆخەدا تێبینی دەکرێت نەمانی دیاردەی قۆرخکردنی توندوتیژیی شەرعییە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە لە عێراق، ئەوەش بووتە هۆی بواردان بە شێوازی دژبەری توندوتیژی بۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر دۆخەکەدا و شکستی دەسەڵاتی سیاسی لە پاساوهێنانەوە بۆ توندوتیژیی دۆستان بە سەر دوژمنان، کە ئەمەش بووە هۆی لەتکردنی ڕیزەکانی توندوتیژیی دۆستان و بواری فراوانی دایە کۆمەڵەی دۆستان کە توندو تیژیی سیاسی بقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی و حزب و چین و تایفە گەریی خۆیان.

سیستەمی حوکمڕانی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق هاتە ئاراوە و تا ئێستاش بەردەوامە، یەکێکە لە کێشەکانی بونیادگەریی توند، ئەویش خۆی لە نەگونجانی نێوان حزبە ئیئتلافەکاندا دەبینێتەوە لە نێو حکومەتدا، ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و جیاوازی لە بەرنامەکانی حکومەت و چۆنێتیی جێبەجێکردنیان، زۆر جاریش حکومەت تووشی حاڵەتی ئیفلیجی بووە، بە دەست لە کار کێشانەوەی چەند وەزیرێك و دەسەڵاتی یاسادانانیش لەم کێشەیە ڕزگاری نەبووە، بۆیە کارەکانی دەسەڵات تا ڕادەیەکی زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو ململانێیە سیاسییانەی نێوان هێز و حزبە سیاسییەکان، بەڵام هەر ئەوە نییە، بەڵکو ئەو ئاڵۆزی و ئەشکالییە بێ کاریگەریی دەرەکی نەبووە، بە پێچەوانەوە، فشاری دەرەکی ڕۆڵی کاریگەر و دیاری هەبووە لە ڕێڕەوی سیاسی لە عێراق.

ئەو دەستەبژێرەی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق هاتنە سەر حوکم، دەستەبژێری یەکگرتوو و تەبا نەبووە لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بۆ بەرژەوەندیی گشتی و هاوبەش، بەپێی چەمکی ئەریستۆتالی، بەڵکو دەسەڵاتیان لە پرسەی دیموکراسی نەگرتووەتە دەست کە پشت بە هەڵبژاردن ببەستێت، تەنانەت ئەمریکییەکان ئەو ڕێگەیان بۆ ئەو دەستەبژێرە خۆش کرد، کە پشت بە پرەنسیپی پشکپشکێنەی تایفەگەری و مەزهەبی و نەتەوەیی بەست، بەڵام دیدگای ئەو دەستەبژێرە جیاواز بوو لەنێوان ئایینی و لیبراڵی و تایفەگەر، دواجار دیدگای عەلمانی کەم بووەوە، ئەویش بە پێکهێنانی ئەنجومەنی حوکم کە حاکمی مەدەنی برێمەر دایمەزراند، ئەمریکییەکان قورسایی خۆیان خستە سەر دەرکردنی چەند بڕیارێك بۆ تێکدانی ژێرخانی دەوڵەتی عێراق (هەڵوەشاندنەوەی سوپا و ئاسایش) کە بواری ڕەخساند بۆ سەرهەڵدانی ئاشووب و بێ سەروبەری لە وڵاتدا، هەروەها توانییان دەستوورێکی تازە بە ناوی (یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە لە ٨ی ئاداری ٢٠٠٤ بسەپێنن. بۆیە دەکرێ وەسفی سیستەمی سیاسی لە عێراق بکرێت بەوەی کە سیستەمێکە توانای ئەوەی نییە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، بۆیە لە ٢٠٠٣وە ڕووبەڕووی چەندین کێشەی مەترسیدار بووتەوە کە تا ئێستا پێوەی دەناڵێنێت.

● **ڕواڵەتەکانی پێتوانایی سیستەمی سیاسی لە عێراق**

کاتێك لە سیستەمی سیاسیی حوکمڕانیی عێراق ورددەبینەوە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣، دەبینین کە بە تەواوی ئەو ڕەهەندانەی سەرەوەی تێدا نییە، ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی کە نەتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەجێ بهێنێت و دواتر ڕووبچێتە نێو بازنەی قەیرانی توندی سیاسییەوە کە سیماکانی بە ڕوونی لەم خاڵانەدا دیارن:

● جێبەجێ نەکردنی تەواوی پرەنسیپ و دەقەکانی دەستوور کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەرچووە.

● سەرهەڵدانی ململانێی تایفەگەریی ناوخۆ و بە تایبەتیش لە ماوەی نێوان ٢٠٠٦-٢٠٠٧.

● جیاوازیی ڕیشەیی لە تێگەیشتنی فیدراڵی.

● گرژبوونی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق پەیوەست بە سیاسەتی نەوت و چارەسەرکردنی مەسەلەی ناوچە کێشە لە سەرەکان بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستوور، بڕینی پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی.

● سەرهەڵدانی لەناکاوی ڕێکخراوی دەوڵەتی داعش و دەستگرتنی بەسەر ٤٠٪ی ڕووبەری عێراق.

● سستیی پرۆسەی یاسادانان و خەریکبوون بە کێشە ناوخۆییەکان.

● زیادبوونی کۆچی ناوخۆی هاووڵاتیان بۆ ٤ ملیۆن کەس.

● زیادبوونی ژمارەی هاووڵاتیانی عێراق ئەوانەی کە کۆچیان بۆ دەرەوە کرد.

● زیادبوونی تەقینەوەکان.

ئەو هەموو ئاماژانە مافی ئەوەمان پێ دەدەن کە پرسیارێکی ڕەوا بکەین سەبارەت بەوەی: عێراق بەرەو کوێ؟

ئەو کێشەیە فرەڕەهەندە و گرنگترینیان ئەوەیە ئایا دەکرێ پرەنسیپی (تەوافوق) وەك چارەسەری ئەو کێشە مەترسیدارانە ڕەچاو بکرێت کە هەڕەشە لە قەوارەی عێراق دەکات؟ ئایا ئەوانەی باڵادەستن لە هێزە گەورەکان (دەسەڵاتی سیاسی) قبوڵ دەکەن کەسانی دیکە بەشداریی دەسەڵات بکەن؟

هێزە دەسەڵاتدارەکانی حوکمڕانی لە جومگە سەرەکییەکانی دەوڵەت هەوڵ دەدەن بوار نەدەنە هێزەکانی دیکە کە لە دەرکردنی بڕیاری یەکلاکەرەوە بەشدار بن. مانەوەی ئەو ئاراستەیە سیاسەتی عێراق لە عەقڵانییەت دوور دەخاتەوە کە ماکس ڤێبەر وەك بنەمایەکی ئیدارەدانی دەوڵەت باسی دەکات، دواجار دەبێتە هۆی نسکۆی بەهێز و ئەنجامی لێکترازانی عێراقی لێ دەکەوێتەوە.

لەبەر ئەوە عێراق ئەگەر ڕۆڵ بە عەقڵانییەت نەدات لە سیاسەتدا، ئەوا دووچاری دۆخێك دەبێتەوە وەك دۆخی بەسۆماڵبوونی عێراق، بۆ ماوەیەکی دیاری نەکراو، تا ئەو کاتەی بەرژەوەندییە نێو دەوڵەتی و هەرێمییەکان ڕێك دەکەون بە دابەشبوونی دەسەڵات لە عێراق و ناوچەکە، ئەو کاتە دیار دەبێت ئایا عێراق وەك ئێستا دەمێنێتەوە، یان دەگۆڕێت (چ بە شێوەی ئەرێنی یان نەرێنی).

دەسەڵاتخوازیی نەرم، Soft Authoritarianism کە حکومەتەکانی عێراق لەوەتەی ٢٠٠٣ پیادەی دەکەن، عێراقی لە ڕەفتاری تۆتالیتاریی ڕزگار نەکرد، بەڵکو کێشەکانی قووڵتر کردەوە، ئەو حکومەتانە توێژەر ڕوزن N.Rosen لە زانکۆی نیویۆرك باسیان دەکات کە گەندەڵ و توندوتیژن و هەوڵ دەدەن بە هێز خۆیان بسەپێنن، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکیش پاتریك کۆکبۆرن Kockporn لە ڕۆژنامەی (ئەندینینت)ی بەریتانی لە ئازاری ٢٠١٠ دەڵێت: عێراق تا ئێستا ناسەقامگیرە و تا ڕادەیەك دابەش بووە و سیاسەتوانەکانی عێراقیش بە چینێکی خراپی سیاسەتوانان وەسف دەکات.

ئەم دۆخە زۆر تێکچووە، لەوەڕا دیارە کە ڕێز لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ناگیرێت و بایەخ بە دەنگدەری عێراقی نادرێت، کە لە ماوە جیاجیاکاندا ئەنجام دراوە، ئەمەش پێچەوانە بووەتەوە بۆ دیاردەی دەنگ نەدان، پرۆفیسۆر جاك سنایدەر Jack Snyder لە کتێبە هاوبەشەکەی Electing to Fight: Why Emerging Democracies Go to War? کە لە ٢٠٠٥ دەرچووە، ڕوونی دەکاتەوەکە هەڵبژاردنەکان ڕێگە بۆ شەڕ خۆش دەکەن، ئەویش لەبەر کەڵەکەبوونی هۆکارەکانی سەرەوە، بۆیە هەڵبژاردنەکان دەبنە (ئازار)، هەر وەك لە توێژینەوەیەکی هەردوو توێژەردا هاتووە ئیلیشنر Elischner و بیکەر Becker بە ناونیشانی ئازاری هەڵبژاردن Die Qual der Wahl .

تەواونەبوونی پرۆسەی گۆڕانکاریی دیموکراسی، مەترسیی نزیکبوونەوەی دۆخەکە لە حاڵەتی شەڕی ناوخۆ زیاتر دەکات، چونکە دامەزراوەکان لاوازن و دەستەبژێرە سیاسییەکان بەم لاوازییە دووچاری هەڕەشە دەبن، شکستی پرۆسەی گۆڕانکاریی دیموکراسی دەبێتە هۆی شکستی بنیاتنانی دامەزراوە دیموکراسییەکان.

ئەم دۆخە ئاڵۆزە ئایندەی عێراق دەخاتە بەردەم سەنگی مەحەك، دواجار نارۆشنی دیدگای پەیوەست بە ئایندەی وڵاتەوە، ئایا هەڵبژاردنەکانی ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١، دەبێتە هۆی لابردنی بەربەستەکان لەبەردەم گۆڕانکارییە ئەرێنییەکانی دەوڵەتی عێراق، تاکو سەر لە نوێ دەوڵەت بنیات بنرێتەوە و ببێتە دەوڵەتی یاسا؟

پێشبینییەکان زۆر زەحمەتن لە بەردەم ئەو هەموو بەربەستانەی ناوخۆ و دەرەوەدا، کەواتە نەخشەی ئایندە تەمومژاوییە.

**تەواونەبوونی پرۆسەی گۆڕانکاریی دیموکراسی، مەترسیی نزیکبوونەوەی دۆخەکە لە حاڵەتی شەڕی ناوخۆ زیاتر دەکات، چونکە دامەزراوەکان لاوازن و دەستەبژێرە سیاسییەکان بەم لاوازییە دوچاری هەڕەشە دەبن**

دیمانەی تایبەت

## ستروان ستیڤێنسۆن

سەرۆکی کۆمەڵەی ئەورووپی ئازادیی عێراق بۆ گوڵان:

# بۆ ئەوەی ئەفغانستانێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە، نابێت ئەمریکا دەستبەرداری عێراق ببێت

ستروان ستیڤێنسۆن ئەندامی پێشووی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بووە و نوێنەرێتیی سکۆتلەندای دەکرد (١٩٩٩-٢٠١٤)، و سەرۆك شاندی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا بوو بۆ پەیوەندییەکان لەگەڵ عێراقدا (٢٠٠٩-٢١٠٤). وانەبێژی نێودەوڵەتییە لە بارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئێستادا سەرۆکی کۆمەڵەی ئەورووپی ئازادیی عێراقە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە سیاسەتی ئیدارەی ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپاوە لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند پرس و پێشهاتێکی دیکەی پەیوەندیدار.



*** ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بۆ سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بكەین لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە خەسڵەت و ڕەهەندەكانی سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چین؟**

- ئەوەی لەم بارەیەوە دەتوانین ئاماژەی پێ بكەین، ئەوەیە كە لە دوای بڕیارە كارەساتبارەكەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بۆ كشانەوە لە ئەفغانستاندا، ئەوا دەبێت چاودێرە نێودەوڵەتییەكان بە سەرسوڕمان و سەرسامییەوە لە هەوڵە پڕ لە دژواری و گرفتەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و یەكێتی ئەورووپا بڕوانن بۆ زیندووكردنەوەی ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە لەگەڵ ئێراندا. لەم ڕوانگەیەوە دەكرێت بوترێت كە بە دڵنیاییەوە ڕۆژئاوا وانەیەكی قورس فێر بووە لە پەیوەندی بە شكستی سیاسەتی دەرەوە، ئەویش دوای ڕووداوە پڕ لە پشێو و كارەساتبارەكانی نێو كابول. بێگومان ڕۆژئاوا نایەوێت ئەم هەڵە و شكستانە دووبارە بكاتەوە لە پەیوەندی بە هێنانەوە ئارای ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە لەگەڵ ئێراندا. لەبەر ئەوە پێم وایە پێداگریی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بۆ هێنانەوە ئارای ئەم ڕێككەوتنە هەڵەیەكی گەورەیە. چونكە هەنگاوێك لەم چەشنە دەبێتە هۆی بەهێزكردنی پێگەی حكومەتی ئێرانی، كە حاڵی حازر لە پێگەیەكی باشتردایە بە هۆی سەركەوتنی تاڵیبان لە ئەفغانستاندا. لەم سۆنگەیەوە پێم وایە سیاسەتی ئیدارەی بایدن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پشێویدایە و پێویستی بە پێداچوونەوەیەكی هەمەلایەن و گشتگیر هەیە.

**ڕۆژئاوا وانەیەكی قورس فێر بووە لە پەیوەندی بە شكستی سیاسەتی دەرەوە، ئەویش دوای ڕووداوە پڕ لە پشێو و كارەساتبارەكانی نێو كابول**

*** لە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەكردندا پتر تەركیزتان لەسەر پرسی ڕێككەوتنی ئەتۆمی**

**سیاسەتی ئیدارەی بایدن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پشێویدایە و پێویستی بە پێداچوونەوەیەکی هەمەلایەن و گشتگیر هەیە**

**یەکێتیی ئەوروپا بە ملکەچییەوە بووەتە بەشێك لە هەوڵەکانی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا**

**هەوڵە بەردەوامەکانی یەکێتی ئەوروپا بۆ ڕازیکردنی حکومەتی ئێرانی کات بە فیڕۆدانە و چارەنووسیشی شکست دەبێت**

**لەگەڵ ئێراندا کرد و گرێتان دایەوە بە پەرسەندنەکانی ئەفغانستانەوە، ئەگەر پرسیاری زیاتر لەم بارەیەوە بکەین، ئەوا بە لەبەرچاوگرتنی خستنەوەگەڕی گفتوگۆکانی پەیوەست بە هێنانەوەشارای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، ئایا پێت وایە هیچ ئەگەرێك هەیە بۆ ئەوەی ئەم گفتوگۆیانە بگەنە ئامانج، بە تایبەتی کە بێ متمانەییەکی زۆر لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەیە، ئایا هیچ هەنگاوێکی بنیاتنانی متمانە هەیە کە بتوانرێت لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەڵبگیرێت؟**

- بە بۆچوونی من هەر لە سەرەتاوە ئەنجامدانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا خۆی لە خۆیدا هەڵەیەکی گەورە بوو. چونکە بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی نەیدەتوانی پشکنین بۆ هیچ شوێنێك و دامەزراوەیەك بکات کە لەلایەن سوپای ئێرانییەوە کۆنترۆڵ کرابێت. کە ئاشکرایە زۆربەی ئەو وڵاتانەی پرۆگرامێکی نهێنیی ئەتۆمییان هەبووە لە پێگەکانی سەر بە سوپادا پەرەیان پێ درابوو، لەبەر ئەوە دەکرێت بوترێت ڕێککەوتنەکە هەر لە سەرەتاوە پڕ لە کێشە و کەموکوڕی بوو. دواتر ئەگەر ئێمە لە ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە بڕوانین، ئەوا ئەوەی تێدا بەدی دەکرێت کە لیستی ناوی ئەو کۆمپانیا و کەسایەتییە ئێرانییانە لەخۆدەگرێت کە دەبێت سزایان لەسەر هەڵبگیرێت، لە نێویاندا بزنێس و پیشەسازییەکانی پەیوەندیدار بە بانك و تەئمین و کانزا و فڕۆکەوانی و بارهەڵگری و چەك و بازاڕی گشتیی بازرگانییەوە، تەنانەت دووبارە مافی ئەوە بە ئێران دەداتەوە کە فەرش و کاڤیار بە ڕۆژئاوا بفرۆشێت. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە ڕێککەوتنەکە — کە لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆبامادا واژۆ کرا- فەرمان بە ڕۆژئاوا دەدات کە کۆتایی بهێنێت بە دوورخستنەوەی هاووڵاتییەکانی ئێرانی لە وەرگرتنی کۆرسی خوێندنی باڵای پەیوەندیدار بە زانستی ئەتۆمی، ئەندازیاری ئەتۆمی، یان کەرتی وزەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، هانی زانکۆکانی ڕۆژئاوا دەدرێت بۆ ئەوەی ڕاهێنان بە ئێرانییەکان بکەن لە بارەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ئەتۆمی، ئەویش بۆ ئەوەی تەواو ئامادە بن بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی. ئێمە دەزانین دۆناڵد ترەمپ پێش ئەوەی ببێتە سەرۆکی ئەمریکا ئەم ڕێککەوتنەی ڕەت کردەوە و کاتێکیش جڵەوی سەرۆکایەتی گرتەدەست، ئەوا لە ئایاری ٢٠١٨دا بڕیاری کشانەوەی لەم ڕێککەوتنە دا. ئەوەی دۆناڵد ترەمپ کردی ١٠٠٪ ڕاست و دروست بوو، جۆ بایدن-یش ١٠٠٪ هەڵەیە ئەگەر بێت و هەوڵی گەڕانەوە بۆ ئەم ڕێککەوتنە بدات.

*** ئێوە بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەتان بە ڕۆژئاوا کرد، هەروەها باسی یەکێتی ئەوروپاشتان کرد، ئایا چۆن لە سیاسەتی ئەم یەکێتییە دەڕوانن لە ئاست ئەم ناوچەیەدا و بە بۆچوونی ئێوە ئایا ئەم یەکێتییە دەبوو و دەیتوانی چ شتێکی جیاواز بکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ تەحەددی و قەیرانەکانی ئەم ناوچەیەدا؟**

- یەکێتیی ئەوروپا بە ملکەچییەوە بووەتە بەشێك لە هەوڵەکانی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا. لە سەروەختی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپدا یەکێتیی ئەوروپا بەردەوام هەوڵی دەدا، حکومەتی ئێرانی دڵنیا بکاتەوە کە ئەوان کۆشش دەکەن بۆ دووبارە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە، سەرەڕای ئەوەی کە دۆناڵد ترەمپ سیاسەتی ئەوپەڕی گوشاری بۆ سەپاندنی سزا بە سەر ئێراندا مومارەسە دەکرد. یەکێتی ئەوروپا و دیپلۆماتکارە باڵاکەی لەو کاتەدا، خاتوو فریدریکا مۆگێرینی، دووچاری تاسان و شڵەژان بوونەوە کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە کشایەوە، بەردەوام حکومەتی ئێرانیان دڵنیا دەکردەوە کە ئەوان پشتیوانی لە ڕێککەوتنە دەکەن و، هەموو هەوڵێك دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی خۆیان لەو سزایانە لابدەن کە ئیدارەی سەرۆك بایدن بە سەر ئێراندا سەپاندبوونی. تەنانەت خاتوو مۆگێرینی سەردانی تارانی کرد و بە ملکەچییەوە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی ئێراندا کۆبووەوە و تەنانەت وێنەی سێلفی لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکانی ئێرانیشدا گرت، کاتێکیش مۆگێرینی گۆڕدرا بە جۆزێپ بۆرێل، کە



وەزیری پێشوی کاروباری دەرەوەی ئیسپانیا بوو، ئەوا دۆخەکە خراپتر بوو. چونکە ئەوەی بینیمان یەکەم سەردانی جۆزێپ بۆرێڵ لە پۆستە نوێیەکەیدا وەك نوێنەری باڵای یەکێتی ئەورووپا بۆ کاروبارە دەرەکی و ئەمنییەکان، بۆ تاران بوو، کە لەو سەردانەشدا بەڵێنی دا دووبارە بگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا. تەنانەت بۆرێڵ جێگرەکەی خۆی، ئینریك مۆرا-ی، نارد تاوەکو سەردانی تاران بکات و لە ڕێورەسمی دەستبەکاربوونی پێنجەمین سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئامادە بێت. کەواتە هەوڵە بەردەوامەکانی یەکێتی ئەورووپا بۆ ڕازیکردنی حکومەتی ئێرانی کات بە فیڕۆدانە و چارەنووسیشی شکست دەبێت.

*** چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عێراق دەڕوانێت، بە تایبەتی کە لە ئێستادا عێراق هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەڕێوە برد؟ ئایا پێت وایە دەکرێت شەراکەتێکی ستراتیژی و درێژخایەن لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا (عێراق و ئەمریکا) بێتەئاراوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی گفتوگۆی ستراتیژییان ئەنجام دا و بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لەم ڕووەوە بڵاو کردەوە؟**

- لە ڕاستیدا من نیگەرانییەکی قووڵم هەیە لەوەی کە لە دوای کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و ڕوودانی ئەو ڕووداو و پەرەسەندن و پێشهاتانەی لەو وڵاتەدا، ئەوا سەرۆك جۆ بایدن بڕیاری ئەوە بدات بە یەکجاری لە وڵاتی عێراقیش بکشێتەوە. ئێمە لە ساڵی ٢٠١٤دا بینیمان کە چۆن داعش بە ڕەوتێکی خێرا پێشڕەوی کرد لە عێراقدا، ئەویش کاتێك سوپای پڕ چەك و ڕاهێنانپێکراوی عێراق- کە چەکی ئەمریکیان پێ بوو، هەر خودی ئەمریکییەکانیش ڕاهێنانیان پێ کردبوون- چەکەکانیان فڕێ دا و لە بەردەم هێزێکی بچووکی میلیشیاکانی داعشدا هەڵاتن، ئەوە بوو لە دەرئەنجامدا توانییان نزیکەی تەواوی خاکی عێراق داگیر بکەن. هەروەها داڕووخانی سوپای ئەفغانی کە لەلایەن ئەمریکاوە پڕچەك کرابوون و مەشقیان پێ کرابوو، کە ئەمانە بوونەتە هاندەر و هۆکارێك بۆ ئەوەی توندڕەوەکان هەمان هەوڵ لە عێراقدا دووبارە بکەنەوە، ئەگەر هاتوو هێزەکانی ویلایەتەکانی یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم وڵاتە کشانەوە. سەرۆکی فەڕەنسا ئیمانۆێل ماکرۆن بەڵێنی دا کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراق دەمێننەوە، تەنانەت ئەگەر هێزەکانی ئەمریکاش کشانەوە، بەڵام ئەمە بەس نییە. بۆ ئەوەی ئەفغانستانێکی دیکە لە عێراق دووبارە نەبێتەوە، ئەوا پێویستە ئەمریکا لەم وڵاتە بمێنێتەوە.

**سەرۆکی فەڕەنسا ئیمانۆێل ماکرۆن بەڵێنی دا کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراق دەمێننەوە، تەنانەت ئەگەر هێزەکانی ئەمریکاش کشانەوە**



ئیتامار ڕابینۆڤیچ پرۆفیسۆری مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی تەل ئەبیب، هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری دایانە بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا و ڕاگری کۆلێژی زانستە مرۆییەکان و سەرۆکی ئەم زانکۆیە بووە. هەروەها وانەبێژە لە زانکۆی نیویۆرك، پێشتریش سەرۆکی بەشی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە هەمان زانکۆ. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٦ باڵیۆزی ئیسرائیل بووە لە ئەمریکا و گفتوگۆکاری سەرەکی بووە لە دانوستاندنەکانی ئیسرائیل لەگەڵ سووریا. بۆ زانینی دید و بۆچوون و تێڕوانینەکانی لە بارەی چەند پرسێکی گرنگی وەك سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دۆخی ئەم ناوچەیە بە گشتی و عێراق بە تایبەتی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

دیمانەی تایبەت

## ئیتامار ڕابینۆڤیچ

**باڵیۆزی پێشووی ئیسرائیل لە ئەمریکا بۆ گوڵان:**

# ئەگەر کێشە بونیادییەکانی عێراق چارەسەر نەکرێن، هەڵبژاردنەکان هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕن

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن دەڕوانیت لە ئاست ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و ئاڵۆزی و قەیرانی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و ئایا هیچ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێك لە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا بەدی دەکرێت؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە زۆر باس لەوە دەکرێت گۆڕانکاری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕووی داوە لە دوای دەستبەکاربوونی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن، بەڵام ئەوەی لە پرسیارەکەی ئێوەدا ئاماژەی پێ کراوە، پەیوەستە بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و من لێرەدا خوازیاری ئەوەم وەڵامەکەم لە پەیوەندی بە سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست سووریادا چڕ بکەمەوە. من پێشتریش ڕەخنەم لە ئەدا و سیاسەت و هەڵوێستی هەردوو ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما و سەرۆك دۆناڵد ترەمپ گرتووە لە بارەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بارودۆخی سووریادا. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە حاڵەتێك بدرێت کە لە سەردەمی ئیدارەی ترەمپدا ڕووی دا، ئەویش کاتێك سەرۆك ترەمپ پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ سەرۆکی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، ئەنجام دەدا، ئەردۆغان گلەیی ئەوەی لە ئەمریکا کرد کە کار لەگەڵ کوردەکانی سووریادا دەکات، لە وەڵامدا ترەمپ پێی ڕاگەیاند من سووریام بەلاوە گرنگ نییە و دەتوانیت خۆت مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ناکرێت تۆ بەم شێوەیە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەت ئیدارە بدەیت. ئێستاش من هەمان ڕەخنەم لە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن هەیە لەم ڕووەوە، ئەوەتا هێشتا نێردەیەکی تایبەتی بۆ سووریا دەستنیشان نەکردووە. مەبەستی من لێرەدا ئەوەیە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بکەمەوە کە سووریا گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خۆ ئەگەر تێڕوانینەکەش

**چارەسەرەکە ئەوەیە فیدراڵییەتیەکی ڕاستەقینە لە عێراقدا جێبەجێ بکرێت**

**پێشتریش ڕەخنەم لە ئەدا و سیاسەت و هەڵوێستی هەر دوو ئیدارەی سەرۆک باراک ئۆباما و سەرۆک دۆناڵد ترەمپ گرتووە لە بارەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بارودۆخی سووریادا**

**دەبێت ئەمریکا دووبارە چاوخشاندنەوە بە بارودۆخەکە لە سووریادا بکاتەوە و، ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێت کە کوردی ئەو وڵاتە هاوکار و هەماهەنگ و هاوپەیمان بوون بۆ شەڕکردن لە دژی داعش**

**سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بە شێوەیەکی کتوپڕ ڕایگەیاند کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا دەکێشێتەوە، ئەوە بوو وەزیری بەرگری وەک نارەزایەتییەک دەستی لەکار کێشایەوە**

ئەوە بێت، یان هۆکاری ئەم خەمساردییەش ئەوە بێت کە ئەمریکا دەیەوێت لەم ناوچەیە بکشێتەوە، ئەوا واقیعەکە ئەوەیە کە ناتوانێت بە تەواوەتی و بە یەکجاری دەست لەم ناوچەیە هەڵگرێت، چونکە ئەوەی لە سووریادا ڕوودەدات، ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێت کە دەرئەنجام و دەرهاویشتەیەکی لێ بکەوێتەوە کە مەترسیدارن، وەك دووبارە سەرهەڵدانەوە و دروستبوونەوەی داعش. دواتر دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە هەلومەرجی سووریا کاریگەری لە سەر پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا، ئەردەن، لوبنان، و عێراق دەبێت و، بەو پێیە کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت. کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئاماژەمان پێ کرد، ئەوا ناکرێت ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی تایبەت بە وڵاتی سووریای نەبێت، کەچی سەرەڕای ئەوەش هێشتا سیاسەتێکی ڕوون و دیاریکراوەی گەڵاڵە نەکردووە لەم ڕووەوە. بەڵام من ئومێدەوارم کە ئیدارەی بایدن گرووپێك دروست بکات و ڕێکخەرێك دەستنیشان بکات بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە و کاروباری سووریادا. چونکە دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستڕۆیشتوویی و کاریگەرییەکی زۆری هەیە، چونکە هێزی سەربازیی خۆی- ئەگەرچی هێزێکی کەم و بچووکیشە- لە ناوچەیەکی ستراتیژی ئەو وڵاتە جێگیر کردووە. هەروەها لە بەر ڕۆشنایی ئەو بارودۆخە چاوەڕواننەکراو و نەخوازراوەی لە وڵاتی ئەفغانستان ڕوویدا بە هۆی بڕیاری ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ کشانەوە لەو وڵاتەدا، ئەوا دەبێت ئەمریکا دووبارە چاوخشاندنەوە بە بارودۆخەکە لە سووریادا بکاتەوە و، ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێت کە کوردی ئەو وڵاتە هاوکار و هەماهەنگ و هاوپەیمان بوون بۆ شەڕکردن لە دژی داعش، مەبەستم ئەوەیە ناکرێت تۆ بە ئاسان پشت لە هاوپەیمانەکانت بکەیت و جێیان بهێڵیت و دەستبەرداریان بیت، هەرچەندە هێشتا ئەمە ڕووی نەداوە، بەڵام ئومێد دەکەم کە ئەمریکا هەنگاوە ڕاست و دروستەکە هەڵبگرێت، نەك هەنگاوە هەڵەکە.

*** بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لە سیاسەتی ئەم ئیدارەیە بڕوانین لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، ئایا دەکرێت بڵێین سیاسەتێکی تایبەت بە خۆی پیادە دەکات کە ڕەهەندە و ڕایەڵەکانی دیار و بەرچاون؟**

- بە تێڕوانینی من ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن درێژەپێدەری هەمان ڕەوتی پێشووترە لە پەیوەندی بە دوورکەوتنەوە و دەستهەڵگرتن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، واتە ئەم ئیدارەیەش نایەوێت و خوازیاری ئەوە نییە کە لە شەڕەوە تێوەبگلێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە هەمان شێوە نایەوێت وەبەرهێنانێکی زۆر لەم ناوچەیەدا بکات، بەڵکو دەیەوێت کات و کۆشش و تەرکیزی خۆی زیاتر بۆ چین تەرخان بکات، لەبەر ئەوە پێی وایە چین ڕکابەرێکی بەهێزتر و گرنگترە کە دەبێت کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی بکرێت، خاڵی دووەم ئەوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوە دەڕوانێت کە ئەو کۆششەی لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا کردوونی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی لە هەردوو وڵاتی عێراق و ئەفغانستاندا ئاکام و ئەنجامێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتووەتەوە، واتە ئەمریکا سامانێکی مرۆیی زۆر و سەروەتێکی ماددی گەورەی خەرج کرد لە عێراق و ئەفغانستاندا بە بێ ئەوەی دەرئەنجامی خوازراویان لێ بکەوێتەوە. هەروەها ئەگەر دووبارە بگەڕێینەوە بۆ پرسی سووریا، ئەوا بە داخەوە هەر لە سەرەتاوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بژارە و بڕیاری ڕاست و دروستی نەگرتەبەر لە دوای سەرهەڵدان و هاتنەئارای ڕاپەڕینەکەی ئەو وڵاتەوە، بە تایبەتی کاتێك سەرۆك باراك ئۆباما ڕایگەیاند کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی هێڵی سوورە و ئەگەر ببەزێندرێت، ئەوا ئەمریکا کاردانەوەی دەبێت، ئەوە بوو بەکاریش هێنرا و کاردانەوەش ئەنجام نەدرا. هەروەها سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بە شێوەیەکی کتوپڕ ڕایگەیاند کە هێزەکانی وڵاتەکەی لە سووریا دەکێشێتەوە، ئەوە بوو وەزیری بەرگری وەك نارەزایەتییەك دەستی لەکار کێشایەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەوە بڵێم کە نارەزایەتییەکی زۆر هەبوو لە نێو وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی هەردوو ئیدارەی ئۆباما و ترەمپ لەم بارەیەوە. کەواتە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا لە ئێستادا ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن دەیەوێت درێژە بە ئاراستە گشتییەکە بدات، واتە خوازیاری ئەوەیە پتر لەم ناوچەیە دوور بکەوێتەوە و کەمتر وەبەرهێنانی تێدا بکات. لەم



ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە جیاوازییەکی گەورە بەدی ناکرێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بە بڕیاری ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن کرد بۆ کشانەوە لە ئەفغانستان، ئایا دوای ئەوەی تاڵیبان دەسەڵاتی گرتەوە دەست لەو وڵاتەدا، چ نیگەرانییەك هەیە لەوەی جارێکی دیکە ئەو وڵاتە ببێتەوە بە سەرچاوەی مەترسی و هەناردەکردنەوەی توندڕەوەکان؟**

- جارێ دەبێت ئەوە بڵێم کە من گەشبین نیم بە بارودۆخی ئەفغانستان و زەحمەتە بتوانرێت کە حکومەتێکی ئاسایی و کارا لەو وڵاتەدا بنیات بنرێتەوە، کە بتوانێت دووبارە کاروبارەکان بە چەشنێکی کارا هەڵسووڕێنێت، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بزووتنەوەی تاڵیبان خۆی بزووتنەوەیەکی توندڕەوە و هەروەها -هەروەك بینیمان- داعشی خوراسانیش لەو وڵاتەدا دەتوانن چالاکی ئەنجام بدەن. کەواتە من پێشبینیی ئەوە ناکەم کە سەقامگیری لەو وڵاتەدا بێتەئاراوە.

*** ئەی چۆن لە بارودۆخی ئێستای عێراق دەڕوانن، بە تایبەت کە عێراق وڵاتێکی گرنگە و بمانەوێت، یان نا، بووەتە گۆڕەپانێك بۆ دەستڕۆیشتوویی و ڕکابەری و ململانێی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئایا پێت وایە ئەو هەڵبژاردنە پەرلەمانییەی ئەنجام دراوە، هیچ لە بارودۆخی ئەم وڵاتە بگۆڕێت؟**

- لە ڕاستیدا عێراق- بە چەشنی زۆرێك لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هاتنەئاراوە- بە دەست چەندین کێشەی بنەڕەتییەوە گرفتارن، چونکە دەزانین زۆربەی ئەم وڵاتانە دەستکردن، بۆ نموونە لە پەیوەندی بە عێراقەوە ئێمە دەزانین کە بەریتانیا بەشی باکووری کردە بەشێك لە عێراق، لە کاتێکدا زۆربەی دانیشتووانی باکوور کورد بوون، ئامانجی بەریتانیاش ئەوە بوو کە کێڵگە نەوتییەکان لەژێر دەستی خۆیدا بێت، نە تورکیا. لە ئێستاشدا عێراق وڵاتێکە پێکهاتەی جیاواز لە خۆدەگرێت، کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە و، تەحەددییەکە بریتییە لەوەی چۆن بتوانرێت ناسنامەیەکی عێراقی گەڵاڵە بکرێت و بنیات بنرێت، کە نە لە سەردەمی پاشایەتی و نە لە سەردەمی سەدام حوسێندا نەتوانرا ئەم ناسنامەیە دروست بکرێت، ئێستاش دەزانین کە ئێران لەم وڵاتە دەستڕۆیشتووە و میلیشیا شیعەکانیش لە گۆڕەپانەکەدان و ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە ئەم وڵاتە بە یەکگرتوویی بهێڵێتەوە، بە هۆی ئەو وەبەرهێنانە زۆرەی لەم وڵاتە دەیکات و، لەم ڕووەوە نایەوێت بە تەواوەتی دەستەبەرداری ئەم وڵاتە بێت و دووچاری شکستێکی دیکە ببێتەوە. چارەسەرەکەش ئەوەیە فیدراڵییەتیەکی ڕاستەقینە لە عێراقدا جێبەجێ بکرێت و تاوەکو کێشە قووڵ و بونیادییەکانیش چارەسەر نەکرێن ئەوا پێم وانییە هەڵبژاردنەکان هیچ لە دۆخی عێراق بگۆڕن.

**ئەمریکا سامانێکی مرۆیی زۆر و سەروەتێکی ماددی گەورەی خەرج کرد لە عێراق و ئەفغانستاندا بە بێ ئەوەی دەرئەنجامی خوازراویان لێ بکەوێتەوە**



# پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بووەتە ناسنامەی کوردستان لە سەر ئاستی جیهان



**ئانۆ جەوهەر**
وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بۆ گوڵان نووسیویەتی


پیش ڕاپەرین و دامەزراندنی ئەزموونی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا، بابەتی پێکەوەژیان لەناو کوردستان باس نەدەکرا، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان پێکەوە دەچەوسێندرانەوە، بەڵام لە خەباتی شاخ و لە ناو هەیکەلەی بەرەی کوردستانی یەکێك لە ئەندامانی بەرە حزبێکی ئاشووری بوو، هەر بۆیە دوای نەمانی ڕژیمی سەدام حوسێن لە کوردستان و، هەوڵەکانی بەرەی کوردستانی بۆ دەرکردنی یاسای (١،٢) بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و تەرخانکردنی پێنج کورسیی کۆتا بۆ «کلدان و ئاشوور و سریان و تورکمان» لە پەرلەمانی کوردستان، پێکەوەژیان بووە چەمکێکی گرنگ بۆ ئەو ئەزموونە دیموکراتییەی کە لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ هاتە دامەزراندن.

ئەم چەند دێرە کورتە ئاماژەیە بۆ ئەوەی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە مێژووی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەوجا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناو ئەم مێژووە ئەوا چەندین نموونەی بەرزی پێکەوە ژیان دەدۆزینەوە:

- لە چەندین دیکیۆمێنتی مێژووی ڕۆژهەڵاتناسانی بەریتانیا ئاماژە بەوە کراوە، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی چۆن شێخی موسڵمانان بووە، بە هەمان شێوە شێخی کریستیانەکانیش بووە، «ویگرام» کە یەکێکە لە ڕۆژهەڵاتناسانی سکۆتلەندی نووسیویەتی: «من خۆم شاهیدی کێشەیەکم کە لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلام لەو دەڤەرە ڕوویداوە، کێشەکەش

**لە چەندین دیکیۆمێنتی مێژووی ڕۆژهەڵاتناسانی بەریتانیا ئاماژە بەوە کراوە، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی چۆن شێخی موسڵمانان بووە، بە هەمان شێوە شێخی کریستیانەکانیش بووە**

**لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ ـەوە کە کریستیانەکان لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق کەوتنە بەر مەترسیی هێرش و دەستدرێژی، سەرۆک مسعود بارزانی دەرگای کوردستانی بۆ تەواوی کریستیان و سائیبەی مەندائی کردەوە و لەو هێرش و دەستدرێژییە پاراستنی**



ئەوە بوو کە خێڵێکی موسلمان دەستدرێژی دەکەنە سەر خێڵێکی کریستیان، شێخ عەبدولسەلام بۆ بەرگریکردن لە خێڵە کریستیانەکە بە هێزێکی زۆری بارزانییەکان تەدەخول دەکات و جیا لەوەی بەرگرییەکی تەواو دەکات، لە هەمان کات هەموو ئەو ماڵەی بە تالان بردبوویان، بۆ خێڵە کریستیانەکە دەگێڕێتەوە و، لەمەش زیاتر سنوورێك بۆ خێڵە موسڵمانەکەش دادەنێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەستدرێژی نەکەنە سەر کریستیانەکان، سەبارەت بەم کێشەیە «ویگرام» بە شێخ عەبدولسەلامی بارزانی دەڵێت: «ئەو بەرگرییەی تۆ لە کریستیانەکانت کرد، ئێمە پێمان نەدەکرا، ئەگەر من دادوەریش بوومایە، هەر ئەوەم پێ دەکرا، کە تۆ کردت.»

- لە بەرامبەردا کریستانەکانیش هەمان هەڵوێستیان بەرامبەر موسڵمانەکان هەبووە، هەر بۆ نموونە ئەو کاتەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەیویست شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەستگیر بکات، شێخ دەچێتە ناوچەی هەکاری و ماوەیەك لای مارشمعون دەمێنێتەوە و دەپارێزرێت، هەتا ئەو کاتەی بە خیانەتێك دەگیرێت و پاشان لە سێدارە دەدرێت.

- لەسەردەمی «شێخ ئەحمەدی بارزانی»دا، ئەم پێکەوە ژیانە چووە قۆناخیکی دیکە و شێخ ئەحمەد چەندین بنەمای ئەخلاقی بۆ هەموو هاوولاتیانی ئەو دەڤەرە دانا و، هەموو پێکهاتە جیاوازەکان پابەندی ئەو بنەما ئەخلاقییانە بوون، شێخ فەرمانی کردبوو کە مرۆڤ سەر بە هەر ئایین و نەتەوەیەك بێت، پێش هەموو شت مرۆڤە و دەبێت رێز لە کەرامەتی بگیرێت و رێگە نەدرێت کەس دەستدرێژی بکاتە سەر ئەوی دی، ئەم بنەما ئەخلاقییانە گیانی لێبوردەیی بە جۆریك لەناو پێکهاتە جیاوازەکان بەهێز کردبوو، کە کەنیسەی ئاشوورییەکان و کەنیستی جووەکان و مزگەوتەکەی شێخ ئەحمەد لە ریزی یەکتر بووە و هەر یەکەیان چەند مەتریك لە یەکتری دوور بوون.

- هەر لە سەردەمی شێخ ئەحمەدی بارزانی و بۆ پاراستنی خێزانی «ئەندریایك پاشا» شێخ ئەحمەد، مەلامستەفا بە سەرۆکایەتیی هێزێك دەنێرێت، بۆ ئەوەی لە کۆمەڵکوژیی ئەرمەن رزگاریان بکەن و دوچاری شەڕێکی قورس دەبن و تەنیا لەم شەڕەدا ١٤-١٦ پێشمەرگە لە هێزەکەی مستەفا بارزانی شەهید دەبن، تەنیا لە پێناوی پاراستنی خێزانی «ئەندریایك پاشای ئەرمەن»، پاشانیش ئەو کریستیانە ئەرمەنانەی رزگاریان دەبێت، دێنە دەڤەری بارزان و بادینان و دەپارێزدرێن.

- لە دەڤەری سلێمانی و لەکاتی شەڕی شێخ مەحموودی حەفید لەگەڵ ئینگلیزەکان بەشێك لە هێزەکەی شێخ کریستیان بووە، تەنیا لە یەك شەڕدا دوو کریستیان شەهید بوون. ئەگەر سەرنج بدەن، کریستیانەکان لەگەڵ شێخ مەحموود شەڕیان لەگەڵ ئینگلیز کردووە، کە ئەوان کریستیان بوون، ئەمەش مانای ئەوەیە کریستیانەکان ئینتیمایان بۆ وڵاتی خۆیان هەبووە، لە بەرامبەریشدا یەکێك لە وەزیرەکانی شێخ مەحمود کریستیانێك بووە بە ناوی کەریمی عەلەکە و وەزیری دارایی ئەو حکومەتە بووە.

- هەر سەبارەت بە باوەڕی بنەماڵەی حەفید بە پێکەوە ژیان، لە سەردەمی کاك ئەحمەدی شێخ، یەکێك لە کوڕەکانی کچێکی مەسیحی دەبێتە هاوسەری و منداڵێکیان دەبێت، دەچێتە لای کاك ئەحمەدی شێخ و پێی دەڵێت: کوڕمان بووە و ناوم ناوە (محەمەد)، باوکی پێی دەڵێت: کوڕم هاوسەرەکەت هەر لەسەر ئایینی خۆیەتی و محەمەد بە پێغەمبەری خۆی نازانیت، بڕۆ ناوی بنێ «عیسا» کە هەردوو لاتان بە پێغەمبەری خۆتانی دەزانن.

- مەلای گەورەی کۆیە کە ئەویش یەکێکە لە زانایانی گەورەی ئایینی ئیسلام، رۆژێك کەسێك دەنێرێت ماستی بۆ بکرێت، پاش ماوەیەك ئەو کەسە دێتەوە و بە مەلای گەورە دەڵێت: «ماست نەماوە»، ئەویش دەڵێت: چۆن نەماوە؟ دەڵێن: دووکانداره موسڵمانەکان ماستیان نەماوە و تەنیا ماست لای «کریستیان»ـەکان هەبووە، مەلای گەورە لەمە زۆر تووڕە دەبێت و خۆی دەچێت ماستەکە لە دووکانداریکی کریستیان دەکرێت و دادەنیشێت هەر لە ناو دووکانەکە نان و ماستەکەی دەخوات، ئەمەش پەیامێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی موسڵمانان جیاوازی لە بەرهەمی موسڵمانان و کریستیانەکان نەکەن. ئەگەر سەرنج بدەین، ئیستا لە ناو کۆیە نازانرێت کامە موسڵمانە و کامە کریستیانە.

**ئێستا ٩٠٪ی کریستیانەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان دەژین**

**پاپا بۆماوەی ٤٠ خولەک بە تەنیا لەگەڵ جەنابی کاک مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت کۆبووەوە، کە ئەم کاتە بۆ سەرۆکی دەوڵەتانیش لەلایەن پاپاوە تەرخان ناکرێت**

**سەردانی پاپا وەڵامدانەوەی بانگهێشتی فەرمیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو**

- لە سەردەمی عوسمانییەکان فەرمانێك دەردەچێت کە خەڵکی گوندی عەنکاوا کۆمەڵکوژ بکرێن، لەبەر ئەوەی غەیرە موسڵمانان، لەم کاتە «مەلا فەندی»ی هەولێر لەبەر خاتری پاراستنی گیانی کریستیانی عەنکاوا پاساوێك دێنێتەوە، بە نوێنەری عوسمانییەکان دەڵێت: ئێمە ناتوانین ئەو کارە بکەین، لەبەر ئەوەی ئەو گوندە لە پێناوی پاراستنیان «جزیە» دەدەن، بەمە کریستیانەکان دەپارێزێت، هەر بۆیە هەتا ئیستا باب و باپیرانمان دوعای خێر بۆ مەلا فەندیی هەولێر دەکەن.

- لە مێژووی نوێدا و پاش گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە سۆڤیەتەوە بۆ عێراق و، لە داوای مۆڵەتی حزبدا بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، دوو لەو ئەندامانەی ئیمزایان لەسەر ئەو دیکیۆمینتە کردووە بۆ ئەو مۆڵەتە، کریستیان بوون.

- ئەم مێژووە لە ناو شۆڕشی ئەیلوولدا زیاتر ڕەنگی دایەوە و هەر لەگەڵ چەخماخەی شۆڕش، تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بە «کلد و ئاشووری و سریان و ئەرمەن و تورکمانەوە» بە هاوشانی برا کوردەکانیان بوونە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و هەر پێکهاتەیەکیش بەپێی قەوارەی لە شۆڕشدا پێگەی هەبووە و بە هەمان قەبارەش قوربانی و شەهیدیان داوە.

- لەسەردەمی سەرۆك مسعود بارزانی لەگەڵ ئەوەی ئەم سامانە گەورەیەی بۆ مابووەوە، بەڵام ئەم سامانە مێژووییە لەسەر دەستی سەرۆك مسعود بارزانی هێندەی دیکە بەرەو پێشەوە برا، هەر لە ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ ـەوە کە کریستیانەکان لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق کەوتنە بەر مەترسیی هێرش و دەستدرێژی، سەرۆك مسعود بارزانی دەرگای کوردستانی بۆ تەواوی کریستیان و سائیبەی مەندائی کردەوە و لەو هێرش و دەستدرێژییە پاراستنی، هەر بۆیە ئێستا ٩٠٪ی کریستیانەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان دەژین.

- لەکاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش و داگیرکردنی مووسڵ، دەستبەجێ سەرۆك بارزانی دەرگای کوردستانی بۆ واڵا کردن، ئەمە بووە دیاردەیەك کە سەرنجی هەموو دنیای بەلای خۆیدا ڕاکیشا.

هەر بۆیە ئەم گیانی لێبوردەیی و پێکەوە ژیانەی لۆژیکی سەرۆك بارزانی لە کوردستاندا دروستی کردووە، بووەتە هۆکاری ئەوەی کە هەموو پێکهاتە و ئایینە جیاوازەکان ڕوو بکەنە کوردستان و ئیستا گەیشتووەتە ئەوەی کە بڵێن: «زۆربەی زۆری کریستیانەکان و کاکەییەکان و ئێزدییەکان و سائیبەی مەندائی لە عێراق» لە کوردستاندا دەژین.

### ● بۆ ستایشی پێکەوەژیانی کوردستان
### پاپا نوێژی قوداسی لە هەولێر ئەنجامدا

پێش سەردانی پاپا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، جەنابی پاپای فاتیکان بە فەرمی بانگهێشتی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد، لەم سەردانەدا بێجگە لە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی و وەزیری ئاوەدانکردنەوە و وەزیری وتووێژ لەگەڵ بەغدا و، بەندەش ئەندامێکی ئەو شاندە بووم و، کاتێك سەرۆك وەزیران ئێمەی ئەندامانی شاندەکەی پێشکەش پاپا کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە بەندە کریستیانم و وەزیرم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە کە بە پاپام گوت: منیش کلدانی کاسۆلیکم، زۆر زۆری پێ خۆش بوو، گوتی: زۆر خۆشحاڵم کە کلدانی و کاسۆلیکیت و وەزیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەم سەردانەدا تابلۆیەکمان دروست کردبوو کە پێکهاتبوو: لە (لاپەرەی سووتاوی ئەو ئەنجیلانەی کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە سووتێندرابوون، ئەو ئەنجیلانە تەمەنیان لە ١٠٠٠ساڵ پتر بوو، وێنەی ئەو پێشمەرگانەی کە لە گوندی تەلسقۆفی سەر بە بەعشیقە، بەحزان ئازاد دەکەن و، خاچی سەر کەنیسەکە دووبارە دادەنێننەوە، وێنەی هەموو پیاوانی ئایینە جیاوازەکانی ناوچەی باشیك لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی، هەر دوو ئاڵای کوردستان و فاتیکانیش لەناو تابلۆکە بوون، هەروەها ئایەتێکی ئینجیلیش لەسەر تابلۆکە نووسرابوو کە دەڵێت: «خۆشەویستییەك لەوە گەورەتر

**بە درێژایی ٢٠٠٠ ساڵی مێژووی کریستیان ئەمە یەکەمجارە «پاپا»یەک سەردانی کوردستان و عێراقیش دەکات**

**پاپا لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆک بارزانی، ئەمەی گوت: «یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی وای لێکردم سەردانی عێراق و کوردستان بکەم تۆ بوویت «سەرۆک بارزانی»، هاتووم بۆ ئەوەی سوپاسی ئەو هەڵوێستەت بکەم کە دەرگای کوردستانت بۆ کریستیانەکان کردووە و کریستیانەکانت پاراست و، هاتم بۆ ئەوەی بەڕێزتان ببینم»**

**ئەو شوێنەیە کە ئەبوبکر بەغدادی لە مووسڵ دەوڵەتی بەناو خەلافەتی ئیسلامی «داعش»ی لێ ڕاگەیاند و هەر لەوشوێنە ڕایگەیاند «دەچم فەتحی ڕۆما دەکەم»، پاپا چوو لەو شوێنە کۆتری ئاشتی فڕاند**

**کوردستان یەکێکە لە دێرینترین شوێنی کریستیان لە جیهاندا و لە سەدەی یەکەمی زایینی (٩٢ز) یەکەم مەتران لە قەڵای هەولێر دانراوە**

**ئێمە وەك کریستیان شانازی بەو پێکەوەژیان و لێبوردەییە دەکەین، کە لە سایەی سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆك مسعود بارزانی بوونی هەیە**

**دەمانەوێت دەستووری کوردستان، دەستوورێکی مەدەنی و دیموکراتی بێت و بوار بە ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی بیروڕای سیاسی بدات و وەك دەستوورەکەی عێراق داخراو نەبێت**

نییە، کە کەسێك لە پێناوی خۆشەویستانی قوربانی بدات.» ئەم تابلۆیە زۆر سەرنجی پاپای ڕاکێشا و لەسەر شوێنێکی تایبەت لە فاتیکان دایناو، لەمەش زیاتر پاپا بۆماوەی ٤٠ خولەك بە تەنیا لەگەڵ جەنابی کاك مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت کۆبووەوە، کە ئەم کاتە بۆ سەرۆکی دەوڵەتانیش لەلایەن پاپاوە تەرخان ناکرێت، لەو ماوەیە سەرۆکی هەنگاریا چوو بووە لای پاپا، میدیاکانی هەنگاریا شانازییان بەوە دەکرد کە سەرۆکەکەیان ٣٠ خولەك لەگەڵ پاپا کۆبووەتەوە، دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە پاپا و کاك مسرور بارزانی هەردووکیان بە خەندەوە هاتنە دەرەوە و پاشانیش لەگەڵ ئێمە کۆبووەوە، ئەوکات من زانیم شتێك هەیە «سەرۆك وەزیران جەنابی پاپای داوەتی کوردستان کردووە»، بۆیە بە جەنابی کاك مسرور بارزانی-م گوت: جەنابی پاپا داوەتەکەی قبووڵ کردو دێتە کوردستان؟ بە پێکەنینەوە پێی گوتم: «دوایی دەزانی» .

لەم چەند دێڕە مەبەستم بوو ئەوە بڵێم، کە سەردانی پاپا وەڵامدانەوەی بانگهێشتی فەرمیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.

ئاشکرایە پاپای فاتیکان مەرجەعی ١,٥ ملیار مرۆڤی پەیڕەوانی کاسۆلیکە لە سەرانسەری جیهان، هەروەها بە درێژایی ٢٠٠٠ ساڵی مێژووی کریستیان ئەمە یەکەمجارە «پاپا»یەك سەردانی کوردستان و عێراقیش دەکات، کە گەیشتە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر، من یەکێك بووم لە ئەندامانی ئەو شاندەی پێشوازیمان لە پاپا کرد. پاپا لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆك بارزانی، ئەمەی گوت: «یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانەی وای لێکردم سەردانی عێراق و کوردستان بکەم تۆ بوویت «سەرۆك بارزانی»، هاتووم بۆ ئەوەی سوپاسی ئەو هەڵوێستەت بکەم کە دەرگای کوردستانت بۆ کریستیانەکان کردەوە و کریستیانەکانت پاراست و، هاتم بۆ ئەوەی بەرێزتان ببینم». ئەم پەیامەی پاپا بۆ سەرۆك بارزانی، مانای ئەوەیە فاتیکان ئەو هەقیقەتە دەزانێت کە کوردستان لانکەی پێکەوە ژیانە، لەمەش زیاتر کریستیانەکان تەنیا لە کوردستان پارێزراو نین، بەڵکو کریستیانەکان ڕۆڵی خۆیان هەیە و ڕێزیان لێ دەگیرێت، بۆیە کوردستان نەك هەر تەنیا لانەی پاراستنی کریستیانەکانە، بەڵکو لانەی گەشەکردنی کریستیانیشە.

سەبارەت بەو بەرنامەیەشی کە بۆ سەردانی پاپا بۆ کوردستان دانرابوو، گرنگیی بەرنامەکە لەوەدا بوو کە ئەوە یەکەمین سەردانی پاپا بوو بۆ دەرەوەی فاتیکان دوای کۆرۆنا، ئەم بەرنامەیە بە بەشداریی نوێنەرانی سەرۆکایەتیی هەرێم و نوێنەرانی ئەنجومەنی وەزیران دانرابوو، بەرنامەکەش لەسەر داوای پاپا ڕێکخرابوو، بەرنامەکە بەو جۆرە بوو لە هەولێرەوە دەچێت بۆ مووسڵ و سەردانی (حوش بیعە) دەکات، ئەمەش ئەو شوێنەیە کە ئەبوبکر بەغدادی لە مووسڵ دەوڵەتی بەناو خەلافەتی ئیسلامی «داعش»ی لێ ڕاگەیاند و هەر لەوشوێنە ڕایگەیاند «دەچم فەتحی ڕۆما دەکەم»، پاپا چوو لەو شوێنە کۆتری ئاشتی فڕاند و سەردانی کەنیسەی کریستیانەکان و مزگەوتی موسڵمانانیشی کرد، پەیامی پاپا ئەوە بوو: «هەمیشە ئاشتی لە شەڕ دەباتەوە»، دوای ئەوە چووە دەشتی نەینەوا و سەردانی ئەو گوندانەی کرد کە تیرۆریستانی داعش سووتاندبوونی، خەڵکەکەی کۆمەڵکوژ کردبوو، دوای ئەم سەردانانە گەڕایەوە بۆ هەولێر و دوای ئەوەی سەردانی عەنکاوەی کرد، گەورەترین نوێژی قوداسی لە یاریگای شەهید فرانسۆ هەریری ئەنجام دا، هۆکاری ئەنجامدانی ئەو نوێژەش لەبەر ئەم هۆکارانە بوو:

- کوردستان یەکێکە لە دێرینترین شوێنی کریستیان لە جیهاندا و لە سەدەی یەکەمی زایینی ( ٩٢ ز) یەکەم مەتران لە قەڵای هەولێر دانراوە، قەڵای هەولێریش بەرامبەر یاریگای فرانسۆ هەریری-یە.
- پاپا حەزی کرد ئەو نوێژە لە شوێنێکی فراوان بکات، بۆ ئەوەی سیمای پێکەوەژیانی پێوە دیار بێت.

ئەوەی جێگەی سەرسامی بوو، دوای ئەوەی نوێژەکەی تەواو بوو و چووە ئەو ژوورەی کە جلەکانی بگۆڕێت، پاپا ئەو جۆش و خرۆشەی پێشوازییەکەی بە ڕاددەیەك سەرسامی کردبوو، ڕاشکاوانە گوتبووی: «هەستم نەکرد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم».

## • موسڵمان و کریستیان شوێنە پیرۆزە هاوبەشەکانیان

دیاردەیەکی دیکەی قەشەنگ و جێگەی سەرنج کە لە کوردستان لە نێوان ئایینە جیاوازەکان بوونی هەیە، «شوێنە پیرۆزە هاوبەشەکانیانە»، ئەم دیاردەیە بێجگە لە کوردستان لە هیچ شوێنێکی جیهان بوونی نییە، ڕاستە هەندێك جار باس لەوە دەکەن کە هەر سێ ئایینی ( ئیسلام و کریستیان و جوو، قودس بە هاوبەشی بە هی خۆیان دەزانن، بەڵام شوێنە پیرۆزەکانی هەر سێ ئایینەکە «مزگەوتی ئەقسا، کەنیسەی قیامە، دیواری مەککە» لە یەکدی جیاوازن)، بەڵام لە کوردستان شوێنەکە، یان مەزارەکە یەك مەزارە، هەردوو پەیڕەوانی کریستیان و موسڵمان زیارەتی دەکەن، هەر بۆ نموونە (شێخ گەزنە لە ئاقوبانی نزیك شەقڵاوە کریستیان و موسڵمان بە هی خۆیانی دەزانن، لای موسڵمان ناوی «شێخ گەزنەیە» لای کریستیانەکان ناوی « مەتران یوبیە»، کە بێگومان چەندین شوێنی دیکەی هاوبەشیش هەن، ئەم دیاردە قەشەنگەی پێکەوەژیان و لێبوردەیی ئایینی و نەتەوەیی تەنیا لە کوردستان بوونی هەیە.

## • وەك کریستیان چیترمان لە کوردستان دەوێت؟

ئێمە وەك کریستیان شانازی بەو پێکەوەژیان و لێبوردەییە دەکەین، کە لە سایەی سیاسەتی لۆژیکانەی سەرۆك مسعود بارزانی بوونی هەیە، بەڵام بۆ ئەو مێژووە گەورەیەی پێکەوەژیان لە کوردستان هەیە و لە پێشەکیی ئەم باسە ئاماژەمان پێ کرد، ئەمانە پێوستە گەشەیان پێ بدرێت و زیاتر ڕەگی پێکەوە ژیان خۆی دابکوتێت. لەوانە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەم:

- مافەکانی ئێمە سێ ڕەهەندیان هەیە.

یەکەمیان نیشتمانی، دووەمیان ئایین، سێیەمیان نەتەوەیی.

- لەسەر ئاستی نیشتمانی، وەك کوردستانییەکی «کلدانی و سریانی و ئاشووری» دەمانەوێت دەستووری کوردستان، دەستووریکی مەدەنی و دیموکراتی بێت و بوار بە ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی بیروڕای سیاسی بدات و وەك دەستوورەکەی عێراق داخراو نەبێت.

- دەمانەوێت دەستووری کوردستان بەرەو عەلمانییەت بێت، ناڵێین (عەلمانی بێت)، ئەمەش واتە مافی هەموو ئایینە جیاوازەکان بدات و تەنیا شەریعەی ئیسلامی سەرچاوەی یاسادانان نەبێت، یان وەك ئەوەی عێراق نەبێت کە دەڵێت: نابێت هیچ یاسایەك دەربچێت کە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام یەك نەگرێتەوە. ئەمەش واتە دەستوورەکە نە ئیسلامی بێت، نە عەلمانی، دەستوورێکی مەدەنی بێت.

- بابەتی کۆتای «کلدان، ئاشوور، سریان، ئەرمەن» لە سەر ئاستی پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان زیاد بکرێن، جێگەی دەستخۆشییە کە تایبەتمەندییەك درا بە ناحیەی عەنکاوە و بەرز کرایەوە بۆ قەزایەك سەر بە پارێزگای هەولێر.

- سەبارەت بە یاسای باری کەسی، گرنگە لە ناو دەستووردا ئاماژە بەوە بکرێت هەر ئایینێك یاسای باری کەسیی تایبەت بە خۆیان هەبێت.

- ئەو ئالایەی ئێستا هەمانە ئاڵای کوردستانە و هەموومان شانازیی پێوە دەکەین، بۆیە بە گرنگی دەزانین لە دەستووردا پێناسەی ئاڵا بەو جۆرە بکرێتەوە کە ببێتە هێما بۆ هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان.

- لە ناو دەستووردا پێناسەی کوردستان وەك نیشتمانی هەمووان بکرێت، ئەمەش واتە ڕاستە نیشتمانەکەمان ناوی «کوردستانە» بەڵام وەك یەکەیەکی جوگرافی نیشتمانی هەموانە.

- گرنگە هەمواری سیستمی دەستووری بکرێت و پرۆگرامی خوێندن ڕەنگدانەوە و زیاتر قووڵکردنەوەی گیانی برایەتی و پێکەوەژیان دروست بکات لە ناو کۆمەڵگەی کوردستاندا.

کە ئەمانە کران و چەسپێندران لەناو دەستوورەکە، ئەو کات چۆن ڕیفراندۆم بووە هەنگاوێکی گرنگ بۆ چەسپاندنی ناسنامەی کوردستانیبوون، ئەوا ئەم دەستوورەش دەبێتە هەنگاوێکی دیکە بۆ ئەوەی ناسنامەی هاووڵاتیبوون زۆر بە ڕێکوپێکی بچەسپێندرێت.

**جێگەی دەستخۆشییە کە تایبەتمەندییەک درا بە ناحیەی عەنکاوە و بەرز کرایەوە بۆ قەزایەک سەر بە پارێزگای هەولێر**

**ئەو ئالایەی ئێستا هەمانە ئاڵای کوردستانە و هەموومان شانازیی پێوە دەکەین، بۆیە بە گرنگی دەزانین لە دەستووردا پێناسەی ئاڵا بەو جۆرە بکرێتەوە کە ببێتە هێما بۆ هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان**

**لەگەڵ چەخماخەی شۆڕش، تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان بە «کلد و ئاشووری و سریان و ئەرمەن و تورکمانەوە» بە هاوشانی برا کوردەکانیان بوونە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و هەر پێکهاتەیەکیش بەپێی قەوارەی لە شۆڕشدا پێگەی هەبووە و بە هەمان قەبارەش قوربانی و شەهیدیان داوە**



**رامی نوری**

**بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە بۆ گوڵان:**

# بەقەزابوونی عەنکاوە پێگەی کوردستان بۆ پێکەوەژیانی ئایینی و ئاشتەوایی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز دەکات

**مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری بەقەزابوونی عەنکاوەی ڕاگەیاندو داوای لە وەزیری ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد، جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی بەقەزابوونی عەنکاوە دەست پێ بکەن. گرنگیی بەقەزابوونی عەنکاوە بەتایبەتی بۆ پێکهاتەی مەسیحی بە سەرجەم گەلانی (کلدانی و ئاشووری و سریانی)یەوە تەوەرەی سەرەکیی دیمانەیەکی گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ ڕامی نوری عودیش بەڕێوەبەری ناحیەی عەنکاوە.**

*** بڕیاری بەقەزابوونی عەنکاوە بڕیارێکی مێژووییە، ئێوە وەکو بەرپرسی یەکەی ئیداریی عەنکاوە گرنگیی بەقەزابوونی عەنکاوە چۆن دەبینن و لە ڕووی ئیداری و بەڕێوەچوونی مامەڵەکانی هاووڵاتیانەوە تا چەند ئاسانکاری دەکات؟**

- بڕیاری بەقەزابوونی عەنکاوە لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مسرور بارزانی، بڕیارێکی مێژوویی و ستراتیژییە و لە بەرژەوەندیی پتەوکردن و بەهێزکردنی بنەماکانی پێکەوەژیان و یەکترقبوولکردنە، ئەم بڕیارە بۆ بەهێزکردنی تایبەتمەندێتی عەنکاوە دراوە و، خەڵکی عەنکاوە ئەو پەڕی دڵخۆش و شاد و کامەرانن و هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی سوپاسی جەنابیان بکەن، بەقەزابوونی عەنکاوە لە مێژوودا بە پیتی زێڕین دەنووسرێت و، بۆ ئێمەی مەسیحی ڕۆژێکە بەردەوام یادی دەکەینەوە، لە ماوەی ٦٥ ساڵی ڕابردوودا بۆ یەکەمین جارە گرنگییەکی وا گەورە بە عەنکاوە و پێکهاتەیەکی ڕەسەن و گرنگی کوردستان دەدرێت، ڕاستە کابینە یەك لە دوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتەرخەم نەبوون لە خزمەتکردنی هاووڵاتیان و دانیشتووانی عەنکاوە و مەسیحییەکان بڕیار و دەستپێشخەریی گرنگیان بووە، بەڵام هیچیان هێندەی دەستپێشخەری و بڕیاری بەقەزابوونی عەنکاوە گرنگ نەبووە و ئەمە بڕیارێکی هەرە دیارە، چونکە عەنکاوە کە لە ساڵی ١٩٥٦ وەکو ناحیە ڕاگەیەندرا، لەو دەمەوە تا ئێستا هەر بە ناحیەیەکی سەر بە قەزای ناوەندی هەولێر ماوەتەوە. لەگەڵ بوون بە قەزاش قورسایی هەندێك کاری ئیداریی لەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی شاری هەولێر کەم دەبێتەوە، چونکە فلتەری مامەڵەی هاووڵاتیان کەم دەبێتەوە و کاروکردەوەکان خێرایی و ڕێکوپێکییەکی زیاتر بەخۆوە دەبینێت و، کارئاسانیی زیاتر بۆ هاووڵاتیان دەکرێت، بەو پێیەی ئەگەر پێشتر هەر هاووڵاتییەکی عەنکاوە بۆ بەڕێوەچوونی کارەکانی وا پێویست بوو سەردانی چەند فەرمانگەیەك بکات، ئێستا ڕەنگە تەنیا سەردانی دوو فەرمانگەی پێویست بێت.

*** عەنکاوە بووەتە پێگەیەکی ئارام و سەقامگیر بۆ هەموو پێکهاتەکان، نەك تەنیا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەڵکو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، عەنکاوە بۆ مەسیحییەکان و پێکهاتە کەمینە ئایینییەکان گرنگیی خۆی هەیە، ئایا ئەم بڕیارە بۆ بەهێزبوونی ئەم پێگەیەی عەنکاوە و کوردستان تاچەند پێویست بوو؟**

- (عەنکاوە بووەتە ناوەندێکی گرنگ بۆ پێکەوەژیانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و شوێنی ئاشتەوایی..)؛ ئەمە وەسفی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ ئێمە و جێگای شانازیمانە، تەنانەت ئەم ناوبانگییەی عەنکاوە بۆ بەهێزبوونی پێگەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگە، عەنکاوە بووەتە پەناگەیەکی ئارام بۆ مەسیحییەکانی عێراق و سووریا و لوبنان و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم بڕیارەش بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و پارێزگاری هەولێر و ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر درا و ئەو بەڕێزانە ڕاسپێردراون بۆ دەستپێکردنی ڕێکارە یاسایی و ئیدارییەکان، بۆ نموونە بۆ فراوانکردنی سنووری قەزای

**بەقەزابوونی عەنکاوە لە مێژوودا بە پیتی زێڕین دەنووسرێت و، بۆ ئێمەی مەسیحی ڕۆژێکە بەردەوام یادی دەکەینەوە**

**عەنکاوە بووەتە پەناگەیەکی ئارام بۆ مەسیحییەکانی عێراق و سووریا و لوبنان و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

عەنکاوە و دابینکردنی زەوی بۆ گەنجان و لاوان و فراوانکردنی دەسەڵات و توانای یەکە ئیدارییەکان و خزمەتگوزارییەکان کە بە هەمووی دەبنە پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ ئەوەی مەسیحییەکان لە وڵاتی خۆیان بمێننەوە و ڕوو لە کۆچکردن و جێهێشتنی وڵات نەکەن، بەمەش بەقەزابوونی عەنکاوە پێگەی کوردستان بۆ پێکەوەژیانی ئایینی و ئاشتەوایی و یەکترقبوڵکردن لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز دەکات.

سیاسەتی حەکیمانەی ڕێزدار سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدارەی حەکیمانەی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە وای کردووە ڕێز لە سیمای ڕەسەنی کوردستان لە پێکەوەژیان و پاراستنی کەلتووری لێبووردەیی و یەکترقبووڵکردن بگیرێت، لەم پێناوەشدا گرنگی و قوربانییەکی زۆریان دا بۆ ئەوەی سیمای جوان و پیرۆزی کوردستان لە پاراستنی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی بپارێزن و ڕوویەکی گەش و جوانی خەڵکی کوردستان و هەرێم بە دنیای پێشکەوتوو پیشان بدەن، بۆ ئەوەی هاوپەیمانەکان و حکومەتەکانی جیهان پاڵپشتیی ئەو گەل و حوکمڕانییە بکەن کە لە سەر بنەمای دیموکراسی و یەکتر قبووڵکردن و ئاشتەوایی و پێکەوەژیان بونیات نراوە، ئەمە لە کاتێکدا لە ناوچەکانی دیکەی عێراق نەتوانرا پارێزگاریی لە سەروماڵی مەسیحییەکان بکرێت و دەکوژران و دەفرێندران و بەزۆرە ملێ کۆچیان پێ دەکردن و ماڵ و موڵکیان بە ڕاستەوخۆ و بە فێڵی یاسایی و زۆرەملێ و غەدر لێ زەوت دەکرا، لێرە لە کوردستان بەتایبەتی لە عەنکاوە ئەم دیاردە ناشیرین و قێزەوەنەی دوور لە بنەماکانی ئایین و ئەخلاقی مرۆڤایەتییە، بوونی نەبووە و نابێت، ئێمە وەکو برا کوردەکانمان پێکەوە خەڵکی ڕەسەنی ئەم وڵاتەین و هەرگیز خۆمان بە هاووڵاتی پلە دوو نەزانیوە و خۆمان بە بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەزانین و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێڵە گشتییەکانی مەرجەعی ئیداریی ئێمەیە و پێوەی پابەند دەبین.

*** هەر ئەمەشە وای کردووە مەسیحییەکان لە٢٠٠٣وە ڕوو لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی عەنکاوە بکەن، بەڵام لێرەش بە هۆی بڕینی بودجە و قەیرانی داراییەوە بەشێك لە مەسیحییەکان کۆچ دەکەن، ئایا بەقەزابوونی عەنکاوە و پاراستنی تایبەتمەندێتی بۆ خزمەتکردنی زیاتری مەسیحییەکان تاچەند گرنگە بۆ ڕێگرتن لە کۆچکردنی زیاتری مەسیحییەکان؟**

- لە مێژووی کۆندا مەسیحیەکی زۆر بە هۆی زوڵم و چەوسانەوە لە ناوچەکانی دیکەوە ڕوویان لە عەنکاوە کردووە، لە مێژووی نزیکی ٥٠ ساڵی ڕابردووشدا ئەم کۆچە بەردەوام بووە، بەڵام لەدوای ٢٠٠٣وە ژمارەیەکی زۆری مەسیحییەکان لە بەغدا و بەسرا و مووسڵ و دەشتی نەینەوا و بە کەرکووکیشەوە ڕوویان لە عەنکاوە کردووە، ئێرە جێگرەوەی چوونیان بووە بۆ وڵاتێکی ئەورووپایی. لە عەنکاوە سەلامەتی و مسۆگەریی پاراستنی سەروماڵی ئاوارەکان و پەناهەندەکان هەبووە، بۆیە لە عەنکاوە هەموو پێکهاتە و ڕەنگەکان دەبینیت مەسیحی و موسڵمان و کلدان و ئاشوور و سریان و کوردو عەرەب و تورکمان و ئێزدی و شەبەك و سابیئە و کۆمەڵگە و ڕێکخراوە کۆمەڵگە مەدەنییەکانیان و کەنیسە و مزگەوت و پەرستگاکانیان بوونیان هەبووە، عەنکاوە کوردستانێکی بچووکە بۆ پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی. بوون بەقەزابوونی عەنکاوەش جێگای دڵخۆشیی پیاوانی ئایینی مەسیحی بوو کە بەردەوام هانی ئەوەیان داوە، شارەکەیان باوەشی مرۆڤایەتی بۆ هەموو کەسێکی لێقەوماو و پەناهەندە و ئاوارە بکاتەوە، بە جیاوازی ئایینی و نەتەوەییەوە.

*** هەڵبەتە کاتێك بۆ عەنکاوە بڕیارێکی وا گرنگ دەدرێت، دیارە بوون بە قەزا کۆمەڵێك ڕێوشوێنی ئیداری و یاسایی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی زیاتری پێویستە، ئێوە وەکو بەرپرسی یەکەی ئیداریی عەنکاوە داواکاریتان چییە بۆ ئەوەی وەزارەت و فەرمانگە حکوومییەکان لە ئاست گەورەیی بڕیارەکەدا دەست بە ڕێوشوێن و ڕێکارەکان و ئەنجامدانی ئەرکەکانی سەرشانیان بکەن؟**

- هەرچی دامەزراوە و دامودەزگا حکوومییەکان هەیە لە عەنکاوە چەندین ساڵە کارێکی گەورە و خزمەتگوزارییەکی باش پێشکەش

**لە ناوچەکانی دیکەی عێراق نەتوانرا پارێزگاریی لە سەروماڵی مەسیحییەکان بکرێت و دەکوژران و دەفرێندران و بەزۆرە ملێ کۆچیان پێ دەکردن**

**ئێمە وەکو برا کوردەکانمان پێکەوە خەڵکی ڕەسەنی ئەم وڵاتەین و هەرگیز خۆمان بە هاووڵاتی پلە دوو نەزانیوە و خۆمان بە بەشێکی دانەبڕاو لە پرۆسەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەزانین**

**بەقەزابوونی عەنکاوە جێگای دڵخۆشیی پیاوانی ئایینی مەسیحی بوو کە بەردەوام هانی ئەوەیان داوە، شارەکەیان باوەشی مرۆڤایەتی بۆ هەموو کەسێکی لێقەوماو و پەناهەندە و ئاوارە بکاتەوە**



دەکەن، بە توانایەکی دیاریکراوی زۆر بچووك، سنووری فەرمانگە حکومییەکان لە عەنکاوە زۆر زیاترە لە سنووری تواناکانیان، هەر لە پاراستنی ئەمنییەت و سەروماڵی هاووڵاتیانەوە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس و پۆلیسی هاتوچۆوە، تاوەکو کەرتەکانی پەروەردە و تەندروستی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و کارەبا و باج و تۆماری خانووبەرە و کشتوکاڵ و پۆستە و گەیاندن کە خزمەتی ناو عەنکاوە و دەوروبەری عەنکاوەشیان کردووە، بەداخەوە چەندین کاری خزمەتگوزاری و یەکەی ئیداریی هەیە هێشتا لە ئاستی فەرمانگە و هۆبەن، لە کاتێکدا پێش بڕیاری بەقەزابوونیش ئەگەر بە پێوەری کار و خزمەتەکەیان هەڵیبسەنگێنین، دەبینین کەوا شایەنی بەڕێوەبەرایەتی بوون بۆ ئەوەی توانای لۆجستی و دەسەڵاتی کارکردن و بڕیاردان و دارایی زیاتریان هەبێت، بۆیە ئێمە داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکان ئەوەیە لەگەڵ بەقەزابوونی عەنکاوە بەوپەڕی توانایانەوە وەکو قەزا مامەڵە لەگەڵ عەنکاوە بکەن و لە ڕووی (ئیداری و یاسایی و دەسەڵات و توانای لۆجستی)یەوە فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانیان بەهێز بکەن، لێرەدا دەمەوێت نموونەیەکی بچووك باس بکەم، عەنکاوە ١٨ قوتابخانەی حکوومی تێدایە، بەپێی ئاماری ئێمە لە ٦٥-٧٠٪ی قوتابیانی ئەم قوتابخانانە دانیشتووانی دەرەوەی عەنکاوەن و خەڵکی دەوروبەر و ناو شاری هەولێرن، لەبەر بوونی متمانەیەکی زۆر بە مامۆستایانی مەسیحی کە بە دڵسۆزی و توانایی کارکردن بەناوبانگن، بۆیە خێزانەکانی دەرەوەی سنووری عەنکاوەش منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانەکانی عەنکاوە، لە دێر زەمانەوە فەرمانبەر و مامۆستا و کارمەندانی حکوومی لە پێکهاتەی مەسیحی بە دڵسۆزی و کارکردنی جددی ناسراون. لە ئێستاشدا دوای بڕیارە مێژووییەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی ئاراستەکردنی نووسراوێکین لە پارێزگای هەولێرەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر تاوەکو لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا دەنگدانی لەسەری بدرێت بۆ ئەوەی پۆلێنی یەکەی ئیدارییەکەی لە ناحیەوە بۆ قەزا بگۆڕدرێت و، لەوێوە نووسراو بچێتە وەزارەتی ناوخۆ و دواتر بۆ سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت و بڕیارەکە دەربچێت و لەبەر ئەوەی پلەی قایمقامی عەنکاوە پلەی تایبەتە، بۆیە دەبێت ئەو بەڕێزەی ئەو پلەیەی قایمقامی پێ دەدرێت، بچێتە بەردەم بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سوێندی یاسایی بخوات.

**عەنکاوە ١٨ قوتابخانەی حکوومی تێدایە، بەپێی ئاماری ئێمە لە ٦٥-٧٠٪ی قوتابیانی ئەم قوتابخانانە دانیشتووانی دەرەوەی عەنکاوەن و خەڵکی دەوروبەر و ناو شاری هەولێرن**

# وەبەرهێنان..
# بەرفراوانبوون و گەشەکردن

**٩٤٠ پڕۆژەی وەبەرهێنان مۆڵەتیان پێ دراوە**

**ئاستی وەبەرهێنان گەیشتە ٨ ملیار دۆلار و**
**١٩ ملیار دۆلاری دیکەش پڕۆژەی پەسەندکراو هەیە**





**دکتۆر محمد شوکری**

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

وەبەرهێنان بە پاڵپشتیی ڕێزدار (مسرور بارزانی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریی نوعی گەورەی بەخۆوە بینیوە بەرەو ئەوە هەنگاومان ناوە کە وەبەرهێنان وەڵامدانەوەی پێداویستیی خەڵکی بێت و بارگرانی لەسەر هاونیشتمانیان کەم بکاتەوە و هەلی کار بۆ گەنجەکانمان بڕەخسێنێت، کۆتایی بە کەمتەرخەمی و کەموکورتییەکان هات و، قەبارەی وەبەرهێنان بەرەو ئاستێکی باش هەنگاوی ناوە، لەم پێناوەشدا سەرکەوتوو بووین بەوەی ئاستی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان گەیشتە ٨ ملیار و نیو دۆلار و ١٩ ملیار دۆلاری دیکەش پڕۆژەی پەسەندکراومان هەیە، بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی پڕۆژە مۆڵەت پێدراوەکانی وەبەرهێنان کە لە ئێستادا لە کاردان دەکاتە ٩٤٠ پڕۆژە و کۆی گشتی زەوی تەرخانکراویی دەکاتە ٧٢ هەزار دۆنم، لەمەشدا ڕێژەی وەبەرهێنانی خۆماڵی لە ٨٥٪ و ڕێژەی وەبەرهێنانی بیانی لە ٩٪ و وەبەرهێنانی هاوبەش واتا لەنێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی لە٦٪ـە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە قەبارەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سەرکەوتن و فراوانبوونی نوێ تۆمار دەکات، تەنیا لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا توانیومانە ١٣٩ پڕۆژەی وەبەرهێنانی گەورە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی کوردستان جێبەجێ بکەین و لەگەڵ دەستپێکردنی پڕۆژە پەسەندکراوەکان ئەم ژمارەیە لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا زۆر بە خێرایی ڕوو لە هەڵکشان دەکات، بەمەش وەرچەرخانێکی گرنگ لە بواری زیادبوون و جۆراوجۆرکردنی وەبەرهێنان و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ کەرتی تایبەت دەستی پێ کردووە، وەنەبێت وەکو ساڵانی پێشوو تەنیا لە یەك سەکتەری بازرگانی و خانووبەرە وەبەرهێنان ئەنجام درابێت، ئێستا لەپێناو فرەچەشنکردنی ئابووریی هەرێم و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات، وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی ڕوویان لە کەرتەکان کردووە، بەم شێوەیە وەبەرهێنان لە کەرتەکانی (بازرگانی، تەندروستی، پیشەسازی، وزەی کارەبا، خانووبەرە، خزمەتگوزاری، گەشتیاری، کشتوکاڵی، فێرکردن و هونەری و وەرزشی و ژێرخانی ئابووری و .. تادوایی، زۆر زیادی کردووە، هەموو زانیاری و داتاکانی تایبەت بە گرنگیی وەبەرهێنان لەم کەرتانە و پێداویستییەکانی خەڵکی و داواکاریی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە ناو ڕێبەرێکی وەبەرهێناندا جێگای کراوەتەوە و هەموو وەبەرهێنەرێك دەتوانێت بە هەر سێ زمانی ( کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی ) سوودی لێ وەربگرن، خۆ ئەگەر لەگەڵ دوو ساڵی پێش کابینە ئەم ژمارانە بەراورد بکەین، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە مۆڵەتی ڕێپێدراوی وەبەرهێنان وێڕای قەیرانە سەخت و گەورەکانی بڕینی بودجە و قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا و دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت، کەچی هەر زوو سەقامگیریی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکانی ڕێزدار سەرۆك مسعود بارزانی و ڕێزداران نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت و کابینە بەهێزەکەی توانییان بە سەر ئەو قەیرانە مەترسیدارانەدا زاڵ بن، ئەگەر پلان و بەرنامە و کاری ئەوان نەبووایە شوێنەوارەکانی ئەو قەیرانانە خوانەخواستە ئەوەندە گەورە و مەترسیدار دەبوون، کە ئێستا نەك هەر بە زەحمەتی باسی وەبەرهێنانمان دەکرد، بەڵکو مەترسی لە سەر قەوارەی هەرێمەکەش دروست دەبوو. ڕاستە کوردستان لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە هەرێمێکی دانپێدانراوی فیدراڵییە و خاوەنی سامانێکی سروشتی و مرۆیی دەوڵەمەندە، بەڵام ئەگەر ژینگەی هەرێم سەقامگیری و ئارامی تێدا فەراهەم نەکرایە

**بەرەو ئەوە هەنگاومان ناوە کە وەبەرهێنان وەڵامدانەوەی پێداویستیی خەڵکی بێت و بارگرانی لەسەر هاونیشتمانیان کەم بکاتەوە و هەلی کار بۆ گەنجەکانمان بڕەخسێنێت**

**ژمارەی پڕۆژە مۆڵەت پێدراوەکانی وەبەرهێنان کە لە ئێستادا لە کاردان دەکاتە ٩٤٠ پڕۆژە و کۆی گشتی زەوی تەرخانکراویی دەکاتە ٧٢ هەزار دۆنم، لەمەشدا ڕێژەی وەبەرهێنانی خۆماڵی لە ٨٥٪ و ڕێژەی وەبەرهێنانی بیانی لە ٩٪ و وەبەرهێنانی هاوبەش واتا لەنێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی لە٦٪ـە**

**تەنیا لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا توانیومانە ١٣٩ پرۆژەی وەبەرهێنانی گەورە لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی کوردستان جێبەجێ بکەین و لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆژە پەسەندکراوەکان ئەم ژمارەیە لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا زۆر بە خێرایی ڕوو لە هەڵکشان دەکات**

و سیاسەتی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتەکان پەیڕەو نەکرایە، زەحمەت بوو ئەو سەرمایە گەورەیەی ناوخۆ و بیانی لە هەرێم بەگەڕ بخرێن، سەرمایە ترسنۆکە و ڕوو لە ژینگەی ئارام و پێگەی متمانەدار و بەهێز دەکات، ئێمە لەسەر ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیومانە وەبەرهێنان بخەینە سەر ڕێچکەی سرووشتیی خۆی کە بگونجێت لەگەڵ واقیعی هەرێمی کوردستان و خێراییەکانی سەردەم و پێداویستییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو دەربازبوون لە قەیرانی دارایی و بۆ ئەوەی چیتر حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرز نەکات بۆ دابینکردنی مووچەکان و تووشی قەیرانی سەختی سیولەی نەختینەیی نەبێت و لەگەڵ هەڵبەز و دابەزی بەهای نەوت کێشەمان بۆ دروست نەبێت، بەرنامەی فرەچەشنکردنی ئابووری لەپێناو جۆراوجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتی دەرکرد، لەم ڕوانگەیەوە ئێمە ڕیزبەندیمان داوە بە سێکتەرە سەرەکییەکانی (پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری) بۆ هەرسێ سێکتەر ڕێنماییمان دەرکردووە و جەختمان لەسەر ڕیزبەندی بۆ وەبەرهێنان لەم سێکتەرانە کردووە، وەنەبێت ئەمە لەسەر حیسابی سێکتەرەکانی دیکەش بێت، ئەوەتا بەپێی ڕێنمایی نوێ کرانەوەمان لە سێکتەری خانووبەرەش کردووە، چونکە خواستی لەسەرە و ناکرێت ئاستەنگی بۆ دابنێین، بەڵام ئەمجارە بەپلان و مەرج و ڕێنمایی نوێ، لە پێشانگای وەبەرهێنان و خانووبەرەی هەولێر بینیمان کە چۆن کۆمپانیا ناوخۆییەکان و تەنانەت وڵاتانی بیانی چاویان لەوەبەرهێنانە لە کەرتی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان، پێشبینی دەکرێت وەبەرهێنەرێکی بیانی زۆر لە کەرتی خانووبەرە ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکەن و شاری نوێ و باڵەخانە گەورەکان بونیات بنێن.

**ئەگەر ژینگەی هەرێم سەقامگیری و ئارامی تێدا فەراهەم نەکرایە و سیاسەتی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و زیادکردنی داهاتەکان پەیڕەو نەکرایە، زەحمەت بوو ئەو سەرمایە گەورەیەی ناوخۆ و بیانی لە هەرێم بەگەڕ بخرێن**

بە شێوەیەکی گشتی وەکو دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان هەر لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمدا پلانی وەبەرهێنانمان ڕاگەیاند و ڕێبەری وەبەرهێنانمان دەرکردووە، کە بەشێکی گرنگی نەخشەڕێگای وەبەرهێنانە هەموو ئەمانەش لەپێناو:

١- فرەچەشنکردنی ئابووریی هەرێم.

٢- هەمەجۆرکردنی سەرچاوەی داهات.

٣- دەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسان و دادپەروەرانە بۆ بەشداریکردنی کۆمپانیاکان.

٤- دابەشکردنی دادپەروەرانەی وەبەرهێنان بە سەر پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان، ئەمەش بەپێی خواستی خەڵك و پێداویستیی ئەو پارێزگا و ناوچانە.

٥- سووککردنی ئەرکی سەرشانی حکومەت.

٦- کەمکردنەوەی ڕۆتین و کەمبوونەوەی تێچوونی مۆڵەت وەرگرتنی وەبەرهێنان.

بۆ کەمکردنەوەی ڕۆتین و بیرۆکراتیەتی کوشندە جگە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی یەك پەنجەرەی پێدانی مۆڵەت و ئاسانکاریی لە تەرخانکردنی زەوی و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و لێخۆشبوون لە باج و هەموو ڕسوماتێکی ناگومرگی و لێخۆشبوون لە هێنانی کەرەستەی خاو بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و ئاسانکاریی بانکی و نەختینەیی، هەروەها بڕیارمان داوە نابێت هیچ بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەیەکمان وەڵامی وەبەرهێنەر لە ٣٠ ڕۆژ زیاتر تێپەڕێنێت، بەپێچەوانەوە ئێمە داواکاریی ئەو وەبەرهێنەرە بە هەند و گرنگیەوە وەردەگرین، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ دابەزینی دەسەڵاتەکانمان لە مانگی ئابی ئەمساڵدا و داوامان لە سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیش کردووە، دەسەڵاتەکانی خۆیان دابەزێنن و بە خۆشحاڵییەوە ئەوانیش دەسەڵاتەکانیان دابەزاندووە بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە گشتی و فەرمانگانەی هەیانە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و دوایین جار بە سوپاسەوە وەزارەتی بازرگانییش دەسەڵاتەکانیان دابەزاند، بە دابەزینی دەسەڵاتەکان و بەڕێوەچوونی کاروبارەکان لەناو سنووری پارێزگایەکدا، یان لە سنووری ئیدارەیەکی سەربەخۆدا بە دڵنیاییەوە کەمکردنەوەی ڕۆتین و کەمبوونەوەی تێچوونەکانیش بە دوای خۆیدا دەهێنێت، ئەمەش شوێنەوارەکانی زیاتر دەردەکەوێت بە سەر خێرا بەڕێوەچوونی کار و مامەڵەکانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و کەمبوونەوەی تێچووەکان.

من لێرەدا دەمەوێت جەخت لەسەر وەبەرهێنان لە بواری دامەزراندنی شار و ناوچە پیشەسازییەکان بکەمەوە کە لە سەرۆکایەتیی حکومەت گرنگی پێ دەدرێت و، سەرۆکی حکومەت بەڵێنی بە

خەڵکی کوردستان داوە کە هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمەی لە ناوخۆدا پێویستمانە و دەکرێت بەرهەم بهێنرێت، لێرە لە ناوخۆی کوردستان بەرهەمی بهێنین، ئێمە ئامانجمان جگە لە بەرزکردنەوەی ئاستی گەشەی ئابووریی هەرێمی کوردستان و بەهێزکردنی پێگەی هەرێمە، ئامانجیشمانە دەستەبەرکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکان و دەرچووانی پەیمانگا و زانکۆکان، کۆکردنەوەی پڕۆژە پیشەسازییەکان لەگەڵ پاشکۆکانیان و فرە پۆلینکردنی پیشەسازی لە ناوچەی پیشەسازیی خۆراکی و خواردنەوە و دەرمانسازی و کەلوپەلی پزیشکی و ناوچەی پیترۆکیمیاویان و پیشەسازیی کەرەستەی خانووبەرە و پیشەسازیی سووك و پۆلێنکردنی هەموو ئەم بلۆکانە و دابینکردنی پێداویستییەکانی بەرگریی شارستانی و فریاکەوتنی تەندروستی و حەوانەوەی کارمەندان و مزگەوت و شوێنە خزمەتگوزارییەکان و پاراستنی لایەنی ژینگەیی و سەوزایی، هەموو ئەم پێداویستییانە تەنیا پێداویستیی سەردەم و جوانکاریی نین، بەڵکو لە پێداویستییە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان و پاراستنی سەروماڵ و بگرە مافی کرێکاران و کارمەندانیشیانە، ئێمە کۆمەڵێك هەلی گەورەمان پێشکەش بە وەبەرهێنان کردووە لەم شارو ناوچە پیشەسازییانەدا، بۆ نموونە لە پارێزگای هەولێر لە قەزای خەبات ناوچەی پیشەسازیی ئارارات و میدیکاڵ ستی و تیمار و ناوچەی پیشەسازیی سۆرانمان هەیە، لە پارێزگای سلێمانی دوو ناوچەی پیشەسازیمان داناوە لە عەربەت و ڕۆژئاوای سلێمانی لە بەرنامەدایە، لە پارێزگای دهۆکیش سێ ناوچەی پیشەسازی دادەنرێت، لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ و لە قەزای بەردەرەش و لە قەزای بامەرنێ، لە پارێزگای هەڵەبجەش دوو ناوچەی پیشەسازیمان هەیە و لە ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ڕاپەرینیش ناوچەی پیشەسازی هەیە.


وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دوابەدوای کەرتی پیشەسازی دێت؛ ئێمە لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو هەوڵ دەدەین هەماهەنگی و ڕێکخستنێکی باشتر لە نێوانماندا هەبێت و، لەم ڕووەوە سوپاسی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەکەم کە زۆر یارمەتیدەرن، بۆیە توانیومانە ڕوو لە دروستکردنی پڕۆژەی گەورەی کشتوکاڵی بکەین، لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵان ئەم هەواڵە بە خوێنەران دەدەم کە پڕۆژەی زۆر گەورەی کشتوکاڵی لە ڕێگادایە و وەرچەرخانێکی گەورە لەکەرتی کشتوکاڵی دروست دەبێت، پلانی ئێمە و وەزارەتی کشتوکاڵیش لەم بوارەدا ئەوەیە کار دەکەین بۆ پێشکەوتنی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پیشکەوتوو، هەروەها سوودوەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکان و دروستکردنی بەنداوە وەرزی و هەمیشەییەکان و پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و پشتگیریکردنی جووتیارانی هەرێم و دروستکردنی شوێنی بەبازاڕکردنی دانەوێڵە و دروستکردنی عەلوەی نوێ و هاوچەرخ بۆ بەبازارکردنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان و هەماهەنگیی زیاتر لە نێوان وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو بۆ دابینکردنی وزەی کارەبا لە بەنداوەکان و چەندین هەنگاوی کردەیی دیکە.. بۆ ئەم مەبەستە لە دانوستاندایین لەگەڵ گەورە کۆمپانیاکانی بیانی پەیوەندیدار بە بەرهەمهێنانی پیشەسازیی خۆراکی بۆ ئەوەی لە کوردستان وەبەرهێنان لە کشتوکاڵ بکەن و سوود لە دەرفەتەکان و کارئاسانییەکان وەربگرن، بۆ ئەوەی وەبەرهێنان لێرە ئەنجام بدەن و کاڵا و بەرهەمەکانیان ببەنە دەرەوە کە لەم بوارەدا شارەزایی و پەیوەندییەکی باش و ناوبانگێکی جیهانییان هەیە بۆ ڕەواجکردنی بەرهەمەکان.

دیدگا و ستراتیژیەتی وەبەرهێنان تەنیا بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری و گرنگیدان بە سێکتەرەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری نییە، بەڵکو گرنگیدانە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی وەبەرهێنان لەو گوند و ناحیە و قەزایانەی کە پڕۆژەی تێدا نییە و بایەخی زیاتر بە ناوچە دوورەدەستەکانیش بدرێت، بۆ ئەوەی خەڵکی ئەم ناوچانەش سوود لە دەرفەتەکانی وەبەرهێنان و بەرزبوونەوەی بژێوی ژیانیان وەربگرن.

لە ماوەیەکی زۆر نزیك ناوچەی نوێی وەبەرهێنان ڕادەگەیەنین و شاری نوێ بە مۆدێری زۆر باشتر و هاوچەرخ ڕادەگەیەنین، سەقامگیریی هەرێم و بەهێزیی حکومەت و پێگەی بەناوبانگی پێکەوەژیانی کوردستان هاوکاریی ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی و نێوخۆن بۆ ئەوەی سوود لەدەرفەتەکانی وەبەرهێنان و سامانی سرووشتی و مرۆیی کوردستان وەربگرن.

**لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵان ئەم هەواڵە بە خوێنەران دەدەم کە پڕۆژەی زۆر گەورەی کشتوکاڵی لە ڕێگادایە و وەرچەرخانێکی گەورە لەکەرتی کشتوکاڵی دروست دەبێت**

**بەهێزیی حکومەت و پێگەی بەناوبانگی پێکەوەژیانی کوردستان هاوکاریی ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی و نێوخۆن بۆ ئەوەی سوود لە دەرفەتەکانی وەبەرهێنان و سامانی سرووشتی و مرۆیی کوردستان وەربگرن**



**بۆ قوتابییان پرسی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگاکان پرسێکی هەستیار و چارەنووسسازە، هەروەها پەیوەستە بەوەی چۆن قوتابییان ئەو نمرەیەی بەدەستیان هێناوە، بیگونجێنن لەگەڵ ئەو بەشەی نزیکە لە خواستی ئەوانەوە، بۆ قسەکردن لەسەر خودی ئەم سیستمە و لایەنە باشەکانی و پرسە پەیوەندیدارەکانی دیکەوە گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر جەوهەر فەتاح سەعید سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین ئەنجام دا.**

## پرۆفیسۆر دکتۆر جەوهەر فەتاح سەعید

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# سیاسەتی حکومەت ئەوەیە زۆرترین قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگا حکوومییەکان وەربگیرێن

*** سیستمی زانکۆلاین چییە و میکانیزمەکەی چۆنە و ئایا ئەم سیستەمە لە چ وڵاتێکی دنیا کاری پێ کراوە و، ئەم بیرۆکەیە چۆن گەڵاڵە بوو بۆ ئەوەی لە زانکۆکانی کوردستان جێبەجێ بکرێت؟**

- لە ڕاستیدا سیستەمی زانکۆلاین سیستەمێکی تەکنەلۆژیای هاوچەرخی نوێیە، تەنانەت هەر خودی ئەو سیستەمەش لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی پێشکەوتوودا بەکاردێت، چونکە بە گرتنبەری ئەم سیستمە ئەوا پێویست بەوە ناکات، خەڵك لە سەرەگرتندا ڕابوەستێت، هەروەها پێویستی بەو کەرەستە و پێداویستییانەش نییە کە لە هەڵبژاردنە تەقلیدییەکاندا بەکاردێت، چونکە خەڵکەکە بە شێوەی ئۆنلاین و لە ماڵ و شوێنی خۆیان -پاش ئەوەی داتاکان وەردەگرن- دەتوانن دەنگ بدەن و لە هەڵبژاردن بەشداری بکەن. ئەوەی پەیوەست بێت بە (زانکۆلاین)یشەوە، ئەوا پاش ئەوەی هەر قوتابییەك کۆدەکەی وەردەگرێت، لە ڕێگای کۆدەکەی خۆی

دەتوانێت بەپێی ئەو ئارەزوو و خواستەی هەیەتی و ئەو کۆلێژ و بەشانە پڕ بکاتەوە کە دەیەوێت. پاش پڕکردنەوەی فۆرمەکەش بە شێوەی ئەلیکترۆنی دەچێتە سیستەمی ناوەندی لە بەڕێوەبەرایەتیی ناوەندی وەرگرتن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ئەم بەڕێوەبەرایەتییە کاری پێویستیان لەسەر دەکات. دواتر ئەمە سیستمێکی خێرایە و کاتێکی کەمی دەوێت بۆ پڕکردنەوەی، چونکە پێشتر ئەم کارە مانگێك بۆ ٤٠ ڕۆژی دەویست و ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەریشی پێوە سەرقاڵ دەبوون، زۆرجار قوتابیانیش دوچاری هەڵە و کێشە دەبوون. بەڵام ئەم سیستمە نوێ و هاوچەرخە و ئاسانکاری زۆر لە خۆدەگرێت. هەروەها بە پێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەر قوتابییەك نابێت کەمتر لە (٥٠) بەش پڕ بکاتەوە و بەشەکانیش بە شێوەی پلەبەندین، واتە ئەگەر ناوی لە یەکەم بەش وەرنەگیرێت کە پڕی کردووەتەوە، ئەوا ڕەچاوی دووەم بەش دەکرێت و بەو شێوەیە و پرۆسەکە بەردەوام دەبێت، تاوەکو ناوی لە یەکێك لەو بەشانە دەردەچێت کە پڕی کردوونەتەوە.

*** چ لایەنێك و دامودەزگایەك سەرپەرشتیی و بەدواداچوونی ئەو سیستەمە دەکات؟**

- بەڕێوەبەرایەتیی ناوەندی وەرگرتن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کار لەسەر ئەو سیستەمە دەکات و، ئەو دامەزراوەیە سەرپەرشتیی هەموو کارەکان دەکات، هەموو زانیاری و داتاکانیش بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەگەڕێتەوە، لە پاشان بەشێوەیەکی زانستی و ورد کاری لەسەر دەکەن، و لە ماوەیەکی کەمدا دەرئەنجام و ناوی قوتابیان بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و کۆلێژەکان دەردەچێت. ئەم بەڕێوەبەرایەتییەش ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لەخۆ دەگرێت و شایستەی ئەوەن ستایش بکرێن کە بە خەمخۆری و دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن.

*** ئایا ئەم سیستەمە تا چەند سەرکەوتووە و تا چەند بارسووکییە بۆ وەرگرتنی قوتابیان و بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی؟ ئایا ڕێنماییەکانی پەیوەست بە پڕکردنەوەی چین؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد ئەمە سیستمێکی کارایە، چونکە ئەگەر بۆ ساڵانێکی دوور بگەڕێینەوە دواوە، ئەوا لە هەموو عێراقدا چەند سەنتەرێك هەبوون -لە بەغدا و مووسڵ و بەسرا و سلێمانی- کە دەبوو قوتابیان کات و پارەیەکی زۆر خەرج بکەن تاوەکو فۆرمی وەرگرتن وەربگرن و پڕی بکەنەوە و بیگەڕێننەوە بۆ ئەو سەنتەرانە. بەڵام ئێستا لەدوورترین شوێن و ناوچە لە کوردستان قوتابی دەتوانێت لەماڵ و شوێنی خۆی بە ئۆنلاین بەپێی ئەو کۆدەی وەریگرتوە بەشە خوازراوەکانی پڕ بکاتەوە. مەرج و ڕێنماییەکانیش -هەروەك ئاماژەم پێ کرد-لەلایەن وەزارەتەوە دەردەچن، کە یەکێکیان ئەوەیە قوتابی نابێت لە (٥٠) بەش کەمتر پڕبکاتەوە، و دەبێت کۆدی تایبەت بە خۆی وەرگرتبێت و دووبارەی تێدا نەبێت و هەڵبژاردنی کۆلێژ و بەش و لقەکان بەپێی تێکڕای نمرەکان بێت و ڕەچاوی داواکاری و تایبەتمەندیی بەشی زانستییەکانیش کراوە.

*** ئەی کێشەکانی ئەم سیستەمە چین و چۆن چارەسەر دەکرێن؟**

- ئەم سیستەمە کێشەیەکی ئەوتۆی نییە، تەنیا هەندێجار هەڵەیەك ڕوودەدات، بۆ نموونە بۆی هەیە ناوی هەندێك قوتابی دەرنەچێت، یان بەپێی نمرەکانیان نەبێت، یان قوتابی خۆی لە پڕکردنەوەدا هەڵەی کردووە، لەم کاتەدا لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە ماوەیەك بە قوتابییەکان دەدرێت، تاوەکو بتوانرێت ئەو کێشە و هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە و لە پاشان ئەو قوتابیانەش بەپێی مەرج و نمرەکانیان ناویان لە زانکۆ و کۆلێژەکان دەردەچێت. واتە ڕاستە هەندێکجار هەندێ هەڵە دەکرێت، بەڵام ئەو هەڵانەش چاك دەکرێنەوە، بێگومان دەتوانین بڵێین سیستەمی زانکۆلاین بۆ وەرگرتن و تۆماری قوتابیان لە زانکۆکان باشترین سیستەمە و ١٠٠٪ سەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی سیستەمێکی زۆر پێشکەوتووە و تەواو لە بەرژەوەندیی قوتابیاندایە.

*** بە تێڕوانینی ئێوە ئەمساڵ چەند قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێم وەردەگیرێن، ئەوانەی ئەگەر کێشەیان لە تۆمار و پڕکردنەوە هەبێت، چییان بۆ دەکەن؟**

- ڕەنگە نەتوانین ژمارەی ورد بڵێین لەم ڕووەوە، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین کە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە زۆرترین قوتابی لە زانکۆ و کۆلێژەکان وەربگیرێن، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە تاوەکو قوتابیان بە گشتی و قوتابیانی کەمەدەرامەت و هەژار بە تایبەتی لە زانکۆکانی حکوومی وەربگیرێن و لە خوێندنی زانکۆ و پەیمانگا بێبەش نەبن، هەر بۆیەش هەموو هەوڵی وەزارتی خوێندنی باڵا ئەوەیە کە ئەمساڵیش زۆرترین قوتابی لە زانکۆ و پەیمانگاکانی حکوومی وەربگیرێن.

**سیستمی زانکۆلایەن سیستمێکی هاوچەرخ و کارا و سەرکەوتووە**


**پێشتر ئەم کارە مانگێک بۆ ٤٠ ڕۆژی دەویست و ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەریشی پێوە سەرقاڵ دەبوون، زۆرجار قوتابیانیش دوچاری هەڵە و کێشە دەبوون**

**لە ماوەیەکی کەمدا دەرئەنجام و ناوی قوتابیان بۆ وەرگرتن لە زانکۆ و کۆلێژەکان دەردەچێت**

**ئێستا لەدوورترین شوێن و ناوچە لە کوردستان قوتابی دەتوانێت لەماڵ و شوێنی خۆی بە ئۆنلاین بەپێی ئەو کۆدەی وەریگرتوە بەشە خوازراوەکانی پڕ بکاتەوە**

**سیستەمی زانکۆلاین بۆ وەرگرتن و تۆماری قوتابیان لە زانکۆکان باشترین سیستەمە و ١٠٠٪ سەرکەوتووە، لەبەر ئەوەی سیستەمێکی زۆر پێشکەوتووە و تەواو لە بەرژەوەندیی قوتابیاندایە**

دیمانەی تایبەت



## ستیڤن سیمباڵا

پرۆفیسۆری زانستی سیاسی لە زانکۆی پەنسلڤانیا بۆ گوڵان:

# نەوەیەک دروست بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە نایەوێت لە حاڵەتی شەڕێکی هەمیشەییدا بێت لەگەڵ جیهاندا

ستیڤن سیمباڵا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی پەنسلڤانیا، نووسەری چەندین کتێبە لە بارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی بەراوردکاری، سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە سیاسەتی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن لە بارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند پرس و پەرەسەندنێکی دیکەی نێو ئەم ناوچە پڕ لە کێشە و ئاڵۆزییە.

*** سەرەتا دەمانەوێت لە پرسیارێکی گشتییەوە دەست پێ بکەین، ئێوە چۆن لە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن دەڕوانن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەتی کە ئێستا ئەو تێڕوانینە دروست بووە کە ئەمریکا دەیەوێت ئەوەندەی پێی بکرێت، خۆی بە دوور بگرێت لە کێشە و گرفتەکانی ئەم ناوچەیە، واتە ئەوەندەی دەکرێت لەم ناوچەیە بکشێتەوە؟**

- بە باوەڕی من کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاریگەری و دەرئەنجامی کارەساتباری لێ دەکەوێتەوە، ئێوە بڕوانن دوای کشانەوەی ئەمریکا لە وڵاتی ئەفغانستان چی ڕوویدا. دواتر ئەوەی ئەمریکا، یان بە دیاریکراوی سەرۆك جۆ بایدن ڕایگەیاند لە بارەی گەلی ئەفغانستانەوە مایەی سووکایەتیپێکردن بوو، کاتێك ڕایگەیاند کە ئەوان گەندەڵن و نایانەوێت شەڕ بکەن و ئازایەتی شەڕکردنیان تێدا نییە. مەبەستم ئەوەیە دوای جێهێشتنیان دەیەوێت بە سووکایەتیپێکردنیان پاساو بۆ بڕیار و هەنگاوەکەی خۆی بهێنێتەوە. کەواتە پێم وایە دەبێت ئەمریکا پێداچوونەوەیەکی تەواو بە سیاسەتەکانیدا بکات. ئەوەتا ٢٠ ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەردا، واتە دەبێت ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەست لەو دیدگا و جیهانبینییە هەڵبگرێت کە جیهان پڕە لە هەڕەشە و مەترسی و دوژمن و دەبێت بەرەنگارییان ببینەوە، لە بری ئەوە دەبێت وا لە جیهان بڕوانێت کە پڕە لە دۆست و هاوپەیمان، چونکە کاتێك وا سەیری جیهان دەکەیت کە پڕ لە دوژمن و کاتێك شەڕ لەگەڵ ئەو دوژمنانەشدا دەکەیت، ئەوا تۆ بەهێزیان دەکەیت و تواناداریان دەکەیت و پێگەیان بەهێز دەکەیت. کاتێك ئەو ڕێکخراوەی پێی دەڵێن داعشی خوراسان کە لە چەندین لێدوانی بایدندا ئاماژەی پێ کرا، بە چەشنێك وا هەست دەکرا ئەم ڕێکخراوە ڕکابەری ئەمریکایە، چونکە هەستی دەکرد لە پێگەیەکی بەهێزدایە، لەبەر ئەوە لەگەڵ مەزنترین هێزی جیهاندا کەوتبووە ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕەوە. لێرەدا پوختەی قسەکە ئەوەیە کە کاتێك ئەمریکا هەموو تەرکیزی خۆی لەسەر دوژمنەکانی چڕ دەکاتەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە لە هەمان کاتدا دۆستەکانی لاواز دەکات. کەواتە دەبێت لێرەدا ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئەمریکا دەبێت بەو شێوەیە لە جیهان و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕوانێت کە ئاواتی گەلەکانیان لەگەڵ دیدگای ئەمریکا بۆ جیهان یەك دەگرێتەوە. واتە دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکات کە ئەم گەلانەش دەیانەوێت لە ئاشتیدا بژین و ئازادی بەدەست بهێنن و، نایانەوێت لە حاڵەتی شەڕی هەمیشەییدا بن لەگەڵ جیهاندا. کێشەکە ئەوەیە ئەمریکا تەنیا لە ڕوانگەی پرسی تیرۆریزمەوە لەم ناوچەیە دەڕوانێت، بە چەشنێك کە ئەگەر تۆ کەسێك، یان هاووڵاتییەکی ئەمریکی بیت، ئەوا وا دەزانیت سەرجەم خەڵکی ئەم ناوچەیە تیرۆریستن، هەر لە مەغریبەوە بۆ ئەفغانستان و هەر لە مەراکیشەوە بۆ بەنگلادیش، لەبەر ئەوە دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لایەنە ئیجابییەکان ببینێت و، تەنیا خۆی سەرقاڵ نەکات بە لایەنە سلبییەکانەوە. دواتر دەبێت ئێمە ئەوەمان لە یاد بێت کە ئەزموون سەلماندوویەتی هەر کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ دۆستەکانیدا کاری کردبێت، ئەوا دەرئەنجامی بەدەست هێناوە. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٨دا ئەمریکا کاری لەگەڵ ئەنجومەنەکانی سەحوە کرد لە عێراقدا و لە دەرئەنجامدا ڕێکخراوی ئەل قاعیدەی لە عێراقدا ڕیشەکێش کرد. بەڵام کاتێك پشتی تێکردن و تەنیا تەرکیزی لەسەر شەڕەکە کرد لە دژی داعش، ئەوا تەواوی ناوچەکەکانی وێران کرد، ئەوە بوو مووسڵ و فەلوجە و ڕومادی بە تەواوەتی وێران کران. تەنانەت کڵێسەکەی مووسڵ بە بۆردومانی ئەمریکییەکان وێران کرا، نەك بە هێرشی داعش. مەبەستم ئەوەیە ئەمریکا هیوا و ئومێدێکی بۆ هاوپەیمانەکانی جێ نەهێشت. کەواتە لەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین کە هێنانەئارای گۆڕانکارییەکی کەم لە دیدگا و جیهانبینیدا، جیاوازییەکی گەورە و بەرچاو دروست دەکات لەسەر ئەرزی واقیع.

*** هەندێ لە شرۆڤەکاران ئاماژە بە ڕوودانی پەرەسەندنی ئەرێنی دەکەن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەك پرسی ڕێککەوتنی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و هەندێ لە وڵاتانی عەرەبی، بە بۆچوونی ئێوە هۆکار و پاڵنەری ئەنجامدانی ئەم ڕێککەوتنانە چین و ئایا دەبنە**

**کاتێک ئەمریکا هەموو تەرکیزی خۆی لەسەر دوژمنەکانی چڕ دەکاتەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە لە هەمان کاتدا دۆستەکانی لاواز دەکات**

**ئەمریکا دەبێت بەو شێوەیە لە جیهان و لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕوانێت کە ئاواتی گەلەکانیان لەگەڵ دیدگای ئەمریکا بۆ جیهان یەک دەگرێتەوە**

**ئەزموون سەلماندوویەتی هەر کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ دۆستەکانیدا کاری کردبێت، ئەوا دەرئەنجامی بەدەست هێناوە**

**تەنیا شەڕخوازان سوود لە هەڵگیرسان و درێژەکێشانی شەڕ وەردەگرن**

**هۆی بڕەودان بە سەقامگیریی ناوچەکە و کەمکردنەوەی بارگرژی و ئاڵۆزییەکان و ئایا ئەم ڕێککەوتنانە بەردەوام دەبن؟**

- سەرەتا دەبێت بڵێین: تەنیا شەڕخوازان سوود لە هەڵگیرسان و درێژەکێشانی شەڕ وەردەگرن، دواتر دەبێت من ئەوە بڵێم کە پێم وایە ئەمانە ڕێککەوتنی ڕاستەقینەی ئاشتین، واتە ڕاستە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا- بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن- بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان وەسفیان دەکات، بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە لە ڕاستیدا ئەمانە ڕێککەوتنی ڕاستەقینەی ئاشتین. چونکە پێشتر سەرتاپای جیهانی عەرەبی لە حاڵەتی شەڕدا بوون لەگەڵ ئیسرائیل، بەڵام ئەوە بوو هەندێ لەم وڵاتانە بڕیاریان دا لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو ڕێگای باشتر و میکانیزمی گونجاوتر هەیە بۆ بەدیهێنان و برەوپێدان بە ئامانجەکانیان، لە بری ئەوەی لە حاڵەتی شەڕێکی هەمیشەییدا بن. لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە هەڵەکە لەوەدا بوو کە ئەم ڕێککەوتنانە ئەو نادادی و ستەمانەی لەبەرچاو نەگرت کە دژ بە فەلەستینییەکان دەکرێن، چونکە دەرفەتی ئەوە هەبوو کە ئاشتی لە فەلەستینیشدا بەرپا بکرێت، هەروەها دەرفەتی ئەوە هەبوو کە وەبەرهێنان لە فەلەستیندا بکرێت، بەڵام بە داخەوە ئەم دەرفەتە لە دەست چوو.

*** ئێوە باسی حاڵەتی شەڕی هەمیشەییتان کرد کە هەندێ لە وڵاتانی ناوچەکە نایانەوێت چیتر خۆیان لەم بارودۆخەدا ببیننەوە، بەڵام ئێمە دەزانین کە شەڕەکان کۆتایی نەهاتووە و هەمیشە ئەگەری شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل لە ئارادایە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- ئەوە ڕاستە، بەڵام دەبێت ئێمە تێچوو و بارگرانیی شەڕ، یان دەرئەنجامەکانی شەڕ لەبەرچاو بگرین، ئێوە بڕوانن شەڕی غەززەی ئەم دواییە چەند وێرانکاری لێکەوتەوە، هەروەها شەڕەکانی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵا، کە لێرەدا مەبەستمە بڵێم شەڕی حزبوڵا و ئیسرائیل نەك شەڕی لوبنان و ئیسرائیل، چونکە حزبوڵا تاکلایەنە بڕیاری شەڕەکەی دا، وڵاتەکەشی ڕاکێشایە نێو شەڕەکەوە. هەروەها بەردەوام هەڕەشە و مەترسیی هەڵگیرسانی شەڕ هەیە لەگەڵ ئیسرائیلدا، کە هەموو ئەمانە تێچوون و بارگرانییەکی ئابوورییان هەیە بەسەر لوبنانەوە. چونکە لەم بارودۆخەدا پڕۆژەکانی وەبەرهێنان ڕادەوەستن، کەرتی گەشتوگوزاری لەم وڵاتەدا لاواز دەبێت، کەرتی خانووبەرە سست دەبێت، واتە هەڕەشە و مەترسییەکانی بەرپابوونی شەڕ، بارگرانیی و تێچوونێکی قورسی لەسەر ئابووریی وڵاتەکە هەیە. کەواتە بوونی ئەم هەلومەرجە و هەروەها قەیران و کێشە سیاسییە قووڵەکانی نێو وڵاتی لوبنان، بوونە هۆی ئەوەی تەنگژە لە نێوان لوبنان و وڵاتانی کەنداودا ڕووبدات، بە دیاریکراوی سعودیە و ئیمارات و کوەیت، ئەوە بوو ئەم وڵاتانە هەڵوێستیان لە ئاست لوبناندا گرتەبەر، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو حزبوڵا دەستی بەسەر ئەو وڵاتەدا گرتووە. کەواتە کاریگەرییە کەڵەکەبووەکانی هەموو ئەم قەیران و بارودۆخانە بوونە هۆی ئەوەی وڵاتەکە بەرەو ئەو داڕووخانە بچێت. کە بەهای دراوی وڵاتەکە بە جارێك دابەزێت و، بازاڕی ڕەش بێتەئاراوە و حکومەتیش نەتوانێت بڕیاری کار و یەکلاکەرەوە بدات و هەر بە ئیفلیجی بمێنێتەوە.

*** بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپیشاندانەکانیش دەرئەنجامی خوازراویان لێ ناکەوێتەوە، بە تایبەتی کە بینیمان تەنانەت بەهاری عەرەبییش نەیتوانی گۆڕانکاریی خوازراو و چاوەڕوانکراو بێنێتەئاراوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دۆخی ئەم وڵاتانە جێگای نائومێدییە، یان هێشتا دەتوانرێت هیوایەك لە ئاسۆدا بەدی بکرێت؟**

- من پێم وایە بوونی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان خۆی لە خۆیدا ئاماژەیەکی باشە، چونکە ئەم بزواتە پێمان دەڵێت کە نەوەیەکی نوێ لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا دروست بووە کە نایانەوێت و خوازیاری ئەوە نین لە حاڵەتی شەڕێکی هەمیشەییدا بن لەگەڵ سەرجەم جیهاندا، واتە گەلانی ئەم ناوچەیە نایانەوێت ببنە وڵاتێکی وەك کۆریای باکوور و کوبا و فەنزویلا. بە کورتییەکەی من پێم وا نییە گەلانی ئەم ناوچەیە بیانەوێت بە ئاراستەی ئەوەی پێی دەڵێن میحوەری مقاوەمەدا بڕۆن، واتە لە شەڕ و تێهەڵچوون و بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەدا بن لەگەڵ ڕۆژئاوا و ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی کەنداو لەگەڵ هەموواندا.




## ئیتان گیلبوا

پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی بار ئیلان بۆ گوڵان:

# سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە هاوسەنگکردنەوە هەیە

**ئیتان گیلبوا پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی بار ئیلان. خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەیە لەبارەی دیپلۆماسییەتی گشتی، پەیوەندییە نێودەڵەتییەکان و سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە گشتی و، هەندێ پرس و پەرەسەندن و پێشهاتی پەیوەندیداری دیکە، بە چەشنی شکستی سیاسەتی دەرەوەی ئەم ئیدارەیە، بۆ نموونە، لە ئاست ئەفغانستان، هەروەها پرسی پەیوەندییەکان، یان ئایندەی پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و چەند پێشهاتێکی دیکە.**

*** ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بۆ سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە خەسڵەت و ڕەهەندەکانی سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چین؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە دەتوانین لە ڕوانگەی بڕیارەکەی ئەم دواییەی ئیدارەی سەرۆك بایدنەوە بۆ کشانەوە لە ئەفغانستان لەم مەسەلەیە بڕوانین، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر لە گۆشەنیگای ئەم بڕیارەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەدا و سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئەم ئیدارەیە بکەین، ئەوا بینیمان چۆن دەستبەسەرداگرتنی وڵاتی ئەفغانستان لەلایەن تاڵیبانەوە بووە هۆی ئاڵۆزکردنی زیاتری قەیرانە مرۆییەکانی ئەو وڵاتە. ئەوە بوو نرخی خۆراك بەرز بووەوە. بانکەکان داخران، ئەفغانییەکان نەیانتوانی پارەی نەخیتنە بەدەست بهێنن. لە ڕووی سیاسییەوە ئایندەی ئەو وڵاتە تەمومژاوییە و دیار نییە بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات. هەروەها لە سەروەختی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا لەلایەن تاڵیبانەوە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان- کە بزوێنەری گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتە بوو- ڕاگیران، بانکی جیهانیش هاوکارییەکانی بۆ ئەفغانستان سڕکرد و نیگەرانیی خۆی دەربڕی لە بارەی ئەگەرەکانی گەشەکردنی ئەو وڵاتەوە، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە پرسی ئافرەتانەوە لە سایەی حوکمڕانیی تاڵیباندا. کەواتە من دووبارەی دەکەمەوە، کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان کارەسات بوو، کە قەیرانێکی مرۆیی و پەنابەرانی دروست کرد، دەکرێت لە ئایندەشدا ببێتە مۆڵگەیەك بۆ توندڕەو و تیرۆریستەکان. ئەوە بوو لە ڕۆژانی سەرەتای دەستبەسەرداگرتنی ئەو وڵاتەدا داعش توانی کاری تیرۆریستی ئەنجام بدات و، لە ڕێی کارێکی خۆکوژییەوە لە فڕۆکەخانەی کابول سەدان کەس بوونە قوربانی، لە نێویاندا ١٣ سەربازی ئەمریکی. کەواتە پوختەی وەڵامەکە ئەوەیە کە سەرکەوتنی تاڵیبان لە ئەفغانستاندا مایەی هاندانی گرووپە تیرۆریستییەکانە بۆ ئەوەی دووبارە چالاك ببنەوە و بە دڵنیاییەوە هانی ئەل قاعیدە دەدات بۆ ئەوەی دوبارە خۆی ڕێکبخاتەوە. لێرەدا دەبێت ئومێد و چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێت کە خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەم ئیدارەیە بە قووڵی لەم شکستە بڕوانن کە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیاندا دووچاری بوون. چونکە بینیمان ئەو بڕیارە چ بارودۆخێکی پڕ لە پشێوی و ئاڵۆزی لەو وڵاتەدا خولْقاند و هێنایەئاراوە. کاتێك دەڵێم بە قووڵی لەم شکست و کارەساتەی بواری سیاسەتی دەرەوە بڕوانن، ئەوا دەبێت سەرۆك بایدن هەوڵەکانی چڕ بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات بە دووبارەبوونەوەی ئەم شکست و ئەم هەڵانە. کەواتە ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك بایدن بڕوانین لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەم سیاسەتە لە بارێکی ئاڵۆزی و پاشاگەردانیدایە و دەبێت کار بکرێت بۆ پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوە و هاوسەنگکردنەوەی.

*** ئێوە ئاماژەتان بە شکست و هەڵەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن کرد لە ئاست ئەفغانستاندا و بە شێوەیەکی گشتی پێتان وابوو سیاسەتی ئەم ئیدارەیە لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە، ئایا چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن لە پەیوەندی بە عێراقدا، بە تایبەتی کە ئەمریکا و عێراق گفتوگۆی ستراتیژییان ئەنجام دا بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئایا پێتان وایە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم وڵاتە بە چ ئاقار و ئاڕاستەیەکدا دەڕوات.**

**کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان کارەسات بوو، کە قەیرانێکی مرۆیی و پەنابەرانی دروست کرد، دەکرێت لە ئایندەشدا ببێتە مۆڵگەیەک بۆ توندڕەو و تیرۆریستەکان**

- ئەوەی لەم بارەیەوە دەتوانرێت ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی قووڵی دروست کرد. ئەوەی پەیوەست بێت بە بارودۆخی عێراقەوە، یان ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئەمریکاوە، ئەوا ئێمە ئەزموونی ساڵی ٢٠١٤مان لە یادە، کە بینیمان لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتەدا، چۆن بارودۆخە ئەمنییەکە بە ئاقار و ئاراستەیەکی مەترسیداردا ڕۆیشت، و چۆن سوپای عێراقی کە بە چەکی ئەمریکی پڕچەك کرابوو، داڕووخا و نەیتوانی بەرەنگاری هێرش و هەڕەشەکان ببێتەوە. و لە کۆتاییدا بینیمان داعش بە هێزێکی کەم و بچووکەوە توانی ڕووبەرێکی بەرفراوانی خاکی عێراقی داگیر بکات. بەڵام ئەوەی زیاتر جێی داخ و نیگەرانییە ئەوەیە کە هەمان سیناریۆ لە ئەفغانستان دووبار بووەوە، مەبەستم ئەوەیە بە هەمان شێوە سوپای ئەفغانستان کە بە چەکی پێشکەتووی ئەمریکی پڕچەك کرابوو، نەیتوانی بەرگری بکات و تاڵیبان توانی بە خێرایی و بە ئاسانی ئەو وڵاتە دووبارە بگرێتەوە دەست، لە ئێستاشدا کێشەکە ئەوەیە کە گرووپ و ڕێکخراوە توندڕەوەکانی دیکە دووبارە ئومێدیان بۆ دروست ببێتەوە، بۆ ئەوەی هەمان سیناریۆ دووبارە بکەنەوە، بە تایبەتی لە عێراقدا.

*** ئەگەر ئاماژە بە کێشە و ناکۆکییەکی درێژخایەن و ئاڵۆزی دیکەی ئەم ناوچەیە بکەین کە بۆ ڕۆژگارێکی دوور و درێژ بە کێشەی سەرەکیی ئەم ناوچەیە وەسف کرابوو، بریتییە لە ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل، کە ئاشکرایە سەرجەم دەستپێشخەری و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی بە شکست و نائومێدی کۆتایی هاتووە، ئێوە چۆن لە ئایندەی ئەم ناکۆکییە دەڕوانن و ئایا هیچ چارەسەرێك لە ئاسۆدا بەدی دەکەن؟**

- من دەمەوێت کێشەکە پەیوەست بکەمەوە بە ئێرانەوە، چونکە تێڕوانین و ستراتیژیەت و باوەڕی حکومەتی ئێرانی ئەوەیە کە ئەگەر بتوانێت پەرە بە چەکی ئەتۆمی بدات و بڕەو بە مووشەکە بالیستییەکان بدات، بە چەشنێك کە مەودابڕی ئەم مووشەکانە بگاتە تەل ئەبیب، ئەوا بەم شێوەیە دەتوانێت هەژموونگەرایی و باڵادەستیی خۆی بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بسەپێنێت. کەواتە لەم ڕووەوە هەمیشە هەوڵێك دەخاتەگەڕ بۆ پەرەپێدانی چەکی ناوکی، بەوەش دەتوانێت باڵادەستیی خۆی بەسەر ئەم ناوچەیەدا بەدەست بهێنێت. ئێوە بڕوانن لە ئێستادا ئێران کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی و هەژموونێکی زۆری بەسەر دەوڵەتە دراوسێیەکەیەوە- عێراق- هەیە، هەروەها لە ئێستادا ئەم وڵاتە هاوکاریی دارایی و چەك دەستەبەر دەکات بۆ حزبوڵڵا لە لوبنان، بۆ ڕێکخراوی حەماس لە فەلەستین، هەروەها بۆ حکومەتەکەی بەشار ئەل ئەسەد لە سووریا، لە هەمان کاتدا بۆ یاخیبووانی حوسی لە وڵاتی یەمەن. بە چەشنێك لە ئێستادا بزووتنەوە ئوسوولگەراییەکان، بە شیعە و سوننەوە- کە خۆیان لە خۆیاندا دوژمنی سەرسەختی یەکترن- تاران بە چەقی هەڵمەتی دووبارە زیندووکردنەوەی خەلافەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و تێکشکاندنی ئیسرائیل دەزانن. دواتر ئیسرائیل، کە هێزێکی ناوکییە، ڕایگەیاندووە کە هەموو هەوڵێك دەخاتەگەڕ تاوەکو ئێران نەتوانێت پەرە بە چەکی ناوکی بدات، کەواتە ئەگەر لەم گۆشەنیگایەوە لە مەسەلەکە بڕوانین، ئەوا دەکرێت بڵێین بارودۆخەکە هەستیارە و هەلومەرجەکە لەرزۆکە. کەواتە هاتنەئارای گۆڕانکاری لەم ڕووەوە دەبێتە هەنگاوی یەکەم و گەورە بۆ گەڕاندنەوەی ئاشتی، سەقامگیری و ئارامی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرفەتێکی دیپلۆماسیش دەڕەخسێنێت بۆ کارکردن لەسەر ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل.

*** بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی کێشە و ناکۆکیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بە خۆوە نەبینیوە، بەڵام ئەوە ساڵێك زیاترە کە ڕێککەوتنی ئاشتی و ئاسایبوونەوەی پەیوەندییەکان لە نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبیدا ئەنجام دراوە، ئایا ئەم ڕێککەوتنانە چ گۆڕانکارییەکیان بەدی هێناوە و تا چەند درێژە دەکێشن؟**

- ئەگەر وەڵامی ئەوە بدەینەوە ئەم ڕێککەوتنانە چییان گۆڕیوە، ئەوا دەکرێت بڵێین: ئەم ڕێککەوتنانە ئەوە ڕاستییەیان ئاشکرا کرد، کە ڕێگاچارەی دیپلۆماسی، ئەگەر بواری پێ بدرێت و بگیرێتەبەر، سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت. هەروەها من پێشبینی ئەوە دەکەم ئەم ڕێککەوتنانە درێژە بکێشن، بە تایبەتی ئەگەر بەر بە هەڕەشە دوژمنکاری و هەژموونخوازییەکان بگیرێت.

**دەبێت ئومێد و چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێت کە خودی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەم ئیدارەیە بە قووڵی لەم شکستە بڕوانن کە لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیاندا دووچاری بوون**

**سوپای ئەفغانستان کە بە چەکی پێشکەتووی ئەمریکی پڕچەك کرابوو، نەیتوانی بەرگری بکات و تاڵیبان توانی بە خێرایی و بە ئاسانی ئەو وڵاتە دووبارە بگرێتەوە دەست**

**بزووتنەوە ئوسوولگەراییەکان، بە شیعە و سوننەوە- کە خۆیان لە خۆیاندا دوژمنی سەرسەختی یەکترن- تاران بە چەقی هەڵمەتی دووبارە زیندووکردنەوەی خەلافەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و تێکشکاندنی ئیسرائیل دەزانن**


# دەستەی ژینگە: ژینگە ڕۆشنبیری و کەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان

گۆڕانکارییەکانی کەش و هەوا سەرتاسەری جیهانی گرتووەتەوە و، ئاسەوارەکانیشی وەك دەرکەوتوون، جۆراوجۆرن، بۆیە لە هەندێك شوێن باران و لافاوی ناوەختە، لە هەندێك شوێنی دیکە گەردەلوول و ڕەشەبای خۆڵاوییە، لە هەندێك شوێنی دیکەش کەمبوونی ڕێژەی باران بارینە، لە هەندێك شوێنی دیکەش نزمبوونەوەی ئاستی ئاوی ژێر زەوییە، لەهەندێك شوێنی دیکەش بەرزبوونەوەی لە ڕاددەبەدەری پلەی گەرمییە.

جا لەبەر ئەوەی نشینگەی مرۆڤ یەك گۆی زەوییە و یەك ژینگەیە، مەترسییەکانیش هەن و هاوبەشن و پیسبوونی ژینگەش سنووری سیاسیی ناناسێت، بۆیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییانە، کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموومانی پابەند کردووە بۆ برەودان بە ژینگە ڕۆشنبیری و کەمکردنەوەی مەترسییە ژینگەییەکان.

بۆیە دەستەی ژینگە لە بواری ژینگەپارێزیدا کار دەکات بۆ برەودان بە ڕۆڵی کۆمەڵگەی کوردستانی لە گۆڕینی هەڵوێستەکانیان بە ئاراستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و، دروستکردنی ڕۆشنبیرییەکی ژینگەپارێزیی لەلایان، هەروەها بۆ سەرنجڕاکێشانی سیاسەتمەداران و دروستکارانی بڕیار لە هەرێمی کوردستاندا بەلای پرسەکانی ژینگەدا و، دروستکردنی بایەخپێدانێکی باشتری ناوخۆیی بە ژینگە و پێکهێنەرەکانی لە ڕێگەی پابەندکردنی هاووڵاتیان بە یاسا و ڕێنماییە ژینگەییەکانەوە. هەروەها کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوەی وەزارەتە جێبەجێکارەکان بۆ دووبارە داڕشتنەوەی دیزاینی شارەکان بە ئاراستەی دەستگرتن بە سەرچاوەکانی وزە و کەمکردنەوەی قەرەباڵغی و پاراستنی ئاسایشی ئاو و، بوونی سیستمێکی نوێ بۆ ئاوەڕۆکان و، بوونی میکانیزمێکی بێ زیان بۆ ڕزگاربوون لە پاشماوە و پاشەڕۆکان و زیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و پاراستنی زیندەجۆرەکان و، هەڵگرتنەوەی مینی چێنراو و.. هتد، لە مافە سەرەکی و بنچینەییەکانی هەر مرۆڤێکن.

دەستەی ژینگەی هەرێمی کوردستان لەپاڵ ئەرکە چاودێرییەکەی و ڕێگرتن لە زۆرێك لە پرۆژە ناژینگەییەکان و ئەنجامدانی بەدواداچوون بۆ زۆرێك لە پرۆژە ئەنجامدراوەکان، بە پێی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

توانا زۆر کاری دیکەی ئەنجام داوە، وەك کاراکردنی پەیوەندیی ڕۆژانە بە وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکانەوە بۆ دیارکردن و گەیاندنی ڕاسپاردە و پێشنیازە ژینگەییەکان.

کاراکرنی پەیوەندیی لەگەڵ وەزارەتی ژینگەی عێراق بۆ کارکردنی پێکەوەیی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا سەبارەت بە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی ئیتیحادی و هەرێمی کوردستاندا، بۆ هەماهەنگیی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سوودوەرگرتن لەو مافانەی کە دەدرێنە تەواوی عێراق لە پای پابەندبوونی بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ژینگەوە.

هەروەها لە بواری چارەسەرکردنی گرفتی ئەو گازەی کە پێی دەڵێن غازی هاوەڵ، یان (الغاز المصاحب) و، بە بێ سوود دەسووتێت، ئێستا بۆ ساڵی چوارەمە لەسەر یەك کە عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە لە پلەی دووەمدایە لەم بەهەدەردانە لە دوای وڵاتی ڕووسیا، لە کاتێکدا ئەم غازە ئەگەر نەسووتێنرێت، لەتوانایدایە ڕۆژانە کارەبا بۆ نزیکەی (٣) سێ ملیۆن ماڵ دابین بکات.

گرفتەکە ئەوەیە عێراق ئەو دامەزراوانەی لە دەست داوە کە هەیبوون بۆ سوودوەرگرتن لەم غازە، هەرێمی کوردستانیش هێشتا ئەو تەکنۆلۆژیا گرانبەها و نوێیەی نییە تا بتوانێت سوود لەم غازە وەربگرێت و بەفیڕۆی نەدا، هۆکاری دیکەش بریتییە لە زیاد بەرهەمهێنانی نەوت کە پەیوەندییەکی ڕاستوخۆی هەیە لەگەڵ زیادبوونی بڕی غازی هاوەڵ.

بۆیە دەستەی ژینگە هەماهەنگیی دەکات لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لەسەر وەبەرهێنان لەم بواری غازی هاوەڵەدا لەگەڵ کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت بۆ دامەزراندنی ژێرخانی پڕۆژەیەکی تایبەت بە غازی هاوەڵ، پێویستیشە ئەم پڕۆژەیە لە کارە لەپێشینەکانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بێت، چونکە سووتاندنی بەردەوامی ئەم غازە واتە لەدەستدانی ساڵانەی ملیارەها دۆلار، لە لایەکی دیکەشەوە سوودوەرگرتن لەم غازە واتە پاراستنی ژینگە بە گشتی و هەوا بە تایبەتی.

ئەمە جگە لەوەی ئەم پڕۆژەیە هەنگاوێکە بۆ گەشەپێدانی بەردەوام و، بنیاتنانی ئابوورییەکی سەوزی بەردەوام.

# مارەیی کەم گەرەنتیی ژیانی هاوبەشە و ئایینی ئیسلامیش جەخت لە کەمیی مارەیی دەکاتەوە

**لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە کە ئەو کچ و ژنانەی مارەییان کەمترە، خێر و بەرەکەتی زیاتریان لە گەڵدایە**

هاوسەرگیری یەکێکە لە پرۆسە هەرە گرنگەکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و بەردەوامیی بە ژیان دەدات. هاوسەرگیری سوننەتی کەونە و فەرمانی خودای باڵادەستە و سوننەتی گشت پێغەمبەرانە (سەلامی خودایان لەسەر بێت) بۆیە خودای گەورە زۆر بە گرنگی باسی لێوە دەکات و دەفەرمویٚ: وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ (٢١)الروم ..

واتە: خودای گەورە دەفەرمویٚ: یەکێك لە بەڵگە و نیشانەکانمان هەر لە نەفس و لاشەی خۆتان هاوسەرمان بۆ هێناوەتە بوون، بۆ ئەوەی ئارامی و ئاسوودەیی لەلایان بەدەست بێنن و، دواتر سۆز و بەزەیی و لێبوردنمان لە نێوانتاندا داناوە، ئەمەش بەڵگە و نیشانەن بۆ گەلانێك و کەسانێك کە تێدەفکرن، ئەوەیان بە پەیمان و گرێبەستێکی زۆر گرنگ هەژمار کردووە، بۆیە لە قورئانی پیرۆز دەفەرمویٚ: (وَأَخَذْنَ منكُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا ) (النساء : ٢٠-٢١)..

واتە: بەڵێنێکی پتەو و قورسمان لێتان وەرگرتووە، ئەمەش دەربارەی پێدانی ماف و مارەیی ئافرەتانە لەلایەن پیاوەکانیانەوە .

هەروەها پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، دەفەرمویٚ: (خير النكاح أيسره) رواه ابن حبان. واتە: باشترین هاوسەرگیری ئەوەیە کە ئاسانکاری بۆ دەکرێت) لە هەموو ڕووەکانیەوە.

لە فەرموودەیەکی دیکە دەفەرمویٚ: (خير الصداق أيسره) رواه الحاكم والبيهقي، واتە: باشترین مارەیی کەمەکەیانە .

هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکە دەفەرمویٚ: (أقلهن مهرًا أكثرهن بركة)

واتە: ئەو کچ و ژنانەی مارەییان کەمترە، خێر و بەرەکەتی زیاتریان لە گەڵدایە .

بۆیە دەبینین کە ئەم ڕۆژگارە چەندە جیاوازە لەگەڵ سەردەمانی باوك و باپیرانمان، ئەو کات مارەیی کەم بوو، ڕێژەی جیابوونەوە نەبوو، یان هەر زۆر کەم بوو و ژیانێکی سادە و پڕ لە بەختەوەری بوو، بەڵام ئێستە مارەیی زۆرە و جیابوونەوەش ئێجگار زۆرە و ژیان پڕە لە کێشە و گرفت و هیچ بەهایەك بۆ بەختەوەریی هاوسەر و خێزان نەماوە.

بە بۆچوونی من هۆکار زۆرن بۆ خراپی هاوسەرگیری و شکست خواردنی ئەم سەردەمە کە بریتین لەم چەند خاڵە:

١- داواکاریی زۆری ماڵە باوانی کچ لە



**مەلا رەعد نووری ئۆمەربلی**

**کارگێڕ و وتەبێژی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان**

زۆریی ڕێژەی ئاڵتوون و مارەیی .

٢- تێکنەگەیشتن لە نێوان هەر دوو هاوسەر.

٣- بەشوودانی کچ لە تەمەنی بچووکیدا .

٤- جیاوازیی زۆری نێوان تەمەنی ژن و مێرد.

٥- بەزۆر بەشوودان، هەرچەندە ئەمە لە ئێستادا کەم بۆتەوە.

٦- پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لە ژێر ناوی خۆشەویستی، کە پڕە لە درۆ و هەڵخەڵەتاندن و تەڵەکەبازی.

٧- نەمانی ڕێز و خۆشەویستی لە نێوان ژن و پیاو.

٨-جیاوازیی بیر و ڕا و ئاستی خوێندەواری و ...هیتر.

ئیتر کچ تا داخوازی نەهاتووە، بە کەمترین شت ڕازییە و دەڵێت سەقەت و کوێرنەبێت و بە ئەخلاق بێت، هیچی ترم ناوێت، بەڵام کاتێك کوڕێکی جوان و قۆز دێتە خوازبێنی، ئیتر ئەمە داخوازی بووکەخانە: (ماڵی جیا + ئاڵتوونی زۆر و ئۆتۆمبێلێکیشی دەوێت +سەفەر و سەیران لە هەموو کاتێك + لە هەموو مودێلێك لە جلکان دەرچێت، ئەو دەیکڕێت + هەر شاییەك هەبێت، بەشداری دەکات و پیاوەکەی نابێت ڕێگربێت + ناوماڵێکی تەواوی دەوێت و دەیان داواکاریی دی ).

بەداخەوە زۆر لە ئافرەتان لەبەر داواکاریی زۆریان بۆ خشل و زێڕ و ناوماڵ، کەسانی خوازبێنیکەر لێیان دەکشێنەوە، لە کۆتاییدا ئافرەتەکە بە قەیرەیی دەمێنێتەوە و تووشی بێ هیوایی دەبێت.

هیوادارم لە هەموو لایەکەوە ئاسانکاری بۆ کچان و کوڕان بکرێت بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییان .

هاوکات پێویستە حکومەت و لایەنە پەیوەندارەکان پلان و بەرنامەی گشتگیر و هەمەلایەنیان بۆ توێژی گەنجان هەبێت، پێویستە بە هەموو لایەك هەوڵی ئەوە بدرێت ئاسانکاری بۆ ئەو کچ و کوڕانە بکەن کە ئامادەییان هەیە بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و ئیمکانیاتی ماددیان نییە، هەروەها دەکرێ حکومەت بەشێوەی ئەقسات و پشك یەکەی نیشتەجێ بۆ گەنجان دروست بکات و مانگانە بڕە پارەیەکی ڕەمزیان لێ وەربگرێتەوە، ئەوە وا دەکات کە هەم گەنج ئاسوودە بێت و بارگرانی نەکەوێتە سەرشانی خۆی و خانەوادەکەی هەمیش کۆمەڵگە لە خراپەکاری پارێزراو دەبێت.

**ئەم ڕۆژگارە چەندە جیاوازە لەگەڵ سەردەمانی باوک و باپیرانمان، ئەو کات مارەیی کەم بوو، ڕێژەی جیابوونەوە نەبوو**

# لە پێناو پاراستنیان لە توندوتیژی و جیاکاری، خانمان بۆ بە دەستهێنانی داهاتی خۆیان خەبات دەکەن

**بە درێژایی مێژوو ئافرەتان ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاویان لە پێشخستن و گەشەپێدانی کۆمەڵگەدا هەبووە و، لە سەرجەم کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا هاوشانی پیاوان لە مەیدانی خەبات و کارکردندا بەشدار بوون. کارکردنی ئافرەتان هەمیشە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا جێی مشتومڕ و گفتوگۆکردنە، سەرەڕای ئەوەی یاسا و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان جیاوازی لە نێوان ئەرك و مافی ئافرەت و پیاوی کارکەر ناکەن،کەچی لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە ڕێژەی بێکاریی گشتیدا ڕێژەی ئافرەتانی بێکار بەرزترین ئاستی تێپەڕاندووە، لەم ڕوانگەیەوە بەشێکی خانمان بێ گوێدانە ڕێگرییەکان، ڕچەشکێنن و هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی ئافرەتانی دیکەش بتوانن بە هەمان شێوە ببنە خاوەنکار و داهاتی خۆیان، لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵاندا باس لە گرنگیی بەشداریی ئافرەت لە پرسی ئابووری دەکەین و بەشداربووانی ڕاپۆرتەکەش لە دیدی جیاوازەوە باس لە بابەتەکە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



«کە مێردم کرد، هەر زوو خوای گەورە دوو کوڕی دووانەی پێ بەخشین، بەڵام بۆ ماوەی چوار ساڵ بە کولەمەرگی لەگەڵ هاوسەرەکەم ژیام و، لەبەر خاتری ئەو دوو منداڵە زۆر شتی ناخۆشم قبووڵ کرد. ئەو هیچ سیفەتێکی پیاوەتی نەبوو، تەنانەت هەوڵی ئەوەی دا، کاری لەشفرۆشیم پێ بکات، کاتێك ویستم لێی جیا ببمەوە، کەسوکارم بەتایبەت خوشك و براکانم دژم وەستانەوە، چونکە دایك و باوکم لە ژیاندا نەمابوون، منیش ئەو کات هیچ داهاتێکم نەبوو، زۆر لە خوشك و براکانم پاڕامەوە یارمەتیم بدەن و، من و منداڵەکان بگرنە خۆ، بەڵام کەس هاوکاریی نەکردم، دواجار هاوسەرەکەم بە تۆمەتی دزی گیرا، منیش دەرفەتی ئەوەم بۆ ڕەخسا بە شێوەی خولع لێی جیا بوومەوە، دادگا منداڵەکانی پێدام، بەڵام کەس ئامادە نەبوو، ئێمە بەخێو بکات، بە ناچاری منداڵەکانم دران بە خەسووم، چونکە ئەوکات بابیان لە بەندیخانە بوو، شەوان تا بەیانی بۆ منداڵەکانم دەگریام، دوو ساڵ تێپەڕی بێ ئەوەی بیانبینم، کە منداڵەکانیش گەورە بوون، نەیانویست من ببینن، هەمیشە دەیانگوت تۆ ئێمەت فڕێ داوە و ئێمەت نەویستووە، کە منداڵەکان خرانە بەر خوێندن ڕۆژانە دوور بە دووری لەسەر ڕێگەی قوتابخانە تێر تێر تەماشام دەکردن و، حەزم دەکرد لە باوەشیان بگرم و بۆنیان بکەم، بەڵام نەمدەتوانی ئەوە بکەم، چونکە ماڵی خەسووم منداڵەکانیان وا فێر کردبوو کە من ژنێکی خراپم.» ئەوە قسەی ئیلهام حاجی بوو. ئەو ئافرەتێکی تەمەن ٤٠ ساڵە وەك خۆی باسی دەکات «بەهۆی ئەوەی خاوەن کار و داهاتی خۆی نەبووە، نەیتوانیوە دایکایەتی بۆ منداڵەکانی بکات».

تاڤان حەکیم، پارێزەرە لە دادگای بەرایی ڕانیە، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ڕۆژانە ژمارەیەك لەو ژنانەی لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن، ڕووبەڕووی توندوتیژیی مەعنەوی دەبنەوە، لە کاتێکدا ژنان کۆڵەکەیەکی گرنگ و سەرەکی و چالاکی کۆمەڵگەن».

ئەو خانمە پارێزەرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کارکردنی ژنان دەبێتە هۆی سەربەخۆیی ئابووری لە خێزاندا و پاڵپشتییەکی گرنگی داراییە بۆ خێزانەکان، هەروەها ژن بەکارکردنی لە دەرەوەی ماڵ ئاستی گوزەران و پێشکەوتنی وڵاتەکەشی بەرزدەکاتەوە و زیاتر بە دونیای دەرەوەی ماڵ ئاشنا دەبێت. هەمیشە ژنان بە درێژایی مێژوو بەو توانا هزری و جەستەییەی خۆیان داهێنانیان لەسەرجەم بوارەکانی کارکردندا کردووە و، توانای خۆیان

**بە هۆی ئەوەی خاوەن کار و داهاتی خۆم نەبووم، نەمتوانیوە دایکایەتی بۆ منداڵەکانم بکەم**

**ڕۆژانە ژمارەیەك لەو ژنانەی لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن، ڕووبەڕووی توندوتیژیی مەعنەوی دەبنەوە، لە کاتێکدا ژنان کۆڵەکەیەکی گرنگ و سەرەکی و چالاکی کۆمەڵگەن**

سـەلماندووە.» گوتیشـی: «ژن هەمیشـە قوربانیـی داوە لـە پێنـاو پێشـکەوتنی کارەکـەی و خۆشگوزەرانیی خێزانەکـەی، بۆیـە بـە بـڕوای مـن کارکردنـی ژنـان یەکێکـە لـە گرنگییەکانـی پێشـکەوتنی مرۆڤایەتـی و کۆمەڵگـە و دەتوانرێـت نەوەکانـی داهاتـوو وا پـەروەردە بکرێـن کـە نەبنـە مشـەخۆر و بارگرانـی بەسـەر شـانی کۆمەڵگـەوە، پیـاوان و کۆمەڵگـەش دەرك بـە گرنگیی کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵدا بکەن، بە جۆرێك ئەو ئەقڵییەتە واز لێ بێنن کە ژن تەنیا بۆ بەخێوکردنی منداڵ و کاری ناوماڵ دروست کرابێت. زۆرێك لە پیاوانیش لەگەڵ کارکردنی ئافرەتدان، بە بڕوای مـن ئەمە پێشکەوتنە و هەنگاو و بەرەوپێش چوونە، بەڵام تەنیا بە خودی ئافرەت خۆی دەکرێت کە ڕووبەڕووی بەربەست و تانە و تەشەری کۆمەڵگە ببێتـەوە، هەروەها داوا دەکـەم لـە ژنـان کارکـردن بـە مافێکی خۆیان بزانن، نەوەك دوای کۆتاییهاتنی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان واز لـە کارکـردن بێنـن، تـا پیـاوان بیانژێنـن ».

پرۆفیسـۆری یاریـدەدەر د. عەبدولـڕەزاق ناوەندەیـی، سـەبارت بـە هەمـان پـرس هێمـا بـۆ ئـەوە دەکات کـە ئافـرەت دایکـە، هاوسـەرە و خوشـکە، ئافـرەت پێشـمەرگەیە، ئافرەت بـە درێژایـی مێـژوو ئاشـتیخواز بـووە، ئافـرەت لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیـان شـان بـە شـانی پیـاو کار دەکات، لێـرەدا دەردەکەوێـت ئافـرەت نیوەکـەی تـری کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتییـە و لـە هەمـان کاتـدا نیـوەی پشـکدارێتی بەشـداریکردنی شانبەشـانی پیـاو لـە دروسـتبوونی مێـژوو و دروسـتبوونی شارستانیەت لەسـەر ڕووی زەمیـن، بـەو پێیـە ئافـرەت لەگەڵ تێپەڕبوونی قۆناغەکانی مێژوو بەردەوامبوونی ژیانـی مرۆڤایەتـی و جەنگـە دژوارەکان بـە بەردەوامـی هەبـووە و هەیـە، تـا ئێسـتاش لـە بەرەنگاربوونـەوە بەردەوامـەوە و هەولێداوە دژی ئـەو جیاکارییانـەی دێنـە بەردەمـی بوەسـتێتەوە، زۆرجـار ئافـرەت وەك مـرۆڤ سـەیر نەکراوە، هـەر ئـەوەش وای کردووە ئافرەت بـە کـەم سـەیر بکرێـت و لەلایەکـی دی لەسـەر ڕێ لابردنـی و بێبەشبوون لـە مافەکانـی.» هاوکات دەڵێت: «ئەگـەر بڕوانینـە دابونەریتـی گەلەکەمـان دەبینیـن دابونەریتـی کـوردەواری لـە بنەڕەتـدا گرنگییەکـی زۆری بـە ئافرەت داوە، بۆ نموونە ئافرەت سەربەستە لە شایی و هەڵپەڕکێـدا بـە خـۆی کەسـێك دەستنیشـان دەکات تاوەکو لە شایی و هەڵپەڕکێ بچێتە دەستی، گشت ئایینـە ئاسـمانییەکان سـەرەڕای جیاوازیـی نێوانیـان گرنگیی زۆریـان بە ئافرەت داوە، بۆ نموونە ئایینی پیـرۆزی ئیسـلام پێگـەی ئافرەتـی دیـاری کـردووە و، مافەکانـی لـە ڕووی مرۆڤایەتـی و شارسـتانیەت و ئابـووری بـۆ دیـاری کردووە، کـە لـە کۆمەڵك سـورەتی قوڕئـان باسـی لـە گەورەیـی ئافـرەت و مافەکانـی کـردووە».

دەتوانرێت نەوەکانی داهاتوو وا پەروەردە بکرێن کە نەبنە مشەخۆر و بارگرانی بەسەر شانی کۆمەڵگەوە، پیاوان و کۆمەڵگەش دەرک بە گرنگیی کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵدا بکەن

داوا دەکەم لە ژنان کارکردن بە مافێکی خۆیان بزانن، نەوەک دوای کۆتاییهاتنی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان واز لە کارکردن بێنن، تا پیاوان بیانژێنن





# له پرۆسەی خوێندن قەرەبووکردنەوەی وانە

**ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠- ٢٠٢١ لە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی وڵاتانی دیکە کە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و بۆ پاراستنی گیانی قوتابیان و مامۆستایان، بڕیاری داخستنی قوتابخانەکان ماوە ماوە جێبەجێ کرا و، پرۆسەیەکی پچڕ پچڕی خوێندن بەڕێوەچوو، کە نەتواندرا تەواوی ناوەرۆکی پەرتووکەکان بە**

ئالان حەمە سەعید وەزیری پەروەردە لە سەرەتای دەستپێکی خوێندنی ئەمساڵ لە بارەی وانە لە دەستچووەکانی قوتابیان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو، ڕایگەیاند: «ئێمە ماوەیەکمان داناوە بۆ قەرەبووکردنەوە، قۆناغی دوو تاکو شەش، هەروەها قۆناغی هەشت و نۆی بنەڕەتی لەگەڵ قۆناغی یانزەی ئامادەیی و ماوەی سێ هەفتەیان بۆ دانراوە، لەگەڵ دەستپێکی دەوام، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکان ئەو قۆناغانەی دیاری کردووە و، ئەو موفرەدات و بەشە وانانەشی دیاری کردووە کە پێویستە لە ماوەی ئەو سێ هەفتەیەدا بدرێتە قوتابیان، لەبەر ئەوەی پرۆگرامەکان بەیەکەوە گرێ دراون و، بابەتەکان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، لەبەر ئەوە هەوڵ دەدەین ئەو ماوەیەی لە دەستی قوتابی چووە بە شێوەیەکی چڕ ئەو بابەتە، یان ئەو زانیارییانەیان بە شێوەیەکی چڕ پێ بدەینەوە، ئەمەش خاڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر پشتیوانی قوتابیان بکەین.

بەپێی ئامارەکان وەزارەتی پەروەردە زیاتر لە یەك ملیۆن و ٧٢٥ هەزار قوتابی هەیە کە لە گشت قۆناغەکانی خوێندن دەخوێنن لە کەرتی حکومی، لە کەرتی ناحکومیش زیاتر لە ٩٠ هەزار قوتابی دەخوێنن، بە گشتی زیاتر لە یەك ملیۆن و ٨٠٠ هەزار قوتابی لە ناوەندەکانی خوێندن دەست بە خوێندن دەکەن.

بەفرین سابیر دایکی سێ قوتابییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەداخەوە منداڵەکانمان خوێندنی زۆریان لە دەست چوو، زەحمەتە لە ماوەی مانگێك ئەو هەموو دەرسە قەرەبوو بکرێتەوە، چونکە پار تەنیا چەند مانگێکی کەم خوێندرا، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا وەکو دایکی سێ قوتابیی قۆناغی بنەڕەتی داوا لە وەزیری پەروەردە دەکەم، پێداچوونەوە بە ڕەفتار و تەعامولی مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکان بکات و خولی ڕەفتارجوانییان بۆ بکاتەوە، لەبەر ئەوەی بەشێك لە مامۆستایان ئسلوبیان لەگەڵ قوتابی زۆر بە گوێرەی پێویست نییە».

بەهزاد تاهیر مامۆستای زانکۆیە و ڕای وایە: «یەکێك لە کێشە هەرە گەورەکانی سیستەمی خوێندن و نزمیی کوالیتیی خوێندن هەر بۆ ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە، کە هەموو ساڵێك بەشێکی گەورەی مەنهەجی دیاریکراو، یان کتێبەکان تەواو ناکرێن، تەنانەت لە هەندێ شوێن کتێبەکان تاکو نیوەش تەواو ناکرێن. هەر ئەوەشە وای کردووە کە منداڵەکانمان زۆربەیان لە هەندێ بابەتی هەموو دەرسەکان بە تایبەت بیرکاری و زانست زۆر لاوازن. هۆکارەکە ئەوەیە کە منداڵان بابەتەکانی کۆتایی لە بەر نەبوونی کات و تەواوبوونی سالی خوێندن ناخوێنن و، ئەو بابەتانەش ساڵانە لە هەمان شوێنی کتێبەکان کە کۆتایی کتێبەکانە دووبارە دەبنەوە و، دیسان ناخوێندرێن، ئەوەیە وای کردووە کە تاکێکی لاواز بەرهەم دێنین، بە تایبەت لە ڕووی زانستەکانی بیرکاری و فیزیا و کیمیا، کە

**یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی سیستەمی خوێندن و نزمی کوالیتیی خوێندن هەر بۆ ئەو بابەتە دەگەڕێتەوە، کە هەموو ساڵێک بەشێکی گەورەی مەنهەجی دیاریکراو، یان کتێبەکان تەواو ناکرێن، تەنانەت لە هەندێ شوێن کتێبەکان تاکو نیوەش تەواو ناکرێن**

**دووبارە تەرخانکردنی کات بۆ خوێندنی وانە نەخوێندراوەکانی پار زۆر گرنگ و پێویستن، بەڵام ئەو کاتەی کە بۆی دانراوە، زۆر کەمە و بە مانگێک قەرەبووی خوێندنی ساڵێک ناکرێت**



# ـــــــه لە دەستچووەکان بە پێویست دەزانرێت

**قوتابیان بگوترێتەوە، گرفت و کێشەی گەورەی بۆ قوتابیان دروست کرد. هەر بۆیە قەرەبووکردنەوەی وانە لە دەستچووەکان بە پێویست دەزانرێت، هاوکات پێشنیاری دیکەش هەن، بۆ ئەوەی ڕێکاری باشتر بۆ چارەسەری ئەو ئاریشەیە بدۆزنەوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر باسی ئەو پرسە گرنگە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

زانستی گرنگ و پێوستن بۆ هەر کۆمەڵگەیەك کە دەیەوێت پێش بکەوێت. کەواتە دووبارە تەرخانکردنی کات بۆ خوێندنی وانە نەخوێندراوەکانی ساڵی پار زۆر گرنگ و پێویستن، بەڵام ئەو کاتەی کە بۆی دانراوە، زۆر کەمە و بە مانگێك قەرەبووی خوێندنی ساڵێك ناکرێت، واتە پێوست بوو کە ماوەکە بۆ دوو تا سێ مانگ درێژ کرابا و لە جیاتی ساڵی خوێندنەکە درێژ کرابا تاکو مانگەکانی ٧ و ٨».

عیسا بۆتانی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێپرسراوی ڕاگەیاندن لە پەروەردەی خەبات، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «پێداچوونەوەی خێرای پڕۆگرامەکانی خوێندنی ساڵی پێشوو لە دەستپێکی ساڵی خوێندنی تازە، بەر لە بڵاوبوونەوەی پەتا و ڤایرۆسی کۆرۆناش لەلایەن مامۆستایانەوە پەیڕەو دەکرا، بەتایبەتی ئەو بابەتانە کە پەیوەست بوون بە پڕۆگرامی خوێندنی پۆلی دواتر. ئەو کردارە گرینگییەکی زۆری هەیە، بەدەر لە سوودە زانستییەکەی، تەنانەت لە ڕووی هۆگربوون و ڕاهێنانەوەی قوتابی بە دەوامی قوتابخانە و ڕێخۆشکردن بۆ بەستنەوەی بابەتەکانی پێشوو بە هی نوێ، لەبەر ئەوەی بابەت و ناوەرۆکی پڕۆگرامەکانی خوێندن بە شێوەیەکی زنجیرە ئاسا لە پۆلێك بۆ پۆلێکی دیکە تەواوکەری یەکترن. بۆیە ئەگەر پێداچوونەوە لە ساڵانی پێشوو جێی بایەخ و گرینگیی مامۆستا و پەروەردەکاران بووبێت؛ ئەوا بۆ قۆناغی ئێستا پێویستییەکی حەتمییە و دەبێ زۆر بە وردییەوە لە سەری بوەستن و جێبەجێی بکەن. وەزارەتی پەروەردە وەکو چۆن بە پیادەکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی توانی پەرۆشی خۆی بسەلمێنێت و تا ڕادەیەکی زۆر پارێزگاری لە تەندروستی و ساغمەندیی قوتابیان و مامۆستایان بکات، وەکو ئەرك و بەرپرسیارەتیش بۆ پرۆسەی فێرکردن بە دەرکردنی ڕێنمایی بۆ تەرخانکردنی ماوەیەك بۆ پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندنی ساڵی پێشوو لە هەوڵدایە تاکو قوتابیان لە زانیارییەکان بێبەش نەبن، کە کاردانەوەی بەسەر ساڵی نوێیاندا هەبێت. بۆیە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی گشتییەوە پەروەردەکان ڕێنمایی کراون و بۆ هەر بازنەیەکی خوێندن ئەو بابەتانە دیاریکراون کە پێویستە بۆ ماوەی دوو تاکو سێ حەفتە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ، بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن بەرنامەڕێژی و خشتەی پێداچوونەوە دانراوە، بەڵام مامۆستایان لەو بڕوایەدا نین، کات بەشیان بکات، تاکو وەکو پێویست پێداچوونەوە بکەن، بۆیە کردارەکە بە شێوەیەکی خێرا بەڕێوە دەچێت، تاکو کاریگەری لە سەر پلانی ساڵانەی ئەمساڵی خوێندنیان نەکات، ئەو هەوڵەی قەرەبووکردنەوە هەنگاوێکی ڕاست و باش و بەجێیە، ئەگەر نەشتوانرێ بەپێی خواست و خەونی قوتابیان و مامۆستایان بێت، بەڵام بەشێکی گرنگی بابەتەکان بە قوتابیان ئاشنا دەکرێن و لە پۆلی نوێیاندا لەمپەریان بۆ دروست نەبێت.»

**ئەگەر پێداچوونەوە لە ساڵانی پێشوو جێی بایەخ و گرینگیی مامۆستا و پەروەردەکاران بووبێت؛ ئەوا بۆ قۆناغی ئێستا پێویستییەکی حەتمییە و دەبێ زۆر بە وردییەوە لە سەری بوەستن و جێبەجێی بکەن**

**لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پلاندانانی گشتییەوە پەروەردەکان ڕێنمایی کراون و بۆ هەر بازنەیەکی خوێندن ئەو بابەتانە دیاریکراون کە پێویستە بۆ ماوەی دوو تاکو سێ حەفتە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێ**



# دیمانەیەک لەگەڵ یەڵماز گۆنای لە زینداندا

**(٢-٢)**

نووسەری سینەمایی (بورهان شاوی) دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەساڵی ١٩٨٧ کتێبێك بەناوی (یەڵماز گۆنای) لە نووسینی ڕۆژنامەنووسی ئازربێجانی (حوسینۆف) لە دەزگای (ناوکا) لە مۆسکۆ بڵاو کرایەوە، بریتی بوو لە تەنیا دیمانەیەکی دوورودرێژ، لەگەڵ سینەماکاری بەناوبانگی کورد (یەڵماز گۆنای) لەو کاتەدا کە لە زیندان بووە، ئەو کتێبە بڕوا پێکراوترین سەرچاوەیە کە دەربارەی یەڵماز گۆنای نووسرابێت، چونکە لە زاری هونەرمەند خۆیەوە وەرگیراوە.

بۆ دیکۆمینتکردنی بابەتەکە کە گرنگییەکی مێژوویی خۆی هەیە، ئێمەش بەشێك لەو دیمانەیە دەخەینە ڕوو:



**• کەی دەستتان بەنووسین کرد؟**

- لە دووەم ساڵی قۆناغی دواناوەندیدا قەسیدەیەکم نووسی، بۆ پەخشنامەی سەر دیواری قوتابخانە، دەربارەی جووتیارێکی هەژاری گوندنشین، کە بۆ چارەسەرکردن ژنە نەخۆشەکەی لە گوندەوە دێنێتە شار، کەچی پارەی دکتۆرو داودەرمانی نابێت، لە بری ئەوە کەڵەشێرێك بۆ دکتۆر دێنێ، کە بە نرخترین شتێك بووە لای ئەو، کەچی کاتێ دکتۆر زانیویەتی پارەی نییە پیاوەکەو ژنەکەو کەڵەشێرەکە بە یەکەوە فڕێ دەداتە دەرەوە .

سەرچاوەی بیرۆکەی فیلمی مێگەل –م لەو قەسیدەیەوە وەرگرتووە، کاتێ خۆشی هەوڵم دا قەسیدەکە بڵاو بکەمەوە، بەڵام بەبیانووی ئەوەی کە گوایە چەپڕەوە، بڵاو نەکرایەوە، بەمەرجێ کاتێ خۆی من ئەو قەسیدەیەم نووسی نەمدەزانی مانای چەپڕەوی یانی چی؟

لە ساڵانی ١٩٥٣ – ١٩٥٤ دەستم کرد بە بڵاوکردنەوەی وتار و چیرۆك و بەرهەمەکانم، کە بەشێوەیەکی زۆر فراوان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاو بوونەوە.

دیارترین ئەو چیرۆکانەش کە لەو کاتەدا بڵاو بوونەوە چیرۆکی (مردن بانگم دەکات) بوو، کە باس لە خۆشەویستیی دراماتیکییانەی کچ و کوڕێکی هەژار دەکات، ئەو کوڕەی کاری دەست ناکەوێت و ناتوانێت ژیانی خۆی دابین بکات، بۆیە بەناچاری کۆچ دەکات و کچەکەش لە داخان خۆی دەکوژێت و، لەدوای خۆی نامەیەك بەجێ دەهێڵێت کە تێیدا نووسراوە (بۆ منت کوشت من بۆ ئەوە ژیانم خۆش دەویست تا لەگەڵ تۆدا برەو بەخۆشەویستیی نێوانمان بدەین).

هەر لەو دەمەدا چیرۆکێکی دیکەم بڵاو کردەوە بەناونیشانی (هیچ کۆتاییەك بۆ سووکایەتیپێکردن لە ئارا دانییە)، لەو چیرۆکەشدا باسی کەسێکم کردووە کە بەدوای کاردا دەگەڕێت، کەچی بەو هۆیەوە دوچاری کۆمەڵێ سووکایەتیپێکردن دەبێتەوە، بۆیە لە داخان خۆی لە پردێکی بڵند هەڵداوێ و خۆی دەکوژێت.

هەردوو ئەو چیرۆکانەم لە ساڵی ١٩٥٦ لە گۆڤاری (ئایتی ئۆ فوکلار – ئاسۆی چاك ) بڵاوکردوونەتەوە، بەڵام ئەو چیرۆکەی کە دەنگدانەوەیەکی زیاتری هەبوو، چیرۆکی (سێ نهێنییەکە) بوو، کە لە ژمارە ١٣ ی گۆڤاری ( لێکۆڵینەوەی هونەری )دا بڵاو کرایەوە، ئەم چیرۆکە ژیانی منی خستە قۆناغێکی دیکەوە.

کاتێکیش کە لە ساڵی ١٩٥٧ هاتمە ئەستەنبۆڵ، زیاتر لە سی وتارو چیرۆکم بڵاو کردەوە، ئەو کاتە بوو کە برادەرەکانم نازناوی (یەڵمازی چیرۆکنووس) یان بەمن بەخشی.

***من زۆر زۆر لە ڕۆمان و چیرۆکەکانتم خوێندۆتەوە، فیلمەکانیشتم دیوە، ئاگاشم لە زەمینەی سیاسیی تۆ هەیە، بەڵام پێم خۆشە لەو شتانە بگەم، کە کاریگەرییان لەسەر ئاستی هوشیاریت هەبووە؟**

-ژیان، یان ئەو دەوروبەرەی تێیدا گەورە بووم، وای لێکردووم کە هەر لەمنداڵیدا هەست بەئینتیمای کوردانەی خۆم بکەم، چونکە من دەوروبەرەکەم بەتورکی ئاخافتوونە، بۆیە لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە کە من (زمانی دایك) زمانی ڕەسەنی خۆمم بەتەواوی نەزانیوە، لە کاتی یاریکردنیشدا لە منداڵیدا، لە مانای جیاوازیی چینایەتی گەیشتووم، چونکە زۆر جاران دایکم کە خزمەتکاری ماڵە دەوڵەمەندەکان و باوکم سەپانی ئەو دەربەگانە بوو، بەرماوەی خواردنی ئەوانی بۆ ئێمە دەهێنایەوە بیخۆین، بەڵام دواتر لەگەڵ تێپەڕ بوونی زەمەن بۆم دەرکەوت کە ئەم کارە بۆ ئێمە ڕیسواییە.

قەت لەبیرم ناچێتەوە کە باوکم هەمیشە خەونی بەوەوە دەبینی کە من خوێندن تەواو بکەم، بۆیە زۆر جاران پێی دەگوتم: کوڕەکەم بڕۆ قوتابخانە تا تۆش وەك ئێمە لە ئایندەدا نەبیتە کۆیلە، نەیدەزانی لە کۆمەڵگەی بورژوادا دەبیتە کۆیلە، تەنانەت ئەگەر خوێندەوارێکی چاکیش بیت.

**سەرچاوە: موقع ایلاف، بقلم د. هشام الراوی، نیسان ٢٠٢٠**



حەیدەر عەبدولڕەحمان





# لە منداڵەوە ئاشتی

**«گەر بمانەوێت ئاشتیی ڕاستەقینە لە سەرتاسەری جیهاندا سەقامگیر بکەین، دەبێت سەرەتا منداڵەکان فێر بکەین» ئەمە درووشمی چالاکییەکی ناوازە بوو، هونەرمەند هیوا عەبدوڵڵا جەواد بۆ منداڵانی یەکێك لە گەڕەکەکانی شاری کەرکووکی ڕێك خست.**

هونەرمەند بیەوێت لە نێو نەتەوەکەیدا کەسێکی کارا و چالاك بێت، ڕێ و ڕێکاری هەمەجۆری لە بەر دەستدایە. هیوای هونەرمەند لە گەڕەکی هاوپشتی (ئەسرا و مەفقوودین)ی شاری کەرکووکدا نیشتەجێیە، لەو گەڕەکەدا جگە لە کورد، نەتەوەی دیکەش دەژین، ئەو لە ڕێی سۆشیال میدیاوە بانگەوازێکی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو کردەوە، کە تێیدا ڕوونی کردەوە، منداڵانی شار دەتوانن بەشداری لە پیشانگایەکی کراوەدا بکەن، کە لە کۆڵانێکی ئەو گەڕەکەدا دەکرێتەوە، شوێنی نمایشکردنی بەرهەمەکانیش، قەد دیواری ماڵانی ئەو کۆڵانە دەبێت.

هیوای هونەرمەند دەڵێت: «ژمارەیەکی لە مەزندە بەدەر منداڵانی شار بەدەم بانگەوازەکەوە هاتن، بە درێژایی ڕۆژ تا درەنگانی شەو، منداڵان بەرهەمی خۆیان، ئەو نیگارانەی بە قەڵەم ڕەنگ لەسەر کاغەز و کارتۆن دەیانکێشان، بۆ لای منیان دەهێنان»، هەروەها دەڵێت: « ئەو منداڵانە زۆر سەرگەرمانە و دڵگەرمانە کارەکانی خۆیان بۆ ماڵەوەم دەهێنا، زوو زوو لە زەنگی ماڵەوەیان دەدا، لە بەر دەرگا پێیان دەگوتم، مامۆستا ئەم نیگارەی من چۆنە؟ بە لای تۆوە جوانە؟ بە دڵتە؟ منیش ڕێنمایی دەکردن، بەرچاوڕوونیم پێ دەدان، هانم دەدان کاری باش و باشتر بکەن و نیگاری جوانتر بکێشن».







هەروەها دەڵێت: «پرۆژە هونەرییەکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر منداڵانی لەدەوری خۆی کۆ دەکردەوە، بەرهەمێکی زۆری منداڵان هاتە بەر دەست، ئیدی بڕیار درا لە ڕۆژی جیهانیی منداڵاندا پیشانگاکە بکرێتەوە، بۆ هەموو کەسێکیش بێت سەردانی بکات، ئیدی لە کات و وادەی دیاریکراودا، دیواری ڕەق و ڕووتەنی کۆڵانێکی گەڕەکی هاوپشتی، گۆڕدرا بە پیشانگایەکی زۆر سەرنج ڕاکێشی نیگاری منداڵان، لەو ڕۆژەدا شەپۆلی شادییەکی زۆر بەدەم گڕوگاڵی منداڵانی بەشداری پیشانگاکە، ئەو کۆڵانەی گەڕەکی گرتەوە».

بۆ مێژووی هونەر لە شاری کەرکووك و تەواوی کوردستاندا، کردنەوەی پیشانگای منداڵانی هاوپشتی، وەك خاڵێکی گەش بۆ هونەرمەند و پەروەردەکارێك تۆمار دەکرێت، کێ ناڵێ ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو منداڵانەی لە پرۆژە پیشانگا لاکۆڵانەکەی هیوا عەبدوڵا جەواد بەشدار بوون، کەسانی بلیمەت و بەتوانایان تێدا هەڵناکەوێت؟ مەزندەکردنی دواڕۆژ سپاردە بە نادیارییە، هەر چییەك بێت ئاکامی ئەو پرۆژە خۆبەخشە جوانەی هیوای هونەرمەند، لە کرۆکدا کارێکی ئەرێنییە و کارایی دەستەبژێر و ئەرك و بەرپرسیاریەتیی ئەو دەخاتە ڕوو.

**تاریق کارێزی**






### چیمەن ڕەحمانی بۆ گوڵان:

# تەکنۆلۆژیا بۆ هونەر چەکێکی دوو لایەنەیە لە یەک کاتدا سوود و زیانیشی هەیە

**چیمەن ڕەحمانی کە ڕۆڵە و پەروەردەی هونەرمەندی کۆچکردووی کورد (یەدوڵا ڕەحمانی)یە، یەکێکە لە کچە هونەرمەندە بەتواناکان کە بە ڕۆحەوە گۆرانی دەڵێت و، لە کارە هونەرییەکانیدا هەست بە ڕەسەنایەتی دەکرێ و هەوڵی پاراستنی ئەو ڕەسەنایەتییەش دەدات.**

**ئەم خاتوونە لە تەمەنی شەش ساڵاندا لە دوای باوکیەوە لە بۆنە و ئاهەنگ و سەیرانەکاندا گۆرانییە کۆنەکانی هونەرمەندانی دەگوتەوە، بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا تەمەنی هەژدە ساڵی، ئەو کاتێ وەك هونەرمەندێك دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە، باوکی زۆر هاوکاریی کردووە و هەوڵیداوە پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێت، لە هەمان کاتدا زیاتر گرنگی بە گۆرانی و موزیکی ڕەسەنی کوردی بدات.**



چیمەن سەبارەت بە کاریگەرییەکانی تەکنۆلۆژیا لەسەر هونەری کوردی دەڵێت: «بەهۆی تەکنەلۆژیاوە دەتوانرێت گۆرانییەکان بەشێوازێکی باشتر و بە کوالێتی زۆرباشەوە تۆمار بکرێت، کە لە هەندێ کاری هونەریدا بەکارهاتووە و سوودی لێ وەرگیراوە، میوزیکژەنەکان دەتوانن زۆر باش سوود لە تەکنەلۆژیای تۆمارکردن وەربگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێك شوێندا زیانی بە هونەر و هونەرمەندان گەیاندووە، چونکە بەشێك لەو گەنجانەی دەنگیان خۆش نییە، لەرێگەی تەکنەلۆژیاوە دەستکاریی دەنگیان دەکرێت و ئەداو کاری دیکەی پێ دەکەن، ئەمەش دواجار گۆرانیبێژ تەمبەڵ دەکات و زیاتر پشت بەدەزگا و تەکنەلۆژیا دەبەستێت»، سەبارەت بە سەختیی بژێوی ژیانی هونەرمەندانی کورد، ئەو خانمە هونەرمەندە دەڵێت: «بەداخەوە لە کۆمەڵگای ئێمە و لە هەر چوار پارچەی

### شنیار محەممەد بۆ گوڵان:

# خانمی کورد زیاتر گرنگی بە مەیک ئەپ و جلوبەرگ دەدەن

**شنیار لە ساڵی ١٩٩٣ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە و، نزیکەی ٢٥ ساڵە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی، ناوبانگی زۆری بەدەست هێناوە لە ڕێگای ئەوەی وەکو خۆی دەڵێت، ئەو یەکەم خانمی کورد بووە کە لەرێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتیی یوتیوبەوە ڤیدیۆی فیرکاریی چۆنێتیی مەیك ئەپکردنی خانمانی بەزمانی کوردی بڵاو کردووەتەوە.**



کوردستاندا بەبێ جیاوازی، هونەرمەند ناتوانێت بە هونەر بژێوی ژیانی پەیدا بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندی کورد پارەیەکی یەکجار زۆر لە ئەلبوومێکی گۆرانی و کلیپەکانیدا خەرج دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ داهاتێکی لە ڕێگەی ئەم ئەلبوومەوە بەدەست بگاتەوە، کەواتە پارەی بژێوی ژیانی خۆشی لەسەر هونەرەکەی دادەنێت، من ئێستا بیر دەکەمەوە، کە ئایا هیچ خانمە هونەرمەندێك هەیە کە لە ڕێگەی هونەرەیەکەوە بژی، بەداخەوە ئەمە تەنیا لە کۆمەڵگای ئێمەدا وایە، لە کۆمەڵگەکانی دیکەدا بەم شێوەیە نییە».

سەبارەت بە نوێکاری و ستایلی ڕۆژئاوایی لە هونەری کوردیدا چیمەن دەڵێت: «ئێستا بەشێکی زۆر لە گەنجەکانی ڕۆژهەڵات زیاتر گوێ لە گۆرانیی مۆدێرن دەگرن، زیاتر حەزیان لەم ستایلە نوێیانەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئیدی دەستیان لە میوزیکی و گۆرانیی ڕەسەن هەڵگرتووە، چونکە میوزیك و گۆرانیی ڕەسەن سەروەتێکی نیشتمانییە و دەبێت دەستی پێوە بگرین، گۆرانیی ڕەسەن سیمبولی نەتەوەیە، گۆرانیی ڕەسەن دەبێت بمێنێت و ڕێزی لێ بگیرێت، ئەمەش پێویستە لە ڕێگەی دەزگا ڕاگەیاندنەکان و لایەنی پەیوەندارەوە بە کولتوورو فەرهەنگ کاری لەسەر بکەن و، گرنگیی زیاتری پێ بدەن.

**شنیار سەبارەت بە هونەری مەیك ئاپ دەڵێت: « خانمانی کوردستان گرنگییەکی یەکجار زۆر بە مەیك ئەپکردن دەدەن، بەڵام بەداخەوە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ لەم بوارە نازانن، یان بەتەواوی ئاشنای تەکنیك و بەکارهێنانی بەرهەمەکانی مەیك ئەپ نەبوون و، زانیارییەکی زۆریان لەسەر جۆرەکانی مەیك ئەپ نییە».**

**شنیار تیشك دەخاتە سەر گرنگیی سۆشیال میدیا بە گشتی و دەڵێت: «بەخۆشحاڵییەوە خەڵکانێکی زۆر لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە لە کارەکانم سوودمەند بوون، زۆرێك لە خانمان دەڵێن لە ڕێگەی چەناڵی یوتیوبی شنیار فێری چۆنێتیی مەیك ئەپکردن بووین، هەڵبەتە شانازی بەوەوە دەکەم، کە من یەکەم کچە کورد بووم، کە بەزمانی کوردی وانەی فێرکاریی مەیك ئەپم لەرێگەی یوتیوبەوە دەگوتەوە».**

**سەبارەت بە نەشتەرگەریی جوانکاری کە بۆتە دیاردە لە کوردستان ئەو خانمە دەڵێت: «بەڕای من هەموو خانمێك پێویستی بە نەشتەرگەریی جوانکاری نییە، نەشتەرگەریی جوانکاری بۆ ئەو کەسانەیە کە لەگەڵ دەم چاوی خۆیان زۆر ناموڕتاحن، یان شوێنێکی ڕوخساریان کێشەیەکی هەیە، دەکرێت بە نەشتەرگەری بۆی ڕێك بخرێتەوە، من پێموایە خوای گەورە بە شێوەیەك درووستی کردوین، کە هەرکەسە و جوانییەکی جیاوازی هەیە، بەداخەوە ئێستا خەڵکی باوەڕیان بە جوانیی سرووشتی نەماوە، هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی نەشتەرگەرییەوە جوانی بەدەست بهێنن».**

**لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا خانمانی کورد هیچ جیاوازییەکی جوانکارییان تێدا بەدی دەکرێت، شنیار ئاماژە بەوە دەکات کە جیاوازی هەیە و دەڵێت: «خانمی کورد زۆر گرنگی بە مەیك ئەپ دەدەن، بەمەش کە کەوتنە تەمەنەوە پێستیان چرچ و لۆچی زیاتر دەبێت، ئینجا دەکەونە خۆیان و گرنگی بە پێستیان دەدەن، بەڵام ئەو کات هیچ کرێمێك فریایان ناکەوێت، تەنیا چارەیان لای دکتۆری جوانکارییە و بە نەشتەرگەری چارەسەرییەکی کاتییان بۆ دەکەن، بەڵام خانمانی ئەوروپی بە گشتی کەمتر مەیك ئەپ دەکەن، زیاتر حەزدەکەن سرووشتی و سادە دەر بکەون، ئەوان زیاتر گرنگی بە خزمەتکردنی پێست و لەشیان دەدەن».**



پریڤە ڕزگار
یاریزانی تۆپی باڵەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# ئەگەر گرنگی بە یاریزانەکانی خۆمان بدەین پێویستمان بە یاریزانی بیانی نابێت

یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگی بە یارییەکانی ئافرەتان دەدات لە شاری سلێمانی، تیپی تۆپی باڵەی یانەکەش یەکێکە لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان، کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستە و کچە یاریزانانی بەتوانایە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان پریڤە ڕزگارە، ئەو بە ئاستە بەرزەکەی هەموولایەکی سەرسام کردووە و، لەگەڵ یانەکەی لە هەردوو خولی نایابی تۆپی باڵەی کوردستان و عێراقیش خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە، ئەو یاریزانە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ی شاری سلێمانییە و، جگە لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ هیچ یانەیەکی دیکە یاریی نەکردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی




***ئاستی یاریی تۆپی باڵە لەکوردستان چۆن دەبینیت؟**

-ئاستی یاریی باڵە لە کوردستان تا ڕادەیەك باشە، بەڵام پێویستی بە بەرەوپێشچوونی زیاترە بۆ ئەوەی ئەم یارییە بچێتە قۆناغێکی باشتر.

***کەمیی پاڵەوانیەتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-بێگومان کاریگەرییەکی زۆری هەیە، چونکە کاتێ یاریزان بەردەوامە لە ڕاهێنانەکانی و خولێکیش نەبێت بۆ بەشداریکردن، یاریزان تووشی بێ هیوای دەبێت، زۆر کات بڕیاری وازهێنانی یەکجارەکی دەدات.

*** ئایا پێویستە چی بکرێت بۆئەوەی زیاتر گرنگی بەم یارییە بدرێت؟**

- یاریی باڵەی کچان لە شارەکانی کوردستان گرنگیی پێ دراوە، بەڵام وەکو پێویست نییە، بە هیوای ئەوەی خول و پاڵەوانێتیی زیاتر ئەنجام بدرێت.

***گرفتی یارییەکانی تۆپی باڵە لە چیدا دەبینیت؟**

- هەندێك لە گرفتەکانی ئەم یارییە خێزانەکانە، کاتێك ڕێگە بە کچەکانیان نادەن بۆ ئەوەی ببنە یاریزان، ئەوەش دەبێتە گرفت لە بەردەم گەشەسەندنی ئەم یارییە.

*** وەکو کچە یاریزانێك بۆ داهاتووی خۆت بەنیازی چیت؟**

-من کە دەستم بەم وەرزشە کردووە حەز و خولیایی ئەو وەرزشەم هەبووە، بۆیە وەك هەموو یاریزانێکی دیکە خەون و ئامانجی خۆم هەیە، هەوڵی ئەوە دەدەم ببمە باشترین یاریزان لە کوردستان و عێراق، بێگومان ناوەستم تا دەگەمە ئامانجەکەم.

***ئایا لەگەڵ ئەوەیت لە کوردستان یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

- نەخێر، بۆ زۆر کات گونجاو نییە، چونکە ئەگەر ئەو گرنگییە بە یاریزانەکانی خۆمان بدەین،پێویستمان بە یاریزانی بیانی نییە.

***چۆن بوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانیت هەڵبژارد؟**

- لە سەرەتای دەست بە وەرزشکردنم ئەو یانەیەم هەڵبژارد و بە تۆپی پێ دەستم پێی کرد، دواتر هاتمە باڵەی هەمان یانە.

***داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

-هیوادارم زیاتر گرنگی بدەن بە کردنەوەی خول و پاڵەوانێتی، بەتایبەت بۆ کچان، چونکە وەك دەبینین ئێستا خول و پاڵەوانێتییەکان زیاتر بۆ کورانە، بەڵام کەمتەرخەمی هەیە بۆ خولی کچان.

***بەهیوای ئەوە نیت ڕۆژێك لە ڕۆان هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێت؟**

-ئەوە هیوای من و هەموو کچە یاریزانێکە کە یاری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بکات.

***هیچ گرێبەستت لە یانەکانی دیکە پێشکەش نەکراوە؟**

-تاکو ئێستا نەخێر، چونکە ماوەیەکی کەمە لەم وەرزشەم.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی و ناوخۆیی سەرسامیت؟**

- لە جیهان بە زایتسیڤ و سەید مەعروف، لە کوردستانیش بە مامۆستا عەلی تەها هیوادارم بگەمە ئاستی ئەوانە.

***ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتەی کە ئەنجامی دەدات بۆ وەرزشکارانی کوردستان، جێگای دەست خۆشییە، سوپاس بۆ ڕاهێنەر و خانەوادەکەم بۆ پشتگیریی بەردەوامیان.

# ئێمباپێ چارەنووسی خۆی ئاشکرا دەکات

کلیان ئێمباپێ لە چاوپێکەوتنێکدا ئاشکرای دەکات کە لە هاوینی رابردوو داوای ڕۆیشتنی لە پاریس سانت جێرمان کرد، دەشڵێت: ویستم بە ڕۆیشتنم لە یانەکەم سوودێکی ماددی گەورە بە پاریس بگەیەنم.


کلیان ئێمباپێ هێرشبەری یانەی پاریس سانت جێرمان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ RMC Sport ـی فەرەنسا، ئاشکرای دەکات، کە لە مانگی تەمووزی رابردوو داوای ڕۆیشتنی لە یانەکەی کرد و ئامادەنەبووە گرێبەستەکەی نوێ بکاتەوە.

ئێمباپێ دەشڵێت: من پێداگیری ڕۆیشتنم لە پاریس کرد، حەزم نەکرد یانەکە بە گرێبەستێکی خۆرایی جێبهێڵم، ویستم لە پاریس بڕۆم و ئەوانیش بە سوودمەندبوون لە فرۆشی من یاریزانێکی دیکە بگوازنەوە.

ئێمباپێ هێمای بۆ ئەوەش کرد، کە زۆر لە پاریس دڵخۆشە، دەشڵێت: لەوەتەی پاریس منی گواستووەتەوە دڵخۆشم لێرە، چوارساڵم بە ئاسوودەیی لێرە تێپەڕ کردووە و تا ئێستاش بەردەوامم، هەرگیز ئەو قسەیەش ڕاست نییە کە گوایە من ٧ ئۆفەری پاریس سانت جێرمانم بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەم ڕەتکردبێتەوە، بەڵام هەموولایەکیشم ئاگادار کردووەتەوە کە دەمەوێت بڕۆم.

لە لایەکی دیکەوە، کەریم بێنزیما لە دوایین لێدوانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کلیان ئێمباپێ پەیوەندی بە ریال مەدرید دەکات، دەشڵێت: هاتنی ئێمباپێ بۆ مەدرید یەکلایی بووەتەوە، تەنیا لەسەر کات وەستاوە.

کلیان ئێمباپێ تەمەن ٢٢ ساڵ، لە هاوینی ٢٠١٧ لە یانەی مۆناکۆ بە بەهای ١٦٥ ملیۆن پاوەند بۆ پاریس سانت جێرمان گواسترایەوە، ئێمباپێ لەگەڵ پاریس لە کۆی ١٨٢ یاری، ١٣٦ گۆڵی لە خولی فەرەنسا کردووە.





## ریال مەدرید بەمەرج ئامادەیا کاسیمێرۆ بفرۆشێت

کارگێڕیی یانەی ریال مەدرید ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ ئەوەی کاسێمیرۆی بەرازیلی لە گواستنەوەی زستانە بە مەرجێك بە یانەی پاریس سانت جێرمان بفرۆشن.

پێگەی بێرنابیۆ دیجیتاڵی ئیسپانیا لە ڕاپۆرتە هەواڵێکدا ئاشکرای کردووە، کە یانەی ریال مەدرید پێیوایە ئاستی کاسمێرۆ لەم وەرزە دابەزیوە، لە یاریی رابردوویان بەرامبەر ئیسپانیۆل بە ڕوونی دیار بوو، کە کاسێمیرۆ ئاستی وەکو سەردەمی زینەدین زێدان نەماوە.

کاسێمیرۆ لەوەتەی ساڵی ٢٠١٦ـەوە لەسەر ڕاسپاردەی زینەدین زێدان شوێنی خۆی لە پێکهاتەی سەرەکیی یانەی ریال مەدرید جێگیر کردووە و ئێستاش چەندان یانە ئارەزووی گواستنەوەی کاسێمیرۆ دەکەن، لە سەرووی هەموویانەوە یانەی پاریس سانت جێرمان ئۆفەرێکی گرانبەهای بۆ ئامادە کردووە.

سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە فلۆرێنتینیۆ پێرێزی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید تێگەیشتنی بۆ هەموو شتێك گۆڕاوە و زیاتر گرینگی بە یاریزانە لاوەکان دەدات و ئەگەر ئۆفەرێکی باش و بە نرخی لە لایەن پاریس سانت جێرمانەوە پێبگات ئامادەیە دەستبەرداری کاسێمیرۆ بێت.

کاسێمیرۆی تەمەن ٢٩ ساڵ، پێشتر لە ٢٠١٣ لە یانەی ساوپاوڵۆی بەرازیلییەوە ڕوویکردە تیپی کاسیای ریال مەدرید، لەوکاتەوە یاریزانە بەرازیلییەکە لە کۆی ٢٩٥ یاری بە درێسی ریال مەدرید کردووە و ٣٠ گۆڵ و ٢٥ ئاسیستی هەیە.



# ڕۆناڵدۆ تووشی ڕەخنەی توند دەبێتەوە

گاری نیڤڵ یاریزانی پێشووی یانەی مانچێستەریۆنایتد ڕەخنەی توند لە کریستیانۆ ڕۆناڵد دەگرێت و دەڵێت: پێویستە کریس ڕەفتاری خۆی باش بکات و جوان مامەڵە لەگەڵ پێگە و یانەکەی بکات.

یانەی مانچێستەر یۆنایتد لە دوایین یاریی خۆی لە خولی ئینگلیزی بەرامبەر ئێڤەرتۆن بە گۆڵێك بۆ هەرلایەکیان بەرامبەربوون، ڕاستەوخۆ لەگەڵ فیکەی کۆتایی یارییەکەدا، کریستیانۆ بەبێ ئاوڕدانەوە لە هیچ کەسێك بە تەنیا یاریگەی جێهێشت.

گاری نیڤڵ لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵی تەلەڤزیۆنی سکای سپۆرتسی بەریتانیا ڕایگەیاند کە ئەو ڕەفتارەی کریستیانۆ بە حەزی زۆر کەس نییە.

گاری نیڤڵ دەشڵێت: ئایا کریستیانۆ نیگەرانە لەوەی وەکو یاریزانی یەدەگ بەشداریی کرد؟ بەڵێ، ئایا کریستیانۆ بێزارە لەوەی کاتێك گۆڵ ناکات؟ بەڵێ، ئایا دڵتەنگ دەبێت کاتێك تیپەکەی سەرکەوتوو نابێت؟ بەڵێ، کەواتە ئێمە هەموو ئەو شتانە دەزانین، بۆیە کریستیانۆ پێویست ناکات بۆمان بسەلمێنێت کە لەم شتانە نیگەرانە و خۆی وادەربخات کە لە هەمووان زیاتر دڵتەنگ و پەرۆشترە.

گاری نیڤڵ کە پێشتر هاوشانی کریستیانۆ لە مان یونایتد یاری کردووە، دەشڵێت: کریستیانۆ بەشێوەیەکی نامۆ و ناشیرین لە یاریگە هاتە دەرەوە، دەربڕینی هەموو ئەو بێزارییەی کریستیانۆ فشار لەسەر ڕاهێنەر دروست دەکات، بەهەرحاڵ کریستیانۆ پێویستە لەسەر ئەم دۆخە خۆی ڕابێنێت.

کریستیانۆی تەمەن ٣٦ ساڵ، لە هاوینی ڕابردوو گرێبەستەکەی لەگەڵ یوڤێنتۆس هەڵوەشاندەوە و بە ٤٥ ملیۆن یۆرۆ گەڕایەوە مانچستەر یۆنایتد، لەم وەرزە ڕۆناڵدۆ لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان لەگەڵ یۆنایتد ٦ یاری کردووە ٣ گۆڵ و ٢ ئاسیستی هەیە.

# هەولێر گرنگی به خولی کوردستان و عێراق دەدات

دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بڕیاریداوە ئەم وەرزە پاڵپشتی تەواوی هەردوو تیپی خولی کوردستان و عێراق بن، بۆیە لە ئێستاوە ڕاهێنەرانی یانەکەیان سەرپشك کردوە لە دەستنیشانکردنی یاریزانان بۆ ڕیزی یانەکەیان، بۆ خولی کوردستانیش هەولێر ئەمجارە پشتی بەتواناکانی مامۆستا شوان ئەنوەر بەستووە، کە یاریزانی پێشووی یانەی برووسك بووە، لە بارەی ئامادەکارییەکانیش مامۆستا بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە پاڵپشتیی هەردوو تیپی کوردستان و عێراق دەبین بۆ ئەوەی ئەم دوو تیپەمان ببنە ژمارەیەکی گەورە لە هەردوو خول، ئێستا سەرەتای خولی عێراقە و، چەندین گرێبەستمان لەگەڵ یاریزانان واژوو کردووە و، زیاتریش پشت بە توانای یاریزانانی کورد دەبەستین، چەند یاریزانێکی پیشەگەرمان هێناوە بۆ خولی عێراقی و چەندین گرێبەستی یاریزانانی دیکەشمان نوێ کرووەتەوە، ئێمە نەماندەویست دکتۆر تەها دەست لەکار بکێشێتەوە، ئێستا ئەو ڕاهێنەری یانەکەیە تا دەستنیشانکردنی ڕاهێنەرێك بۆ یانەی هەولێر، پەیوەندیمان بە چەندین ڕاهێنەرەوە کردووە بۆ ئەوەی ئەرکی مەشقی یانەی هەولێر لەئەستۆ بگرن، ڕاهێنەرێکیش دەهێنین لە نێو عێراق بێت، بۆ خولی کوردستانیش ستافێکی ڕاهێنەری کوردمان دەستنیششان کردووە، بۆ ئەو خولەش پشتمان بە لاوەکانی هەولێر بەستووە و ژمارەیەك گرێبەستمان کردووە، چاومان لە ئەنجامی باشە»، لەبارەی گرفتی داراییش، بێجان ئیبراهیم گوتی: «وەکو یانە بەشداربووەکانی دیکەی خولی عێراق داوای بودجەمان لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی وەرزش کردووە، تا بە زووترین کات گرفتە داراییەکانمان چارەسەر بکەین، چونکە دەبێ بۆ ئەنجامی باش توانای دارایی باشت لەبەردەستدا بێت، هەرچی لە تواناماندا بێت بۆ خزمەتکردنی وەرزشی شاری هەولێر ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی هەولێر یەکێك بێت لە تیپە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق.





# دوای چەندین ساڵ دابڕان لە وەرزشی کوردستان جارێکی دی سلێمانی گەڕایەوە گۆڕەپانەکە

بە بڕیارێکی یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان یانەی وەرزشیی سلێمانی لە خولی پلە سێی یانەکانی کوردستان سەرخرایەوە بۆ خولی پلەیەکی کوردستان، ئەم بڕیارەش دووبارە هیوای بۆ یانەی سلێمانی و وەرزشی شارەکە گەڕاندەوە، لەم بارەشەوە بەهمەن غەریب بەرپرسی ڕاگەیاندنی یانەی وەرزشیی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «پلانی ئێمە ئەوەیە ئێستا بەشداری لە خولی پلە یەکی کوردستاندا بکەین، دواتر خۆمان بگەیەنینە خولی نایابی کوردستان، لەمێژ بوو هەستمان دەکرد کە وەرزشی شاری سلێمانی لە بۆشاییەکی گەورەدایە، ئامانجی ئێمە گەیشتنە بە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، دواتریش بە هەمان شێوە بەشداری لە خولی عێراقدا دەکەین و، پلانەکەش ئەوەیە کە بگەڕێینەوە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، چۆن یانەی نەورۆز هەیە، بە هەمان شێوە با یانەی سلێمانییش هەبێ و یانەکان زیاد بێت بۆ شاری سلێمانی»، لە بارەی قەیرانی دارایش، بەهمەن غەریب گوتی: «سەرجەم یانەکانی کوردستان ئەو گرفتەیان هەیە، هەموو یانەکان بەر لە خولەکان باسی گرفتی دارایی دەکەن، ئێمە بەو سەرچاوە داراییە ناوخۆییەی یانەکەمان کە لەبەردەستماندایە، گرێبەستمان کردووە، کە گرێبەست و مووچەی ڕەمزین، کۆمەڵێك یاریزان لەپێناو ناوی سلێمانیدا پاشەکشەی زۆریان لە مافی خۆیان کردووە، بۆ خاتری ناوی شارێك، تەنیا هیوایان گەڕاندنەوەی وەرزشی ئەو شارەیە بۆ لوتکەی وەرزش، هەرچەندە هەمووکات گرفتمان هەبووە، وەکو دارایی، بەڵام بەم داهاتە ناوخۆییەی یانەکەوە هەوڵمان داوە تیپێکی تۆکمە دروست بکەین، بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی کوردستان و عێراق، بەهیوای ئەوەین بتوانین ئاستی یانەکە بەرەو پێش ببەین و، خزمەتی زیاتری وەرزشی ئەو شارە بکەین».

# چەمچەماڵی ئەمساڵ جیاواز دەبێت

دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی چەمچەماڵ لەم وەرزە بۆ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، پلان وبەرنامەی تازەی داناوە، بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەتر لە خولەکانی کوردستاندا، ئیدارەی یانەکەش بەفەرمی متمانەی بەخشییە ڕاهێنەری بەتوانا (ئەرسەلان جەلال)ی ڕاهێنەری پێشووی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و کوڕی شاری هەولێر، یانەکە دەیەوێت گۆڕانکاری لە پێکهاتەی یانەکەشدا بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەنجامەکانی لە وەرزی ڕابردوو باشتر بێت، لەم بارەشەوە ئەرسەلان جەلال بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «گرێبەستی یەك ساڵمان لەگەڵ یانەی چەمچەماڵ کردووە، جگە لەوە دەتوانین گرێبەستەکەش تازە بکەینەوە، سەبارەت بە پێکهاتەی یانەکەشمان گۆڕانکاریی زۆر کراوە، تەنیا سێ بۆ چوار یاریزانی وەرزی ڕابردوو ماوەنەتەوە، گۆڕانکاری لە شێواز و پلان و تاکنیکی تیپدا دەکەین، دەمانەوێت چەمچەماڵ پشتئەستوور بە ئیدارە و یاریزان و سەرپەرشتیار و ستافی ڕاهێنەران و هاندەرانی، ژمارەیەکی قورس بێت لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بێجگە لە ئەنجام، ئەرکی ئێمە ئەوە دەبێت کە یانەی چەمچماڵ جوانترین یاری پێشکەش بکات»، ئەم ڕاهێنەرە گوتیشی: «یانەی قەزا و ناحییەکان لە ڕووی داراییەوە گرفتیان هەیە، بەڵام پشت بەخودا و بە یەکریزیی نێوان هەموو لایەك، ئەو بەربەستەش دەشکێنین، ئێمە تا بتوانین پیشەگەر ناهێنین و پشت بە یاریزانی گەنج دەبەستین، کە متمانەمان پێیان هەیە، بەڵام لە کاتی زەروورییەتدا ئەوە قسەیەکی دیکەیە، دەمانەوێت ئەم وەرزە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان یانەی چەمچەماڵ بەتەواوی جیاواز بێت و ژمارەیەکی قورس بین لە خولە گەورەکەی کوردستان، هەرچی لەتوانامانداندا بێت بۆ خزمەتکردنی ئەو شارە خۆشەویستە ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی وەرزشێکی شایستە پێشکەشی هەموو لایەك بکەین».



# ئایا کۆڤید١٩ قەڵاچۆ دەکرێت؟

بە ڕای توێژەران دەکرێ کە کۆڤید١٩ قەڵاچۆبکرێت، بەڵام هێشتا ڕووبەڕووی گەلێك ئاستەنگ لە ڕێگەدان، قەڵاچۆکردن لە زانستی پزیشکیدا واتە کەمبوونەوەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە کۆڤید١٩ لە سەرتاسەری جیهاندا تا سفر، یان تا ئەو ڕادەیەی کە ئیتر پێویست بە وەرگرتنی ڤاکسین نەکات. ئەگەرچی ئێستا چەند جۆرێك ڤاکسینی کۆرۆنا لەبەردەستدان، بەڵام تا ئێستا بە تەواوی نازانرێت کە تا ماوەی چەند لە کاتی نەخۆشییەکە پارێزراو دەبین. لێکۆڵەرانی نیوزلەندی جەختیان کرووەتەوە کە قەڵاچۆکردنی کۆڤید١٩ بە حەوت فاکتەری گەورەوە بەندە، یەکێك لەم فاکتەرانە بریتییە لە بەردەستبوونی ڤاکسینێکی نەگۆڕ و کاریگەر و سەلامەت و هەرزان بۆ کۆڤید١٩، وەکو ڤاکسینی خوریکە Small pox کە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا لە قەڵاچۆکردنی نەخۆشییەکەدا، ڕاستە ئێستا گەلێك ڤاکسینی کۆرۆنا لەبەردەستدان، بەڵام نازانرێت کە خۆپاراستن لە کۆڤید١٩ تا کەی بەردەوام دەبێت. وا پێ دەچێت کە ئەو ڤاکسینانەی بەرێگای mRNA بەرهەم دەهێنرێن، وەکو ڤاکسینی فایزەر و مۆدێرنا، پەرەیان پێ بدرێت و بە شێوەی سپرای لووت بەردەست بن، چونکە بە ڕای زانایان ڤاکسین بە شێوەی سپرای لووت کە هێشتا بەردەست نەبووە، زیاتر ڕێگە لە گواستنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەگرێت.





# ئایا کۆڤید١٩ نەخۆشیی کۆئەندامی هەناسەیە یان نەخۆشیی بۆرییەکانی خوێنە؟

لەگەڵ سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید١٩ بەر لە دوو ساڵ، پسپۆڕان بڕوایان وابوو کە نەخۆشییەکی کۆئەندامی هەناسەیە، چونکە سەرەتا پەلاماری ئەم کۆئەندامی هەناسە دەدات. ڤایرۆسی کۆرۆنا پەلاماری سییەکان دەدات، بەڵام کاریگەریی دەکاتە سەر ئەندامەکانی دیکەی لەش، وەك: گورچیلە، جگەر، دڵ ...تاد. جگە لەمانە، پاش لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەی وردەکاری، هەندێك لە نیشانەکانی کۆڤید١٩ و نیشانەی ئالۆزییەکان دەرکەوتووە، کە ئەم نیشانانە دوورن لەو نیشانە باوانەی کە لە ئەنجامی بوونی نەخۆشیی لە کۆئەندامی هەناسەدا بەدی دەکرێن. توێژەرانی زانکۆی (کالیفۆرنیا - ساندیاگۆ) گەیشتوونەتە ئەم ئەنجامەی کە نەخۆشیی کۆڤید١٩ لە ڕاستیدا نەخۆشیی کۆئەندامی هەناسە نییە، بەڵکو زیاتر نەخۆشیی بۆرییەکانی خوێنە و، نیشانەکانی کۆئەندامی هەناسە لە ئەنجامی هەوکردنی بۆرییەکانی خوێن لە شانەکانی سییەکاندا سەرهەڵدەدەن، کۆڤید١٩ گەلێك جار دەبێتە هۆی مەیینی خوێن، هەندێك کەس تووشی جەڵتەی مێشك Stroke دەبن، هەندێکی دیکە تووشی (قاچی کۆڤید Covid feet) دەبن، کە بریتییە لە ئاوسان و سووربوونەوەی پێیەکان.

# ئایا دەتوانیت ڤاکسینی کۆرۆنا وەربگریت ئەگەر نەخۆشیی ڕۆماتۆیدیی جومگەکانت هەبێت ؟

ئەگەر نەخۆشیی ڕۆماتۆیدی جومگەکانت هەبێت، ئەوا پاش وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنا نیشانەکانی نەخۆشییە درێژخایەنەکەت توندتر دەبن، بەڵام پسپۆڕانی تەندروستی جەخت دەکەنەوە کە سوودەکانی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنا گرنگترن لە توندبوونی نیشانەکانی نەخۆشیی ڕۆماتۆیدی، واتە پێویستە کە ڤاکسین وەربگیرێت. ئەمە سەلمێنراوە کە کاردانەوەی لەشی هەر کەسێك بۆ ڤاکسینی کۆرۆنا لە کەسێکی دیکە جیاوازە، ئاماژە بەمەش کراوە کە گەلێك لە تووشبووان بە ڕۆماتۆیدی جومگە، کاردانەوەی جیاواز بەرانبەر بە ڤاکسینی کۆرۆنا پیشان دەدەن لە ڕووی توندبوون، یان گۆڕانی نیشانەکانیان، بەڵام بەگشتی مەترسییەکی ئەوتۆ بۆ تەندروستییان پەیدا نابێت. جگە لە ئەگەری توندبوونی نیشانەکانی ڕۆماتۆیدی جومگەکان پاش وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنا و جگە لە زیانە لابەلاکانی ڤاکسینی کۆرۆنا، وەکو بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش و ئازاری ماسوولکە و هەستکردن بە ماندووبوون، هەندێك جار ئاوسانی لیمفە گلاندەکان Lymph glands بەدی دەکرێت، بەڵام بەگشتی ئەم نیشانانە ماوەکورت و بێ مەترسین و دەتوانرێت کە دەنکی پاراسیتۆڵ، یان برۆفین بەکاربێن بۆ سووککردنی ئازار و دابەزاندنی پلەی گەرمیی بەرزی لەش. ئەو کەسانەی کە نەخۆشیی ڕۆماتۆیدی جومگەیان هەیە، پێویستە کە ئاگاداری دکتۆر بکەنەوە، بۆ بڕیاردان لەسەر ڕێکخستنی کاتی وەرگرتنی دەرمانەکانیان لەگەڵ کاتی وەرگرتنی ڤاکسینی کۆرۆنا.





# وا باشترە ماوەی نێوان دوو ژەمی ڤاکسینی کۆرۆنای فایزەر هەشت هەفتە بێت


توێژەرانی بەریتانی جەختیان کردووەتەوە کە ماوەی درێژتری نێوان دوو ژەمی ڤاکسینی دژەکۆرۆنای پفایزەر بایۆنتێك Pfizer-BioNTech، هانی سیستمی بەرگریی لەش دەدات، بۆ زیاتر دروستکردنی ماددە دژەتەنەکان. ڕپسپۆڕانی بەریتانی دەڵێن درێژکردنەوەی ماوەی نێوان دوو ژەمی ڤاکسینی کۆرۆنای فایزەر لە سێ هەفتەوە بۆ هەشت هەفتە، سوودی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕاوی جۆری دێلتای کۆڤید١٩، توێژەران جەختیان کرووەتەوە کە وەرگرتنی دوو ژەمی ڤاکسینی کۆرۆنای جۆری فایزەر، کە ماوە نێوانیان ٢١ ڕۆژ بێت، هاندەرە بۆ دروستبوونی ڕێژەیەکی کەمی ماددە دژەتەنە هاوسەنگکەرەوەکان Neutralising antibodies، کە بە ڤایرۆسی کۆرۆناوە دەنووسێن و ڕێگە لە چوونە ناو خانە، یان تووشبوونی خانە دەگرن، کەچی ماوەی زیاتر لە سێ هەفتە لە نێوان دوو ژەمی ڤاکسینی فایزەردا، هاندەرە بۆ خانەکانی هاندەری جۆری Helper T-cells کە پاڵپشتی (مێمۆری) سستمی بەرگریی لەش بکات.

ئەمە ڕوونە کە وەرگرتنی دوو ژەمی ڤاکسینی کۆرۆنای جۆری فیزەر بەرگرییەکی بەهێز بەرانبەر بە ڤایرۆسی کۆرۆنا پەیدا دەکات، بەڵام لە چەندین سەرچاوەی پزیشکیی دیکەش جەخت لەمە کراوەتەوە کە ماوەی هەشت هەفتە لە نێوان دوو ژەمی ڤاکسینی کۆرۆنای کۆمپانیای فایزەری ئەمەریکی، بەرگرییەکی بەهێزتر بەرانبەر بە کۆڤید١٩ پەیدا دەکات.



# ئاڵۆزییە درێژمەوداکانی کۆڤید١٩

کۆڤید١٩ کاریگەریی فرەئەندامی هەیە لە لەشدا، بۆ نموونە سییەکان، دڵ، گورچیلە، پێست، هەروەها مێشک، هاوکات لەگەڵ هەوکردنی فرەسیستمی Multisystem inflammation. هەندێک لە کاریگەریی و ئاڵۆزییەکانی پاش چاکبوونەوە لە کۆڤید١٩بریتین لە: کەمبوونەوەی لیاقەی وەرزشی و توانا فیزیکییەکان، لەبەر کاریگەریی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر کۆئەندامی هەناسە و دڵ بۆڕییەکانی خوێن، لەگەڵ گۆڕان لە پەیکەرە ماسوولکەکاندا، ئاڵۆزییەکانی کۆئەندامی هەناسە بە شێوەی کۆکە و هەناسەتەنگی، یان تێکچوونی سییەکان و نیشانەی وەك: ڕەبو، تووشبوون بە کەڕووی ڕەش بە شێوەی هەوکردنی پێست، یان کۆئەندامی هەناسە کە هەندێك جار ژیان دەخاتە مەترسییەوە، پەککەوتنی دڵ لە ئەنجامی تووشبوون بە جەڵتە لەبەر گیرانی خوێنبەرەکانی تاجیی دڵ، یان نارێکبوونی لێدانەکانی دڵ و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، یان هەوکردنی ماسوولکەی دڵ کە هاوکاتە لەگەڵ لاوازبوونی ماسوولکەی دڵ و دروستبوونی تۆپەڵی مەییوی خوێن لەناو بۆڕییەکانی خوێندا، پەککەوتنی گورچیلە لەبەر گیرانی بۆڕییە وردەکانی خوێن لە گورچیلەدا بە تۆپەڵی خوێنی مەییو، کە گەلێك نەخۆش پێویستییان بە پاککردنەوەی خوێن، یان گورچیلەی دەستکرد دەبێت Dialysis، گرفتەکانی کۆئەندامی دەماریی مەرکەزی بە شێوەی جەڵتەی مێشك، هەروەها پەستی، خەمۆکی، خەوزڕان، کەمبوونەوەی سەرنج و تەرکیز، نەمانی توانا بۆ هەستکردن بە خۆشی Anhedonia.



## ئایا منداڵ تووشی گۆڕاوی دێلتای کۆڤید١٩ دەبێت؟

بە پێی ڕاپۆرتەکانی سەنتەری ئەمەریکی بۆ کۆنترۆڵ و خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان CDC، گۆڕاوی جۆری دێلتای کۆڤید١٩ زیاتر لە دوو هێندەی گۆڕاوەکانی پێشوو توانای خێرا گواستنەوەی هەیە و، وا پێدەچێت کە نیشانەکانیش قورستر بن لەو تووشبووانەی کە ڤاکسینیان وەرنەگرتووە، تەنانەت لە منداڵانی تووشبوودا. بە پێچەوانەی جۆرە گۆڕاوەکانی پێشووی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە منداڵ زۆر بە کەمی، یان زۆر بە سووکی دوچاری دەبوو و زوو چاك دەبووەوە، جۆری گۆڕاوی دێلتای ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەریی بەرچاوی لەسەر تەندروستیی مندڵ هەیە، بەتایبەتی لە تەمەنی ژێر ١٢ساڵیدا، کە هێشتا ڤاکسینیان بۆ بەردەست نەبووە. لەبەرئەوەی کە زۆربەی منداڵان ڤاکسینی کۆرۆنایان وەنەگرتووە، بۆیە دەکەونە ژێر ڕیسکی گەوری تووشبوون بە کۆڤید١٩، بەتایبەتی گۆڕاوی جۆری دێلتا، گرنگترین نیشانەکانی گۆڕاوی دێلتای کۆڤید١٩ لە منداڵدا بریتین لە: سەرئێشە،کڕانەوەی قوڕگ، زیادبوونی دەردراوی لووت، لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش، هێڵنج و سکچوون، بەڵام کۆکە و نەمانی هەستی بۆن کەمتر بەدی دەکرێن.




## تا ئێستا سویچی کۆمپیوتەرتان دیوە؟

کۆمپیوتەر دەکرێت بڵێین گەورەترین کۆگای داکردن و نووسین و هەڵگرتنی و ڕاگواستنی زانیارییەکانە. کۆمپیوتەرەکان بە زۆر شێواز قفڵ دەکرێن و دادەخرێن.. دەتوانی بە کۆدی نهێنی دایان بخەی و دەتوانی بە پەنجەمۆر، هەروەها دەکرێت بە ناسینەوەی ڕوخسار و زۆر شێوازی دیکەش..

یەکێک لە شێوازە نوێیەکان، بەکارهێنانی سویچی کۆمپیوتەرە. سویچێك وەك سویچی ئۆتۆمبیلە نوێیەکان. ئەگەر لە پەنات بن دەتوانی کۆمپیوتەرەکە پێبکەی و ئەگەر لەلات نەبێ هەرچەندی هەوڵبدەی کۆمپیوتەرەکەت کۆدەکانی ئازاد ناکات.

کلیلی جۆری GateKeeper سویچێکی بێ وایەری کۆمپیوتەرە. هەرکاتێك لە کۆمپیوتەرەکەت دوور بکەیەوە ئۆتۆماتیکی کۆمپیوتەرەکە دادەخرێت. ئەو سویچەش بۆ ئەو شوێنانە زۆر گونجاوە کە زانیاریی گرنگی تێدا پارێزراوە. دەتوانی سویچی ناوبراو بۆ ئەوەی بزر نەبێ وەك مەدالیایەکی سویچ هەڵبگری یان لە جزدانەکەتی بخەی. بێجگە لە سویچەکە دەبێت پاسۆردیش لەسەر کۆمپیوتەرەکە دابنێی، چونکە ئەگەر یەکێك توانی بەهەر جۆرێك سویچەکە وەدەست بنێ نەتوانێ بە ئاسانی کۆمپیوتەرەکە بکاتەوە.

## هەم لاپتۆپێکی بچووک و هەم ئامێری گەیم

یارییە ڤیدیۆییەکان چ لە ئامێرەکانی وەك پلەیستەیشن و ئیبچ دی بۆکس و... چ ئانلاین بن، لایەنگرێکی زۆریان هەیە. ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی تایبەت بە گەیم جگە لە مۆبایل زۆربەیان قەبارەگەورەیە و کێشیان زۆرە. ئامێری گەیمی GPD Win Max هەم بچووکەو هەم کێشی کەمە.

ئامێری ناوبراو کۆنسۆلێکی دەستییە، وەك نۆتی بووك و لاپتۆپێکی بچووکیش سوودی لێوەردە گیردرێت. شاشەکەی ٨ ئینجە و لە جۆری IPSیە، لە یەك کاتدا پشتیوانی لەمسی لە دە خاڵ دەکات. سەرەڕای ئەوەی بچووکە تایبەتمەندییەکانی بەرزن.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن: یەکەی لێکدەرەوەی لە جۆری ئەنتەلە و Intel Gen11 Graphics Iris Plus 940. ڕامەکەی ١٦ گیگابایتە و داتاگەی کە لە جۆری SSDیە ٥١٢ گیگابایتە. جووتێك دەسکی گەیمی لەسەرەوە داندراوە. باترییەکەی هەتا ٣ کاتژمێر یاریکردن دانابەزێت. ئەگەر گەمەی بچووکیشی پێبکرێت هەتا ١٤ کاتژمێر دانابەزێت. سیستەمی وای-فای ٦ی لەسەرە و پشتیوانی لە بلوتوس ٥ دەکات. کێشی تەنیا ٧٩٠ گرامە. دەکرێت وەك لاپتۆپێکی باشیش سوودی لێوەربیگرێت و هەموو ئەو ئەرکانەی بە لاپتۆپ ئەنجام دەدرێن بەویش ئەنجام دەدرێن.





# کاتژمێرێکی زیرەک و ستایلێکی ناوازە

دوای تێپەڕینی چەند ساڵ بەسەر بەرهەمهێنانی کاتژمێرە زیرەکەکان، ئێستاکە ئەرك و کاریان بۆ زۆر کەس ئاشنایە. ئامێرێك لە خزمەت تەندروستیی مرۆڤدا.

ستایل و دیزاینی زۆربەی کاتژمێرەکان هەروەك کاتژمێرێکی ئاسایی دەچن و کارکردەکانیش وەکو یەکە. کاتژمێری جۆری Huawei Watch Fit نەبێت کە ستایلەکەی جیاوازە. کاتژمێرەکە لەنێوان باند و کاتژمێردا. دوو رەنگی سپی و رەشی هەیە. کاتژمێری ئاماژە بۆ کراو دەتوانێت بە وردی چاودێریی ئوکسیژێنی ناو خوێن واتە (SpO2) بکات. بەکاهرێنەر دەتوانێت شاشەی کاتژمێرەکە لەسەر مۆبایلەکەی خۆی بگۆڕێت و زانیاری نوێ سەبارەت بە تەندروستی و کەش و هەوا بەدەست بێنێ.

شاشەکەی لاکێشەیی و قەوارەکەی ١,٦٤ ئینجە. لە جۆری AMOLEDیە. جگە لە چاودێری ئوکسیژێنی ناو خوێن ٩٦ حاڵەتی راهێنانی وەرزشی تێدایە. لەگەڵ ١٢ خولی خۆ لاوازکردن و رێکخستنی جەستە. ٤٤ پرۆگرامی تایبەت بە کەمکردنەوەی ئازاری شان و ملی تێدایە. ستایلی کاتژمێرەکە ستایلی دیاریکراو نین، بەکارهێنەر بە ویستی خۆی دەتوانێت دیزاینی ناو کاتژمێرەکە بگۆڕێت. باترییەکەی هەتا ١٠ رۆژ دانابەزێت.




# بتڵێکی بچووک بۆ پاڵاوتنی ئاو

کە دەڵێن ئاو و سەرمایە و سەرچاوەی ژیانە، ئەم قسەیە لە گۆترە نەگوتراوە، بەبێ ئاو، ژیان هیچ مانایەکی نامێنێ. هەموو شوێنێك ئاوی خاوێن و پاڵاوتەی نییە، بۆ ئەوانەی گەشت و گەڕان دەکەن، رەنگە لە زۆر شوێنیاندا ئاوی پاکیان دەست نەکەوێ. بتڵی بچووکی Purisoo کە بەکارهێنەر دەتوانێت لەگەڵ خۆی بۆ هەموو شوێنێکی ببات، لەگەڵ ئەوەی ئاوی تێدا هەڵدەگرێ. ئاوەکەش دەپاڵێوێ.

بتڵەکە بەهۆی سیستەمێکی پەمپی دەستی ئاوە پیسەکە لە فیلتەری تایبەت رەت دەکات و لەلاکەی دیکەوە ئاوی خاوێن دێتە دەرەوە.



# وێبکەمێک روخساری بەکارهێنەرەکەی دەناسێ

وێب کەم واتە کامێرای تایبەت بە وێب و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەرلەوەی لاپتۆپەکان پێشکەوتوو بن، گرنگییەکی خۆی هەبوو. ئەوانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کۆڕ و سیمناریان هەیە یا چات و گفتوگۆ دەکەن، وێبکەم ئامێرێکی پێویستە. لەسەردەمی کرۆنادا کە زۆربەی ئەرکەکان لەماڵەوە ئەنجام دەدران، تورە کۆمەڵایەتییەکان و قەرەباڵغ بوون و وتنەوە و دەرس و کۆڕ و کۆبوونەوەکان لە دونیای مەجازیدا دەکرا، وێبکەم گرنگییەکی زۆری هەیە.

لەم رۆژانەدا کۆمپانیای Dell وێبکەمی جۆری UltraSharp بەرهەم هێناوە کە روخساری بەکارهێنەرەکەی دەناسێت. وێبکەمەکە کوالیتی نیشاندانی 4Kیە. هەستەوەری ٨,٣ میگاپیسکی لەسەرە. توانای تۆمارکردنی بە کوالیتی ٤K هەیە. لەکاتی تۆمارکردندا بە ویستی خۆت دەتوانی چۆنییەتی تۆمارکردنەکە بگۆڕی لە ١٠٨٠ وە بۆ ٧٢٠. وێب کەمەکە رێکخستنی خۆکاری تیشك و رووناکی هەیە. تەنانەت وێنەکە بەبێ رووناکیش بەباشی دەبیندرێ. یەکێك لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی وێبکەکەمە ئەوەیە کە زەینی دەستکردی هەیە، واتە لەگەڵ جوڵەی بەکارهێنەرەکە چوارچێوەی ناوەوەی کامێراکە دەجوڵێت. بەکارهێنەر هەرچییەك بکا لە چوارچێوەکە ناچێتە دەر.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


خوێنەرێکی ئازیز دەپرسێت ئایا دەکرێت لە مۆبایلەکەم، پرۆگرامێکی تایبەت دابخەم؟ بۆ نموونە ئینستاگرامەکەم دابخەم.

بەڵێ خوێنەری بەڕێز، لە دونیای دیجیتالی سەردەمدا هەموو شتێك دەکرێ، مۆبایلەکەت چ سیستەمی ئەندرۆید بێ و چ سیستەمی ئایفۆن واتە ئای ئۆ ئێس، دەکرێت بە ئاسانی دابخرێ. لە ئایفۆندا لە ڤێرژنی دە بە دواوە خۆی بەشێکی تایبەتی تێدایە بە داخستنی پرۆگرامەکان. لە ئەندرۆیدیش لە ئەندرۆید ١٠ بەولاوە بە ئاسانی دەکرێت و لە بەشی سیکوریتیدا ئەو شوێنەی پاسۆرد و کۆد بۆ داخستن و کردنەوەی مۆبایل دادەنێی، لەوێدا بەشێك هەیە تایبەتە بە داخستنی پرۆگرامەکان. هەروەها بە پرۆگرامی AppLocker بە ئاسانی دەکرێت. لە موبایلی هەواوی و سامسۆنگدا خۆیان بەشی تایبەتیان هەیە بە داخستنی ئەپەکان.

## پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی فیلمی کاسێت بە فیلمی دیجیتالی

لەماڵەوە فیلم و کاسێتی کۆنت هەن، ئەوانەی بە فیلمی ڤیدیۆیی ناسراون و ناوە زانستییەکەی پێیان دەگوترێ VHS و نیازت هەیە بیانکەی بە فایلێکی ڤیدیۆیی و لەسەر کۆمپیوتەر دایبەزێنی. گەلێك پرۆگرام هەن بۆ ئەم مەبەستە.

یەکێك لە باشترین پرۆگرامەکان کە بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، پرۆگرامی VIDBOX VHS to DVDە. ئەم پرۆگرامە فیلمە کۆنەکان دەکات بە فیلمی کوالیتی بەرزی دیجیتالی. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:




- کاسێتە کۆنەکان VHS لەسەر ڤیدیۆ کاسێت، یان لەسەر کامێرای فیلم هەڵگرتنەوە دەکاتە DVD یان هەر فۆرماتێکی کە مەبەستت هەبێ.
- فیلمەکان بەو جۆرەی مەبەستتە دەستکاری بکە و گۆڕانی بەسەردابێنە. بۆ نموونە دەتوانی هەر لەوکاتەدا فیلمەکە بگۆڕی بۆ دیجیتالی مۆسیقایەکیشی لەگەڵ دابنێی.
- دەتوانی دوگمە و شریتی تایبەت بۆ DVD دابنێی.
- دەتوانی فیلتەر و ئێفێکتی تایبەت بۆ فیلمەکەت دابنێی.
- دەتوانی تەنیا دەنگەکە لە کاسێتەکان وەربگری.



# پتەوترین تەبلێت لاپتۆپی پاناسۆنیک

پاناسۆنیکی ژاپۆنی بەم دواییە نوێترین تەبلێت/ لاپتۆپی خۆی خستەڕوو. تەبلێتی Toughbook G2ی کە سیستەمی ویندۆز ١٠ی لەسەرە و لەیەك کاتدا هەم دەبێتە تەبلێت و هەم لاپتۆپ. شوێنی سێ پارچەی گرنگی دیکەی هەیە. وەك کامێرای گەرمی پێو، سکاینەری خوێنەرەوەی بارکۆد، شوێنی دانانی خوێندنەوەی SSD ی خێرا.

شاشەی تەبلێتەکە ١٠ ئینجە، رووناکییەکی زۆر بەهێزی هەیە. دڵی کۆمپیوتەر یا بە واتایەکی دیکە یەکەی لێکدانەوە CPU لە جۆری core i5ە. باترییەکەی هەتا نزیکەی ١٩ کاتژمێری بەردەوام بەش دەکات.

سیستەمی وای-فای ٦ی لەسەرە کە ئێستا خێراترین سیستەمی وەرگرتنی ئینتەرنێتە. بلوتوسی ٥ی لەسەرە کە خێراترین سیستەمی پەیوەندییە. رامەکەی ١٦ هەتا ٣٢ گیگابایتە. هاردەکەی ٥١٢ هەتا ١ ترابایتە لە جۆری SSD خێرایە.



# پرینتەر و سکاینەری پورتێبڵ



وشەی (portable) لە ئینگلیزیدا بەو ئامێر یا ئەو کەرسانە دەگوترێت کە بتوانرێ بە ئاسانی رابگوازرێن. ئەو ئامێرانەی بچووکترن لە قەبارەی ئامێرەکانی پێش خۆیان. بۆ نموونە قەوارە و کێشی پرینتەرێك دیارە بە جۆرێك کە ناتوانرێ، تاك کەس لە گیرفانی بخات و بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ خۆی بەرێت. لەو دواییانەدا ئامێری جۆری (portable) بەرهەم هاتن کە بە ئاسانی رادەگوازرێن.

ئامێری جۆری smart Magic Wand پرینتەر و سکاینەرێکە کە لە جۆری پورتێبڵە, بەکارهێنەر دەتوانێ بۆ هەموو شوێنێك لەگەڵ خۆی بگوازێتەوە. ئەم سکاینەر و پرینتەرە تایبەتە بە مۆبایلە زیرەکەکان. بەکارهێنەر بە ئاسانی لە جانتاکەی دەخات و لەگەڵ خۆی دەگێڕێ. بەهۆی پرینتەر- سکاینەری ناوبراوەوە دەتوانرێت ئەوەی لەسەر مۆبایلەکان لە وێنە و دەقەوە بیخەیە سەر کاغەز. هەروەها دەتوانرێ ئەو فایلانەی بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەت بە مۆبایلەوە دەستکاری دەکرێن سکان بکرێن.

## ماڵپەڕێک کوالیتی وێنەکان بەرز دەکات

وێنە کۆن و کوالیتی نزمەکان بەهۆی پرۆگرامەکانی فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی دەکرێت کوالیتیان بەرز بکرێتەوەو دەستکاری بکرێن، بەڵام ئەگەر بتەوێ بەبێ ئەوەی سوود لە هیچ پرۆگرامێك وەربگری بە ئاسانترین شێوە وێنە کۆن و کوالیتی نزمەکان نوێ کەیەوە، سوود لە ماڵپەڕی https://letsenhance.io/ وەربگرە.. لەم ماڵپەڕەدا سەرەتا دەبێ هەژمارێکی تایبەت بۆ خۆت دروست بکەی و پاشان ئەو وێنەی کە مەبەستتە دابەزێنەسەر سایتەکە و لەماڵپەڕەکەدا بە شێوەی خۆکار وێنەکە باش دەکرێتەوە. بەهۆی زەینی دەستکردەوە دەتوانێ ئەو بەشانەی کە سڕاونەتەوە باش بکاتەوە و کوالیتی بەرز بکات. دیارە چەند نموونەیەکت لە وێنەکە دەداتێ کامەت مەبەست بێ ئەوی هەڵبژێرە.



# ڕەنگە پێشنیازکراوەکانی سووراوی لێو

لەگەڵ گۆڕانکاری لە کەشوهەوادا، کە بەرەو فێنکی ڕێگە دەگرین، پێویستە گۆڕانکاری لە کەرەستەو ماکیاژەکاندا بکرێت، بەهۆی ئەوەی ئەو کەرەستانەی بۆ وەرزی گەرما شیاون، بۆ کەشی فێنك ناگونجێن، سووراوەکان دیارترین نموونەی بەرچاون و، پسپۆڕانی جوانکاری چەند ڕەنگێکیان بۆ نێوان وەرزی هاوین و پاییز داناوە، کە لە نێوان ڕۆجی کلاسیك و ڕۆجی ئاساییدا خۆی دەبینێتەوە، هەروەها چەند ڕەنگێکی دیکەی تایبەتیان بۆ سووراوەکان هەڵبژاردووە، کە ئەوانەن: سەرەتا ڕەنگی سووری بێرگەندی تۆخ، مۆدێکی ناسکە کە بۆ دەرچوون و کاتی دەوام شیاوە، ڕەنگی سووری فراولە(شلك) بۆ یاد و بۆنەکان گونجاوە، ڕەنگی سووری خۆخ کە دەتوانی بۆ دەرچوونی شەوانە و میوانی لە لێوت بدەیت، کە ڕەنگێکی هێمن و لەسەرخۆیە، لەگەڵ ڕەنگی هەموو پێستێك دەگونجێت، ڕەنگی نیۆد، کە وەك شینی کراوە وایە و، مارکەی کلینیك بۆ سووراوەکانی داناوە، سەرنجڕاکێش و نایابە، بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر لێو دەمێنێتەوە، دەتوانی بۆ گەشت و سەیران و شوێنی دوور لە لێوتی بدەیت، ڕەنگی وەنەوشەیی تۆخ، مۆدێکی نایابە کە شانێل بە ڕەنگی سووراوی خۆی داناوە، لەگەڵ ڕەنگی پێست خۆی دەگونجێنێت، هەروەها دەتوانی لەگەڵ ڕەنگی جل، یان ئێکسسوارەکان هاوتایان بکەیت.

# گوارەی چوارگۆشە و نەخشدار لە گوێچکە بکە

هـەردەم هەوڵبـدە خشـڵەکانت لـە مـۆدی جیـاواز بـن لەوانـەی کـە بـاون، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ کەسانی دیکە جیاوازییـەك لـە کەرەستـەکانتدا بـەدی بهێنیـت، گـوارە گرنگتریـن خشـڵەکانی ڕوخسـارە، بـە بوونـی گـوارە لـە گوێچکەکانـت مۆدێکـی ناسـك بـۆ ڕوخسـارت بـەدی دەهێنیـت، لـە هەڵبژاردنـی گـوارەدا هەمیشـە چاوکـراوە بـە، دیاتریـن مۆدەکانـی گـوارە لـەو وەرزەدا بریتییـە لـە گـوارەی چوارگۆشـە بـۆ وەرزی هاویـن، بـە مەرجێك بچووك و ورد بن، نەوەك هێندە گەورە بن کە ڕوخسارت تێك بدات. پێشتر گوارەی بازنەیی، یان نیو ئەڵقە باو بوون، کەچی لە مۆدە تازەکاندا گرنگی بە گوارەی چوارگۆشە دراوە، ئـەو مـۆدە سـەرەتا لەلایـەن مارکـەی (لویـس ڤیتۆنـی فەڕەنسـی و تیفانـی ئەنـد کـۆ و کارتیـر) کاری لەسـەر کـراوە، تـا ببێتـە مـۆدی سـەردەم، مەبەسـتیش لـەو داهێنانـەی گـوارەی چوارگۆشـەدا، کـە سـاڵانی هەشـتاکان بـاو بـوون، وەك گێڕانـەوەی مـۆدی پێشـووە بـۆ ئـەوەی لـە سـەردەمی ئێسـتادا بـاو بێـت، ئـەو جـۆرە مۆدەیـە بـۆ گشـت کـەش و شـوێنێك دەگونجێت، بـەڵام مەرجـە ڕەنگەکـەی بەپێـی ئـەو شـوێنە و جلەکانـت گونجـاو بـن، ئەگـەر گـوارە چوارگۆشـەکان کەمێـك نەخشـداریی پێـوە دیـار بێـت، مۆدێکـی سـەرەنجڕاکێشـتری لـێ دەردەچێـت.







## مۆدی قەد و پەڕپەڕ لە جلوبەرگی کراوەدا

ئەوانەی حەز بە جلی کراوە و سەرنجڕاکێش دەکەن، یان ئەوانەی خواستیان جلی پەڕپەڕ و کەسرە، جوانتریـن مـۆدە کـە لـەو ماوەیـەدا بـاون و جوانـی و مێینەیـی پێـوە دیـارە، جلـە پەڕپـەڕ و کەسـرەکانە، ئەوانـەی هەسـت دەکـەن جەستەیان مێینـەی پێوەدیـار نییـە، دەتوانـن بـەو جلانـە قەرەبـووی بکەنـەوە، سـەرەتا مارکـەی نیکـس: چەندیـن کـراس و عەزیـەی درێـژی پەڕپـەڕی ئامـادە کـردووە بـۆ ئـەوەی لـە مۆدەکانیـدا ڕەنـگ بداتـەوە، دواتـر مارکـەی فیلیم لیـم: تەنـوورەی کەسـر، یـان قەدکـراوی کردووەتـە مـۆدی سـەرەکیی جلەکانـی، کـە زیاتـر لـە ڕەنگـی ڕەش و بێجیـدا خـۆی دەبینێتـەوە، مارکـەی چلـۆی: کراسـە درێـژە قەدەکانـی بـە مـۆدی سـەرەکی دانـاوە، کـە هێڵـی ستوونیی قەدکـراو لـە سـەرەوە تـا خـوارەوە لـە کراسـەکانیدا بـەدی دەکرێـت، ناسـك و سەرنجڕاکێشـن و بـۆ دەرچـوون و ئاهەنـگ گونجـاون، مارکـەی ئـەی ئێـل سـی: گرنگیـی بـە کەسری جلەکان داوە، کـە لـە بەشـی ناوەڕاست، یـان سـەرەوەی ڕان تـەواوی جلەکـە بـە کەسـر ڕازاوەتـەوە، ئـەو جـۆرە مۆدەیـە بـۆ گەشـت و دەوام شـیاون، مارکـەی کریسـتیان دیـۆر: کەسـر و قەدەکانـی بەیەکـەوە لـە جلەکانیـدا ئامـادە کـردوون، وەك تێکەڵـی هـەردوو سـتایل لـە یـەك جلدا، ئەوەش لـە کـراس و تەنوورەکاندا بـەدی دەکرێـت و مۆدێکـی شـیك و ناسـك دەر دەچێـت.



# نانی تیریی کوردەواری و نانی باگیتی فەڕەنسی

نانی تیریی کوردەواری کە هەمیشە لە ماڵەکاندا هەیە و، سەرەڕای هەبوونی سەموون و نانی فڕن هێشتا نەبوونی ئەستەمە و نانی خۆمانە بە پێویستییەکی ڕۆژانە دادەنرێت، نانی باگیتی فەڕەنسی هەمان ئەو گرنگییەی لەلای فەڕەنسییەکان هەیە، کە ڕۆژانە ئەو نانە وەك خۆراکێکی سەرەکی دادەنێن، لە کاتێکدا ئەو جۆرە نانە لە سەموون دەچێ، کەچی ئەوان بە نان ناوی دەبەن، کاتێك ئەو جۆرە نانە فەڕەنسییە پارچە دەکەیت دەنگی شکانەکەی لێوە دێت، فەڕەنسییەکان دەڵێن: ئەو جۆرە نانە گۆرانی دەڵێت، بۆیە ناویان لەو دەنگە ناوە ئاوازی نان، مێژووی ئەو نانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ١٤ و ١٥ کە لەو کاتەوە ئەو جۆرە نانە لەو وڵاتە دروست دەکرێت، ساڵانە لە پێشبڕکێی نان و نانەواکاندا هەمیشە لە لوتکە دایە، نرخی ئەو نانە دەگاتە نێوان ٢٠ تا ٣٠ سەنت، یەکێك لە یاساکانی ئەو وڵاتە ئەوەیە کە پێویستە هەموو کاتێك نان هەبێت، نەبوونی نان لە نانەواخانەکان دەبێتە هۆی سزا و سەرپێچی، بەهۆی ئەوەی نان خواردنێکی سەرەکییە و پێویستە هەموو کات فەراهەم بێت.



# نافوورەی ڕیکلام به وێنەی خۆت

نافوورە و ئاوڕێژەکانی سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان، هەم دیکۆرێکە بۆ جوانیی شار، هەمیش بۆ سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران و خەڵك، بەڵام سەیرترین نافوورە ئەوەیە کە شێوەی تەپلێکە بە ناوی (میلینیۆم شیکاگۆ -millennium chicago fountain) لە ویلایەتی شیکاگۆی ئەمریکایە، هەم نافوورەیە و هەمیش دەسووڕێت و دەنگی لێوە دێت و بە جوانترین و سەیرترین نافوورە دادەنرێت، جگە لەوەی سکرینێکی گەورەیە و تیایدا زانیاری و بابەتی هەمەچەشن بڵاو دەکاتەوە، هەر کەسێکیش دەتوانێت وێنەی خۆی وەك ڕێکلامێك بۆ بڵاو بکرێتەوە، تا خەڵك ببینێت، لە ناوەندی سکرینەکەش لە شێوەی نافوورەیەکی بچووك ئاو دەردەچێت.






# نمایشی دریفتی ئوتۆمبێل لە کوردستان

نمایشی دریفت کە نمایشێکی جیهانییە، تیایدا گەنجان و شۆفێران و هەوادارانی دریفت و ئوتۆمبێلە وەرزشەییەکان، چەندین نمایشی جۆراجۆر پێشکەش دەکەن، کە هەندێکیان جێگەی سەرنجی ئامادەبووان و گشت میدیاکارانیش دەبێت، دوا نمایشی دریفت بە بەشداری (٣٥) کەس لەسەر ئاستی هەموو شارەکانی عێراقدا لە شاری سلێمانی ئەنجام درا، لە نمایشەکەدا دوو گەنجی کوردی خوێنگەرم، لە سلێمانی و هەولێر پلەی یەکەم و دوومیان بەدەست هێنا، براوەی یەکەم (حەمە سەردار) لە هەولێر دەربارەی نمایشەکە دەڵێت: ئوتۆمبێلەکەم لە جۆری نیسان Z370 توانای ٣٥٠ هۆرس پاوەری هەیە، بۆ ئەوەی بەشداریی نمایشەکە بکەم، پێویستیم بە چاککردنی ئوتۆمبێلەکەم هەبوو، بۆیە دوای تەعدیلکردنی کردوومەتە ٤٠٠ هۆرس پاوەر، هەروەها هاند برێکی سپۆرتی بۆ کراوە، ٦ پسپۆنە و مەکینەکەی cc3700 وەکو خۆیەتی، نزیکەی ٤٠٠ هۆرس پاوەرە بەبێ سوپەر جارج و تۆربۆ، وەکو بیرۆکەی بەشداریکردنیشم دەمێکە هیوام بوو کارێکی وا بکرێت، دەرگا دەکاتەوە بۆ زۆر شت، بۆیە توانیم هەموو هەوڵم بدەم و پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق بەدەست بهێنم، بۆ کەسی بەشدار بوو تەنیا ناوبانگە و کەسایەتییەکی وەرزشوانییە، بۆ مەبەستی ماددی نییە، کە نمایشەکە وەکو سێرکێکە و بۆ خۆشییە. براوەی دووەم (ئاوا فازل ئەبوبەکەر) لە سلێمانی: پێم ڕاگەیندرا کە نمایشێك هەیە، ئوتۆمبێلەکەم لە جۆری نیسان٢٠٠ ئێس ئێکس مۆدێل ١٩٩٢، بزوێنەری وەن جەی زی لەسەرە کە هێزی ٢٧٠ ئەسپی بوخار دەدات، ئەمەش هێزێکی گونجاوە بۆ نمایشێك (٢١) یاریزانی عێراقی بەشداریان تێدا کردبوو، هەریەکەشیان ٨ بۆ ٩ساڵ ئەزموونیان هەیە، لانی کەم جارێك یان دوو جار پلەی یەکەم و دوومیان بەدەستهێناوە، لە سێ جەولەدا توانیم پلەی دووەم بەدەستبهێنم بە جیاوازییەکی زۆر کەم لەگەڵ پلەی یەکەم.



# بۆ زانیاریت

**گۆڕانکاری لە تەمەنی گەردوون**

تەمەنی گەردوون وا خەمڵێنرا بەپێی توێژینەوەکانی پێشتر ١٣،٨ ملیار ساڵ بێت بە نزیکەیی، بەڵام لە توێژینەوەیەکی نوێی پەیمانگەی «ماکس پلانك» لە وڵاتی ئەڵمانیا دەریخست بە پێی هەژماردنە نوێیەکان تەمەنی گەردون بچوکترە و لەوانەیە ١١،٤ ملیار ساڵ بێت، واتا بە جیاوازی ٢،٣ ملیار ساڵ، زاناکان بۆ ئەم دیاریکردنە نوێیە پشتیان بەستوە بە «یاسای هابڵ» کە ناوەندی فراوانبوونی گەردون بە خێراییەکەی دەردەبڕێت، ئەویش ٨٢،٤ کلیۆمەترە لە چرکەیەکدا، نەك ٧٠ کیلۆمەتر لە چرکەیەك، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین توێژینەوەی دیکە دەست پێ دەکات بۆ دڵنیابوونەوەی زانینی تەمەنی گەردوون بە شێوەیەکی نزیکتر.






## کاریکاتێر

باس لە لەناوبردنی ڤایرۆسەکان دەکات، کە بە هاوکاریی پزیشکان و ڤاکیسنەکان، ساڵی ٢٠٢١ بووە ساڵی مەرگی ڤایرۆسەکان بە گشتی و، کۆرۆنا بە تایبەتی.

## نوکتە

یەکێك دەکەوێتە ناو چاڵێك، ناتوانێت خۆی دەرباز بکات و هاوار دەکات، یارمەتی یارمەتی، یەکێکیش لە سەرەوە پێدەڵێت: سواڵ کردن و ناو چاڵیان نەگوتووە، لەوێ وەرە دەرەوە و لێرە سواڵەکەت بکە!

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگەر لە ژیانی تایبەتیتدا هەر کێشەیەك رویدا، ئەوەی کە تەنیا پێویستە ئەنجامی بدەیت، ئوەیە کە شێوازی رەفتارت بگۆڕیت، مامەڵەیەکی هاورێیانە لەگەڵ کەسانی چواردەورت بکە، ئەمەش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت بەهێز دەکات، لەڕووی پیشەییەوە، دەبێت بە پلان دەست بە ئەنجامدانی کارەکانت بکەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

خۆت لە توڕەیی دوورخەرەوە و فێربە کە چۆن کۆنترۆڵی خۆت و رەفتارەکانت بکەیت، دەنا زیان بە تەندروستیت دەگات و، بەهۆی هەڵەشەییتەوە لەداهاتوودا پەشیمان دەبیتەوە، کارکردن لە ژێر فشاری دەروونیدا رێگری دەکات لەوەی کە ئەنجامێکی باش بدەیت بە دەستەوە و لەکاروکانتدا سەربکەویت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە نێوان ژیانی پیشەیی و ژیانی تایبەتیتدا هاوسەنگی ڕابگرە، بەو جۆرە لایەنی داراییت بەرەو باشی دەڕوات، لە لایەنی پیشەییەوە ئەگەر هەست دەکەیت ئەنجامی کارەکانت بە خواستی تۆ نین، پێویستە پلانەکانت بگۆڕیت، لەلایەنی تەندروستییەوە ئەگەر هەست دەکەیت گرفتێك لە چاوتدا هەیە بە خێرایی سەردانی پزیشك بکە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

خەمی رابردووت نەبێت و بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێ، لە لایەنی تەندروستییەوە رۆژێکی باش نابێت، پێویستە زیاتر بایەخ بە خۆت بدەیت، ئەگەر دەتەوێت دەست بە کارێکی نوێ بکەیت، چانسی سەرکەوتنت زۆرە، پەیوەندیت لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بەرەو بەهێزتر دەچێت، پارێزگاری لەو پەیوەندییە بکە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە چانسی ئەوەت هەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، لە هەوڵەکانت مەوەستە، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەمرۆ رۆژێکی کەمێك سەخت دەبێت، رەنگە ترست لەوە هەبێت کە خۆشەویستەکەت لەدەست بدەیت، بەڵام نیگەران مەبە، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت بە بەهێزی دەمێنێتەوە.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بە وریاییەوە پەیرەوی یاساکان بکە، دەنا دەکەویتە کێشەیەکی گەورەوە کە بە ئاسانی لێی دەرناچیت، لە ژیانی تایبەتیتدا دۆخەکە بەرەو باشی دەڕوات، بەڵام خۆشەویستەکەت نیگەرانی چەند بابەتێکە، لەڕوی داراییەوە هەندێك گۆڕانکاری لە پلانەکانتدا بکە، دواتر هەست بە گۆڕنکارییەکان دەکەیت.



## پەند و وتە

تۆماس کارلایل، مێژوونووس و نووسەر و فەیلەسووفی سکۆتلەندی، لە ساڵی ١٧٩٥ لە شاری ئیکلیفیشان لە بەریتانیا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٨٨١ لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی پێویستی و بەخشین دەڵێت: ئەوەی پێویستمانە، دەبێ بەخشینی زیاتر بەو کەسانە بدەین کە پێویستیانە، نەوەك زەوتی بکەین و کەسانی دیکە بێبەش بن.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا کەسێك هەیە، کە ڕوخساری بە دوو شێوە دەردەکەوێت، هەوڵبدە بزانیت کە چۆن کارەکەی کردووە و کام لای ڕوخسار ڕاست و دروستە.


# فیلم



### ئاسمانی خوێن سوور
### Blood Red Sky

فیلمێکی ئەکشن و شانۆییە، باس لە گرووپێکی تیرۆرستی دەکات، کە لە گەشتێکی فڕۆکەدا دەبن، دواتر لە نیوەشەودا دەست بەسەر فڕۆکەکەدا دەگرن، لە نێو فڕۆکەکەدا ئافرەتێکی نەخۆش و منداڵەکەی لە نێو سەرنشینەکاندا هەن، بۆ خۆڕزگارکردنی خۆی و منداڵەکەی چەندین ڕێگەی سەیر و جۆراوجۆر دەگرێتە بەر، تا خۆیان لە تیرۆرستەکان بپارێزن، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و یەك خولەکە، فیلمەکە لە ئەڵمانیا وێنەی گیراوە، لە نووسینی ستیڤان هۆڵتز و لە دەرهێنانی کریستیان بەیکەر و لە نواندنی (پێری باومیستەر و دۆمینیك پۆرسیل و کەیس سێتی و گراهام مکتاڤیس)ە.

## کچە ناسکەنان



ئەو کچە ناوی (ئەنجەلیکا کینۆڤا)یە، خەڵکی وڵاتی ئۆکرانیایە، شێوەی ئەوەندە ناسك و جوانە لە بووکەشووشە دەچێت، تەمەنی (٢٥) ساڵە و خاوەنی چاوێکی گەش و ڕوخسارێکی ناسکی سپی و پێستی نەرم و نیانە، درێژیی باڵای دەگاتە (١٦٥) سەنتیمەتر و کێشی (٤١) کیلۆگرامە، تەنانەت ناوقەدیشی ناگاتە (٥٠) سەنتیمەتر، بەهۆی ئەو جوانییەوە کاتێك دەچێتە دەرەوە، بێزار دەکرێت و ناتوانێت بە ئاسایی بێت و بچێت، هەر بۆیە تەنیا لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندی بە خەڵکەوە دەکات و هەواداری زۆریشی هەیە، بەهۆی ئەوەی هێندە ناسك و شۆخە بە کچە ناسك و شیکۆڵاتەییەکە دەناسرێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسێکی سادە و ڕووخۆشیت، لەسەر ئەم ڕیتمەی ژیان بەردەوام بە، لەلایەنی کارەوە بە وریایی هەنگاوەکانت بنێ، باشترە هیچ جۆرە کارێك نەکەیت کە خاوەن کارەکەت تووڕە و نیگەران بکات، وا باشترە خۆت لە نزیکی ئەو کەسانە نەهێڵیتەوە کە گومانت لێیان هەیە، لایەنی داراییت بەرەو بەهێزی دەڕوات، تەنیا پێویستت بە کاتە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

سیستمی بەرگریی لەشت بەرەو لاوازی دەڕوات، ئەگەر زیاتر گرنگی بە خواردنی سەوزە و میوە بدەیت، تەندروستیت باش دەبێت، پاڵپشتیی ئەندامانی خێزانەکەت بکە و بە تەنیا بیر لە خۆت مەکەرەوە، هەندێك کات تەنیایی یارمەتیت دەدات تا باشتر پلانەکانت ڕێك بخەیت، بە وردی بیر بکەرەوە ئەنجا بڕیار بدە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەوڵدان بۆ داهاتوو ئەنجامی باشی دەبێت، لەلایەنی داراییەوە خەرجییەکانت زۆرن، کەمیان بکەرەوە، ڕۆژێکی گرنگە بۆ ئەو کەسانەی کە کاریان نییە، چانسی ئەوە هەیە کاری نوێ بدۆزنەوە، لەرووی سۆزدارییەوە کۆتایی بە گرفتەکانی خۆت و خۆشەویستەکەت دێت، بەڵام پێویستە ڕێگا بە دووبارە بوونەوەیان نەدەیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


کەسایەتیت بەهێزە و پارێزگاریی لێی بکە، پێویستە دەربارەی تەندروستیت زیاتر هۆشیار بیت، چونکە کەمتەرخەمی دەتخاتە کێشەیەکی گەورەوە، لەلایەنی سۆزدارییەوە ڕەنگە لەسەر چەند گرفتێکی بچووك ناکۆکی لەگەڵ خۆشەویستەکەت دروست ببێت، بە وریاییەوە کارەکانت ئەنجام بدە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کەسانێکی زۆر زانیاریی هەڵەت پێ دەدەن و دەیانەوێت بە لاڕێتدا ببەن، زیاتر وریابە و ڕاستی و دروستییەکانت جیابکەرەوە، زۆر نیگەران مەبە بۆ کارەکەت، توانای ئەوەت هەیە کە تەواوی گرفتەکان چارەسەر بکەیت، ئەگەر هیچ کەسێك لە ژیانتدا نییە، کەسێکی نوێ دەناسیت و هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کاتێکی خۆش لەگەڵ خێزانەکەت بەسەر دەبەیت، هەر ئەوەندەش نا، لەگەڵ کەسانی گەورەی خێزانەکەت بڕیارێکی گرنگ دەدەیت، وا باشترە گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانیان بگریت، لەلایەن کەسە خۆشەویستەکانتەوە پاڵپشتی دەکرێیت، هەوڵکانیان بێ بەها وەرمەگرە، گرنگی بە خۆت بدە و تەندروستیت بپارێزە.



www.gulan-media.com

AJANSA PARASTINA ASAYIŞA HERÊMA KURDISTANÊ

ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان

**بۆ ئەوەی خۆت و خێزان و وڵاتەکەت پارێزراو بن**

**لە هەستکردن بە هەر شتێکی گوماناوی**

**پەیوەندی بکە بە**

**هێلی ئارامی ئاژانسی پاراستن**

**ژمارە ١٢٣**



Weekly
Gulan October 11, 2021 Issue,No.1288

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626